## ل دهۆکێ تەماحکاری هەیە وبلا هەمیا گوە لێبیت



**رووداو–دهۆک**

ل هەڤدیتنەکا تایبەت دگەل (رووداو)گۆرکیس شلیمۆن جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ل سەر هندەک پرس وئاریشەیێن تایبەت ب دهۆکێ ئاخڤی و گۆت" من هەمی جارا بخوە گوتییە بازرگانێت دهۆکێ وکەرتێ تایبەت گەلەک پشکدار نینن د پێشخستنا کوردستانێ" پارێزگەرێ دهۆکێ هەروەسا گۆت " ل دهۆکێ تەماحکاری هەیەو بلا هەمیا گوە لێبیت"

ل15

## دۆستەکەی رۆنالدۆ پەیوەندی لەگەڵ رامۆس هەبوو



**رووداو– لەندەن**

رۆژنامەی سەنی بەریتانی لەزاری سەرچاوەیەکی نزیک لە یاریزانی بەناوبانگی پۆرتوگالی وینەی مانچستەر لە تێرایدۆ گەلاردۆی کچەکە دۆستەکەی جیابووەتەوە، سەرچاوەکە هۆکاری جیابوونەوەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گەلاردۆ پەیوەندی لەگەڵ یاریزانی ریال مەدرید سێرجیۆ رامۆس هەبووە.

لاپەڕەی وەرزش

## هێشتا نەمدۆزیوەتەوە



**رووداو– هەولێر**

نازداری کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان کە ئێستا بەسەردانێک لەباشوورە، ئەم هەفتەیە، سیدیە نوێیەکەی (هەی دنیایێ) دەخاتە بازاڕەوە. نازدار کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، نزیکەی مانگێک لە کوردستان دەمێنێتەوەو بەشداریی لەچەند پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکاندا دەکات و بەنیازە کۆنسێرتێکیش سازبکات.

لاپەڕەی هونەر


ژمارە (16)

دووشەممە 2008/7/21

31ی پووشپەڕ 2708

(750) دینار

Rûdaw

رووداو

www.rudaw.net

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


# 27 ملیار دینار لەنێوان هەولێرو بەغدا دیار نامێنێ

**تایبەت بە رووداو**

نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری (هیئە دعاوی الملکیە)، وەزارەتی دارایی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی بەسەر 27 ملیارو 660 ملیۆن دیناری ئەو دەستەیەدا گرتووەو بەوهۆیەوە ناتوانن قەرەبووی ئەو کەسانە بکەنەوە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زەرەرمەند بوونە، وەزارەتی داراییش ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەو بڕە پارەیەی پێگەیشتبێت.

پارێزەر دارا حوسێن رواندزی بەڕێوەبەری نووسینگەی ناوبراو لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو سکاڵایانەی تائێستا لای ئەوان تۆمار کراون گەیشتووەتە 16912 سکاڵا کە 1314 سکاڵایان یەکلاکراونەتەوەو 424 خاوەن سکاڵاش بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەرچووە، بەڵام تائێستا حکومەتی کوردستان قەرەبووی هیچ کەسێکی نەکردووەتەوە.

دارا حوسێن گوتیشی "دەستەی گشتی لە بەغدا داوامان لێدەکات ئەو 27 ملیارو 660 ملیۆن دینارەی کە رەوانەی ئێرە کراوە رەوانەی بانکێک بکرێت لە بانکەکانی هەولێر بۆئەوەی حسابی بۆ بکرێتەوە تاوەکو قەرەبووی ئەو خەڵکە بکەینەوە". چونکە وەک گوتی "ئێمە ساڵانە بەشمان هەیە لەوپارەیەی بۆ قەرەبووکردنەوە تەرخان دەکرێت، بەشی ساڵی 2006و 2007 و2008 یشمان هەیە، بەڵام تەنیا بەشی ساڵی 2005 هاتووەو دابەش کراوە، 27ملیارو 660 ملیۆن دیناری بۆ هەولێرو دهۆک رەوانە کراوەو 23 ملیارو 340 ملیۆنیش بۆ سلێمانی رەوانە کراوە، ئەوەی ئێمە رەوانەی وەزارەتی دارایی کراوەو ئەوانیش پارەکەیان وەرگرتووە". بەڵام رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە هیچ بڕە پارەیەک هاتبێت و هیچ نووسراوێک هەبێت لەوبارەوە، گوتیشی "ئەگەر نووسراوێکی رەسمی هەیە حەزدەکەم ئەو نووسراوە بڵاوبکەنەوە".

لەمبارەیەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە 3 بخوێنەوە

## ساڵێکە تەرمی 13 ئەنفالکراوی دهۆک لە پزیشکی دادوەریی هەولێرن...... لاپەڕە 3



د. یاسین کەریم بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری کوردستان لە کاتی شیکاری ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا (فۆتۆ: تایبەت)

## نەخۆشیی شێرپەنجە بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەدەستێنێ

**تایبەت بەرووداو**

بەپێی راپۆرتێکی لیژنەی تەندروستیی پەرلەمان، نەخۆشیی شێرپەنجە لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ 7 ساڵ لەمەوبەر چوار هێندە زیادی کردووە، هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو زیادبوونەش بۆ پیسبوونی ژینگەو خۆراکی خراپ و جۆری ئەو سووتەمەنییەی دەکرێتە ئۆتومبێلەوەو هەروەها بۆ ئەو زبڵ و خاشاکەش دەگەڕێتەوە کە فڕێ دەدرێنە دەرەوەی شارەکان.

بەپێی راپۆرتەکە، شێرپەنجە لەساڵی 2000 بەدواوە بەردەوام رووی لە بەرزبوونەوەیە، لەکاتێکدا لەساڵی 2000 لەپارێزگای سلێمانی 250 — 300 حاڵەتی نەخۆشیی شێرپەنجە هەبووە، لەساڵی 2006دا گەیشتووەتە 782 حاڵەت و لەساڵی 2007دا بووەتە 1067 حاڵەت، لە 4 مانگی سەرەتای 2008یشدا، 283 نەخۆشیی شێرپەنجە لە سلێمانی تۆمارکراوە.

راپۆرتەکە لەبارەی هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە دەڵێت "یەکێک لەهۆکارەکان خواردنی خراپە کە بەبێ کۆنترۆڵ رەوانەی کوردستان دەکرێت". بەڵگەش دێنێتەوە کە پێش چەند مانگێک کۆمپانیایەکی بیانی نموونەی برنجی بازاڕەکانی کوردستانی وەرگرتووە و دەریخستووە کە رێژەیەکی زۆری ماددەی (Aflatoxin)ی تێدایە، کە جۆرە کەرووییەکەو دەبێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر. لەکاتێکدا د.زریان عوسمان وەزیری تەندروستی ئاماژە بە زۆریی جگەرەکێشان و پیسبوونی ژینگە دەکات وەک دوو هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی نەخۆشییەکە، دارا محەممەد وەزیری ژینگە دەڵێت "ئەو سووتەمەنییەی لێرە بۆ ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێ مادەی رەساسی تێدایە، کەمادەیەکی ژەهراوییەو دەبێتە هۆی شێرپەنجە".

لەوبارەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە (8)دا بخوێنەوە.

## 100 هەزار دینار بۆ مووچەی پۆلیس زیاد دەبێ

# پارە لە بانکەکانی کوردستاندا نەماوە

**تایبەت بەرووداو**

بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان رایگەیاند "بەهۆی نەبوونی پارە لەبانکەکانی کوردستان ناتوانین مووچەی زیادکراوی فەرمانبەران بەسەر یەکەوە بدەین"، راشیگەیاند " 100 هەزار دینار بۆ مووچەی پۆلیسی کوردستان زیاد دەبێت".

رەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا وردەکاری زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی بە (رووداو) راگەیاند وگوتی"بۆ زیادەی مووچەی 6 مانگی فەرمانبەران پێویستمان بە 790 ملیار دینارە، بەڵام بەهۆی نەدانی سیویلەی نەقدی لەلایەن حکومەتی ناوەندی و نەبوونی پارەی پاشکەوتکراو لەبانکەکانی کوردستان، ناتوانین ئەو پارە زیاد کراوە بەسەر یەکەوە بدەین، بۆیە بڕیارمانداوە پارەکە قۆناخ بەقۆناخ بدەین". گوتیشی "پارە لەبانکەکانی موسڵ و بەسرەدا هەیە، بەڵام لەبانکەکانی کوردستاندا نییە".

وەزارەتی دارایی بەنووسراوی ژمارە 14695 لە 2008/7/6 داوای سیویلەی نەقدی لەحکومەتی بەغدا کردووە بۆ ئەوەی پارەی زیادکراوی فەرمانبەران بدەن، بەڵام حکومەتی بەغدا داوای زانیاری لێکردوون، ئەوانیش لە 15 ئەم مانگە زانیارییەکەیان بۆ رەوانە کردوون، بەڵام رەشید تاهیر گوتی " تا ئێستا وەڵامیان نییە".

ناوبراو گوتیشی "ئەگەربەغدا هەموو پارەکەمان بەیەکەوە بداتێ، ئێمەش زیادەکە بەیەکجار دەدەین، بەڵام ئەگەر نیوە یان چارەگێکیاندا ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام من گومانم لەوە هەیە کە هەموو پارەکە بەیەکەوە بدەن".

هەروەها رەشید تاهیر رەتیکردەوە ئەو دەرماڵە زیادەیەی لە 6 مانگی رابردوودا دراوەتە فەرمانبەران لێیانوەربگیرێتەوە "ئەو دەرماڵە زیادەی پێشتر دراوەتە فەرمانبەران لێیانوەرناگیرێتەوە".

دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە 9 بخوێنەوە

## فەرماندەیەکی پێشمەرگە، یەکێتی بە شوێنبزرکردنی خزمێکی تاوانبار دەکات

**رووداو– هەولێر**

لەنامەیەکی کراوەدا کە عەتا سەراوی کارگێری فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاراستەی مام جەلال–ی کردووە، دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی بە شوێنبزرکردنی یەکێک لەخزمانی خۆی تۆمەتبار دەکات و هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە لەوکارە بێدەنگ نابێت.

عەتا سەراوی لەو نامەیەدا کە وێنەیەکی گەیشتووەتە (رووداو) باس لەوەدەکات کە (قادر سالح عەبدوڵلا) ناسراو بە قادر زیرەک ئێوارەی رۆژی 17/ 2/2006 لەشارۆچکەی سەیدسادق لەکاتی نوێژی عیشادا بە ئۆتومبێلێکی جام تاریک براوەو لەوکاتەوە کە دووساڵ زیاترە، هیچ شوێنەوارێکی نییەو هیچ دەزگایەکی یەکێتی و حکومەت لەبارەی بزربوونیەوە هەواڵێکیان نەداوە بەکەسوکاری. وەک نامەکە دەڵێت قادر ساڵح لەساڵی 1979وە لەپێشمەرگایەتی دانەبڕاوەو دەشڵێت "ئەوە مەنتیق نییە، کەسێکی ناسراوو تێکۆشەر لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا ون بێت و پێشمەرگە بێت و کەس خۆی بەخاوەنی نەکات".

عەتا سەراوی لەبەشێکی ئەو نامەیەدا دەڵێت "خەڵکی ناوچەکە بە کەسوکاریشیەوە باوەڕیان وایە کە لای دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتییە، بۆیە بەندە داوا لەبەڕێزتان دەکات کە ئەمر بفەرموون بەدەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی لەچارەنووسی قادر زیرەک ئێمەو کەسوکاری دڵنیا بکەنەوە".

عەتا سەراوی هەڕەشە دەکات کە خۆی و خزمانی لەوکارە بێدەنگ نابن و دەشڵێت "لای خۆمەوە لەسەر ئەم کێشەیە دەڕۆم تا ئەنجامدەرانی دەدۆزمەوە".

## تورکیا بانگهێشتی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات

**رووداو– ئەنقەرە**

نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەئەنقەرە رایگەیاند بەم نزیکانە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی تورکیا لەبەغدا دادەنیشن و گوتیشی "چاوەڕوان دەکرێت سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە داوەت بکرێت".

بەهرۆزگەلاڵی، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەئەنقەرە لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ئەوە دەکرێ پەیوەندییەکانی پارتی و تورکیا بەرەو پێش بچێت و گوتی "وابڕیارە بەم نزیکانە شاندێکی پارتی لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی تورکیا لەبەغدا کۆببنەوە و چاوەڕوان دەکرێ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتە داوەت بکرێت".

گەلاڵی بەبێ ئەوە ناوی ئەو ناوەندانە ئاشکرا بکات گوتی "پێشتر هەندێک ناوەند هەبوون لەتورکیا رازی نەدەبوون تورکیا لەگەڵ کوردستان پەیوەندی ببەستێت، بەڵام ئێستا ئەوان لەگرنگی بوونی ئەو پەیوەندییە تێگەیشتوون، هەروەها حکوومەتی ئەردۆغانیش سوورە لەسەر ئەو پەیوەندییانە".

گوتیشی "تورکیا لەوە گەیشتووە کە دەبێ لەچوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دان بەواقعی هەرێمی کوردستاندا بنێت و راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵی دروست بکات".

لەسەر دانپێدانەنانی فەرمی تورکیاش بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی دەستەواژەی "ئیدارەی باکووری عێراق" گەلاڵی گوتی "ئەوە پێویستی بە کات هەیە چونکە تورکیا وڵاتێکە چەندین هێزی سیاسی و ناوەندی بڕیاری تێدایەو لەوانەیە لەئێستادا تۆزێک زەحمەت بێت".

# هەواڵ



**ئەنفال به جینۆسایدبناسن**

ڕووداو-هۆڵەندا

◆ ریک مێیەری پەرلەمانتاری ئەوروپایی لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا، داوای لە پەرلەمانی ئەوروپا کرد کە جینۆسایدی کورد بە فەرمی بناسێ و لەکاتی باسکردنی ڕەشەکوژییەکانی ئەنفال و کارەساتەکانی تر، جگە لە دەستەواژەی جینۆساید، هیچ دەستەواژەیەکی تر بەکارنەهێنێ. مێیەر لە داواکەیدا دەڵێت:" داوا دەکەم لێکۆڵینەوەیەکی نێونەتەوەیی لە بارەی دەرەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ساخلەمییەکانی ڕەشەکوژیی سەر کوردەکان بکرێت."

## بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری
# تاڵەبانی دەچێتە ئەمەریکا



**ڕووداو - سلێمانی**

سەرچاوەیەکی نزیک لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، ئاشکرایکرد کە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا تاڵەبانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی قاچی سەردانی ئەمەریکا دەکات و نەشتەرگەری بۆ دەکرێت.

سەرچاوەکە بەتایبەت بە ڕووداوی ڕاگەیاند "نەشتەرگەرییەکە هەر دەبێت بکرێت و ماوەی زیاتر لە مانگێک مام جەلال لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدا بمێنێتەوە."

گوتیشی"دەبووایە لە سەردانەکەی پێشوودا نەشتەرگەری بۆ قاچی بکردایە، چونکە پزیشکەکانی پێیان وتوە کە تەنها چارەسەر نەشتەرگەرییە، بەڵام مام جەلال خۆی نەیوستووە بەتایبەت کاتێک زانی ماوەیەکی زۆر دەبێت لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە".

بەپێی زانیارییەکان لە سەردانەکەی پێشووی تاڵەبانی بۆ ئەمەریکا بۆ مەبەستی پشکنینی تەندروستی، ئامادەکاری تەواوکراوی بۆ کراوە کە نەشتەرگەری قاچی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئازارێک لە ئەژنۆیدایە، بەڵام تاڵەبانی خۆی لەبەر نەبوونی کات و زۆری ئیشوکارەکانی ڕازینەبووە.

هەروەها سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد "مام جەلال لەو ماوەیەدا هیوای وابوو کە لەڕێگەی دەرزییەوە چارەسەری نەخۆشیەکەی بۆ بکرێت، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە ئێستا تەواو نیگەرانی کردووەوە و تەنها چارەسەریش هەر نەشتەرگەری دەبێت."

بەپێی زانیارییەکان لە سەرەتای مانگی ئابدا تاڵەبانی سەردانی ئەمەریکا دەکات، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕانەگەیانراوە و بڕیاریشە تا کاتی سەفەرەکەی ڕانەگەیەنرێت.

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی، ساڵی 2007 بەهۆی نەخۆشی دڵەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەلەکی لە عەمانی پایتەختی ئوردن کراو چەند ڕۆژێک لەژێر چاودێری پزیشکدا مایەوە.

# دەرماڵەی مەترسی کارمەندانی تەندروستی ناگرێتەوە
## ڕووداو وردەکاری خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی، لە سەرەتای مانگی حەوتەوە دەرماڵەی مەترسی تەنها بۆبەشێک لە فەرمانبەران خەرجدەکرێت بەڕێژەی 20% و خەرجکردنی ئەم دەرماڵەیەش کارمەندانی تەندروستی ناگرێتەوە.

بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە 24 لە نووسراوی ژمارە15007 کە لە 2008/7/9 دەرچووەو و ئاراستەی سەرجەم وەزارەت و دەزگاکانی حکومەت کراوە، ئەوەی تێدا خراوەتەڕوو کە "پاڵپشت بە ماددەی 12 لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی عێراقی فیدراڵ ژمارە 22ی ساڵی 2008، برگەی شەشەم لە ڕێنمایی دارایی کوردستان ژمارە 21 تایبەت بە بەخشینی دەرماڵەی پیشەیی، بڕیار دراوە دەرماڵەی مەترسییان بۆ خەرجبکرێ بەرێژەی 20%ی مووچە "

بەپێی بڕیارەکە ئەو بەشانەی فەرمانبەران دەرماڵەکە دەیانگرێتەوە "شوفێری ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانی، بەمەرجێک ناونیشانی شوفێر بێ و ئۆتۆمبیلی لە ئەستۆ بێ، بۆ هەموو پۆستەبەران و پۆستەچیان، کارپێکەرانی مۆلیدەی کارەبا و ترۆمپای ئاو، ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر ئامێری بیرهەڵکەندن کار دەکەن، ئەو پاسەوانانەش کەبەپێی ڕێنمایی دارایی دامەزراون، ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر هێڵی تەوژمی کارەبا کاردەکەن، ئەو فەرمانبەرە تەکنیکیانەی کە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لە پاڵاوگە و کێڵگە نەوتییەکاندا کار دەکەن".

# 23 هاووڵاتیێن کورد دنێڤبەرا سنووریٚ تورکیا و یونانیٚ بوونە قوربانی

**سامان سندی**
**ڕووداو- ئیبراهیم خەلیل**

باژاریٚ ئیستامبولیٚ ل تورکیا بوویە دەروازەیەک ل هەمبەری وان کە سێن کوچ دکەنە وەلاتێن ڕۆژئاڤا و ڕوژانە ژی بدەهان هاولاتیێن کورد بریێن نە یاسایێ سنوریٚ دەولەتا تورکیایێ د بە زینن و د چنە وەلاتێن ئوروپایێ، لروژا 2008/7/15 بیست و سێ هاولاتیێن کورد یێن هەرێما کوردستانێ دنێڤا ترۆمبێلەکێ دابوون و دخواستن ژ باژاریٚ ئیستامبولیٚ بەرەو وەلاتێ یونانیٚ بچن، لێ بەریا ئە و بکەڤنە نێڤ ئاخا یونانیٚ ترومبێلا وان ڕاستی هنگافتنە کێ هات و د ئەنجام دا هەر 23 هاولاتیێن کورد بوونە قوربانی.

لدور ڤێ بویەراهان ڕێڤەبەریٚ ئاسایشا کومەلگەها ئیبراهیم خەلیل یا سنوری عبدالوهاب محەممەد د داخویانیە کێ دا بۆ ڕووداو گوت، ئاسایشا دەولەتا تورکیایێ ل ڕۆژا 2008/7/15 بیست و سێ هاولاتیێن کورد یێن هەرسێ پارێزگە هێن هەرێما کوردستانێ ڕادەستی مەکرن کو چار ژوانا ژی گیانێ خوە ژدەست دابوون و چاردەییێن دن ژی بریندار ببون و یەک ژی نەهاتیە ڤەگەراندن ژبەر کو برینا وی پر دژوارە و ئە و لباژاریٚ ئیستامبولێ مایە ژبوی کو بهێت چارەسەرکرن و ئەوژی هاولاتیەکێ باژاریٚ سلێمانیێ یە.

دەربارەی وان چار کەسێن گیانێ خوە ژ دەست داینە ئەو ئاکنجیێن باژارکێ کەلاریٚ بوون و تەرمێ وان ژی هاتنە ڤەگوهاستن بوو کەسوکاریٚ وان وییێن بریندار ژی د ئەینی ڕوژێ دا هاتنە ئازادکرن و ئە وژی ڕۆنشتڤانێن باژاریٚن زاخۆ و دهوکێ و هەولێر و سلێمانیێ بوون.

جهێ ئیمازە پێ کرنێە کو بەریا هەیڤەکێ یە دوو ژ هاولاتیێن باژاریٚ زاخۆ دنێڤا کامیونەکە گرتیدا بوون و دەما ژ ئەسینایا پایتەختێ یونانیٚ بەر ب باژاریٚ میلانو یا ئیتالی دچون ئە و دنێڤا وێ کامیونێدا فەتسین و وان ژی گیانێ خوە ژ دەست دابوون.

## لەبەر هەژاری
# دوو باوک منداڵەکانیان دەکوژن

**ڕووداو-کرماشان**

لەشاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوکێک دوای لەدایکبوونی منداڵەکەیان دەستی لەبیناقاقای منداڵەکەی ناو خنکاندی، هەروەها باوکێکی دیکەش لەبەر هەژاری کچە 8 ساڵانەکەی خۆی بەچەقۆ سەربڕی.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەکرماشان دەست پەیامنێری (ڕووداو) کەوتوون، باوکێک لەگوندی گەیلانی ڕۆژئاوای کرماشان، دوای ئەوەی لەخێزانەکەی جیابووەتەوە، ماوەیەک لەگەڵ کچە 7 ساڵانەکەی ژیاوە، بەڵام بەهۆی سەختی ژیانیان چیتر نەیتوانیوە کچەکەی بەخێو بکات و بەچەقۆ سەر ی بڕیوەو دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار سەری خۆی هەڵگرتووە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی شەهیدانی کرماشان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندووە، کە دایک و باوکێک دوای ئەوەی لەنەخۆشخانە منداڵێکیان بووە، باوکەکە منداڵەکەی خنکاندووە و بەگریانەوە گوتوویەتی "ئێمە خوازیاری منداڵ نەبووین و ناشتوانین منداڵ بەخێو بکەین، ناتوانین چیتر شاهێدی برسێتی ئەو منداڵە بین، بۆیە بەپێچەوانەی مەیلی خۆم دەستم داوەتە ئەو کارە".

# لە شنگار هیچ عەرەبێکی هاوردە ناوی خۆی بۆ قەرەبووکردنەوە تۆمار نەکردووە

**تایبەت بەڕووداو**

لەئۆفیسی شنگاری مادەی 140ی دەستوور، 6 کەس 2جار فۆرمی قەرەبوو کردنەوە وەردەگرن و دوای ئاشکرا بوونیان دەدرێنە دادگا و تا ئێستاش هیچ هاوردەیەکی شەنگار ناوی خۆی بۆ قەرەبوو کردنەوە تۆمار نەکردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە ئۆفیسی مادەی 140 لە شنگار 6 کەسی ڕاگوێزراو دووجار ناوی خۆیان تۆمار کردووە بەمەبەستی وەرگرتنی چەکی قەرەبوو کردنەوە، بەڵام دواتر ئاشکرا دەبن و دەدرێنە دادگا.

سەرچاوەیەک لەوەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو 6 کەسە کاتی خۆی دووجار داوای قەرەبووکردنەوەیان کردبوو، بەڵام دوای وردبینی لەلایەن ئۆفیسەوە و بەگوێرەی داتای چەکەکان ئەو ساختەیە ئاشکرا بوو و چەکەکان بەتاڵکران".

سەرچاوەکە ڕوونیشیکردەوە چەندین حاڵەتی ساختە ڕوویداوە، بەڵام ئەو ساختەکارییانە بەهۆی تۆماری سەرژمێری 1957ی دانیشتووانی عێراق ئاشکرا بووە.

تاوەکو ئێستا 8936 کەسی ڕاگوێزراو بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوە ناویان لەئۆفیسی 140ی شنگار تۆمار کراوە، بەڵام هیچ هاوردەیەکی شنگار ناوی خۆی تۆمار نەکردووە بۆ قەرەبوو کردنەوە.

## لە ماوەی دوو ساڵدا
# 2000 هاووڵاتی ئێزدی کۆچیان کردووە



**ڕووداو- حەیات**

ڕێکخەری کاروبارەکانی ڕێکخراوی یەکگرتووی برایەتی و هاریکاریی ئێزدی هۆشداریی دا کە کۆچی ئێزدییەکان لەماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا بەخێرایی ڕووی لەپەرەسەندن کردووەو ڕێژەی کۆچی ئێزدییەکانی لە ڕۆژێکدا بە 8-10 کەس مەزەندە کرد.

غەسان سالم ڕێکخەری کاروبارەکانی ئەو ڕێکخراوە کە چالاکڤانێکی بواری مافی ئێزدیەکانە لەپارێزگای موسڵ، لەوبارەوە ڕایگەیاند کە بێکاری و گوشارو هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان لەپشت بەگوڕبوونی ئەو کۆچەوەیەو گوتی "هەڕەشەی بەردەوامی ئەو گرووپانە ڕێگەنادات ئێزدییەکانی دەوروبەری شاری موسڵ درێژە بەکارەکانیان بدەن و دەوامی فەرمانگەکانیان بکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر باری بژێوییان داناوەو کەڵکەڵەی کۆچکردنی خستووەتە مێشکی بەشێکی زۆریانەوە".

غەسان سالم ئاماژەی بەوەکرد کە کۆچی ئێزدییەکان لەدوای ڕووداوی گوللەبارانکردنی 24 کرێکاری ئێزدییەوە لەوکاتەی دەیانویست بچنە سەرکاری خۆیان، بەتەواوی پەرەی سەند.

بەگوێرەی ئاماری ئەو ڕێکخراوە، لەکۆتایی ساڵی 2006ەوە پتر لە دووهەزار ئێزدیی دانیشتووی شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بەرەو دەرەوەی عێراق کۆچیان کردووە، ئەوە سەرباری سەدان قوتابی دیکەی ئێزدی کە زانکۆو پەیمانگاکانی موسڵیان جێهێشتووەو بۆ خوێندن ڕوویان لە هەولێرو دهۆک کردووە. وەک غەسان سالم ڕایگەیاند، ڕۆژانە لەنێوان 8-10 هاووڵاتی ئێزدی بەرەو دەرەوەی عێراق کۆچ دەکەن.

## لەناو سلێمانی
# ئەنسارولئیسلام تەقە لەبەرپرسێکی باڵای پێشمەرگە دەکات

**ڕووداو-سلێمانی**

چەند چەکدارێکی نەناسراو بەناوی ئەنسارولئیسلامەوە لەگەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی تەقە لەعەمید عەتا سەراوی، کارگێڕی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن و دواتریش بەتەلەفۆن هەڕەشەی لێدەکەن

عەمید عەتا سەراوی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکاتی گەڕانەوەم لەدەرەوەی شار بۆ ناو سلێمانی ئۆتۆمبیلێک کە سێ چەکداری تێدابوو ڕووبەڕوومان هاتن و دەستڕێژێکی گوللەیان لێکردین، بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە".

لەبارەی ناسنامەی ئەوانەی تەقەیان لێکردووە سەراوی گوتی "کاتژمێر 3 شەو کەسێک تەلەفۆنی بۆکردم پێیگوتم ناوم فەرەیدون شارەزوورییە لەبەریتانیاوە قسەت لەگەڵدەکەم، ئەمجارەش لەدەستمان دەربازبوویت، بەڵام جارێکی دیکە لەدەستمان دەرباز نابیت، دواتریش قسەی ناشیرینی بەدەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی کرد وگوتی: من ئامۆزای بێستونە کوێری ئەنسارم و بەناوی ئەنسارەوە تۆڵەی بێستوونت لێدەکەینەوە".

هەروەها عەتا گوتی "تەلەفۆنیان بۆ پێشڕەوی کوڕم کردبوو گوتبوویان باوکت پیاوکوژەو هەردووکتان دەکوژین".

سەبارەت بەئاگادارکردنەوەی دەزگا ئەمنییەکانیش عەتا سەراوی گوتی "ئیعتماد لەسەر خۆم دەکەم بۆپاراستنم بۆیە دەزگا ئەمنییەکانم لەو ڕووداوە ئاگادار نەکردووەتەوە"

(ڕووداو) پەیوەندیکرد بەعەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، بەڵام ناوبراو بێ ئاگایی خۆی لەڕووداوەکە ڕاگەیاند.

# فایلی 7000 زیندانی سیاسی دەهێندرێتەوە کوردستان

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

7 هەزار فایلی زیندانی سیاسی کوردستان، کە لەبەغدا دەستی چەند میلیشیایەک کەوتبوون، لەبەرامبەر بڕێک پارە لەو میلیشیایانە وەردەگیرێتەوەو لەڕێگەی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان دەهێندرێتەوە کوردستان.

نەجمەدین حەمەسەعید، لەبەڕێوەبەرایەتی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند 10ی ئەم مانگە یەکەم وەجبەی ئەو فایلانە کە 7 هەزار فایل بوو هێنرانەوە کوردستان و پرۆسەی هێنانەوەی فایلەکانیش بەردەوام دەبێت". ناوبراو لەبارەی سەرچاوەی ئەو فایلانەوە گوتی " ئەو فایلانە لای ڕێکخراوەکانی زیندانی سیاسی سەر بەمیلیشیاکان بوون".

سەبارەت بەپێدانی بڕێک پارەش بەو ملیشیایانە نەجمەدین گوتی "پێدانی پارە وەک مامەڵەی کڕین و فرۆشتن نەبووە، بەڵکو ئەوانەی فایلەکانیان دەست کەوتووە بەجیاکردنەوەی فایلەکان ماندوو بوونە، لەبەرامبەردا بەبڕە پارەیەک هاوکاری کراون".

نەجمەدین حەمە سەعید لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "لەڕێگای هێنانەوەی ئەم فایلانە دەتوانین ریزەکانی زیندانیانی سیاسی بەپاکی بهێڵینەوە بۆ ئەوەی خەلکێک نەتوانن خۆیان بەزیندانی سیاسی ناونووس بکەن کە ڕەنگە هەندێکیان لەسەر تاوانی دیکە گیرابن".

## ڕوونکردنەوە

### مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەک مووچەی بەغدا دەبێت

لەژمارە (15)ی ڕۆژنامەی ڕوداوی ڕۆژی 2008/7/14 لەلاپەڕەی (2)دا هەواڵێک لەژێر ناوی (تەنیا موچەی پاسەوانی بەرپرسەکان زیادکراوە) بڵاوکراوەتەوە وەک وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بخەینە بەرچاوی خوێنەران:

سەبارەت بەچاککردنی و زیادکردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری کۆبونەوەیەکی هاوبەشیدا لەنێوان وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بەئامادەبوونی وەزیرەکانی ئەو چوار وەزارەتە.

دوای ئەوەی ئەم کۆبوونەیە ئەنجامدرا پێشنیازێک گەڵاڵەکرا کە مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هاوتابکرێت وەک مووچەی هێزەکانی ناوخۆی عێراق کە ئەو مووچەیە پێکدێت لەمووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی ترسناکی و دەرماڵەی پایە، هەروەها سەبارەت بەمووچەی پاسەوانی تایبەت، پێشنیازکراوە کە مووچەی بنەڕەتیان وەک مووچەی بەغدای لێبێت و بڕی (100.000) سەد هەزار دیناریش دەرماڵەکەیان بۆ زیادبکرێت بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو پارسەنگەیە کە پێشتر ساڵی ڕابردوو هێزەکانی ناوخۆ بڕی (100.000) سەد هەزار دینار زیادکردبوو، ئەم زیادکردنە پاسەوانی نەگرتەوە بۆیە بەپێویستمانزانی ئەم ڕوونکردنەوە کورتە بخەینە بەرچاوی خوێنەران تا ڕاستیەکان ئاوەژوو نەکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا..

**موقەدەم**
**سەرکەوت عومەر ئەحمەد**
**سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوخۆ**
**سلێمانی**
**2008/7/16**

---

### ڕوونکردنەوەیەک لە زانا ڕوستایی

لە ژمارە 15 ی (ڕووداو) دا لێدوانیکی هەڵە بەناوی منەوە بڵاو کراوەتەوە کە تەنها بەشی یەکەمی قسەکان من کردوومە (کە بڕی پارەی قەرەبووەکەی خورماڵ یەک ملیار و نیوە) و نەمووتوە جێبەجێ بووە و باسی ئەوەم نەکردووە کە یەکێتی نەیهێشتووە بارەگای ناوچە بکەینەوە دەقی قسەکانیش لە ناو مۆبایلی خۆم تۆمارە و نازانم لە کام نەریتی ڕۆژنامەنووسی هەیە قسەیەک بەناوی من بکرێت کە نەم کردووە جا داواکارم ئەو ڕاستکردنەوەم بۆ بڵاوبکەنەوە لە ژمارەی داهاتوو کە مافی خۆمە و بە پێچەوانەوە من هاوکاریم ڕادەگرم لەگەڵ ڕۆژنامەکەتان.

**زانا ڕۆستایی**
**ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەلی ئیسلامی**
**2008/7/15**

"ئێمە دەنگی بەڕێز زانا ڕوستاییمان لەلایەو باسی ئەوە دەکات کە "یەکێتی ڕێگە بەکردنەوەی ناوچەیەکی کۆمەڵیش نادات"، لە هەواڵەکەدا تەنها بە هۆی هەڵەیەکەوە باسی جێبەجێبوونی قەرەبووکردنەوەکە کراوەو وەک لە ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز زانا ڕوستاییدا دەردەکەوێ دیارە هێشتا قەرەبووکەیان وەرنەگرتووە"

**ڕووداو**

ریپۆرتاژ



## باباجان: بەدووری نازانم بەڕێوەبەرایێتی باکووری عێراق شەڕی PKK بکەن

رووداو - قەبەس

◆ وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا گفتوگۆ بەردەوامە بۆ نەهێشتنی بنکەکانی PKK، عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتی "ئێمە ئێستا لە گفتوگۆداین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کورد لە باکووری عێراق بۆ دژایەتیکردنی PKK و بە بەراورد لەگەڵ پێشتر پێشکەوتنێک لە پەیوەندییەکان وەدی هاتووە، ئەگەری ئەوەش بەدوور نازانم کە بەڕێوەبەرایەتی باکوور شانبەشانی تورکیا شەڕی PKK بکەن".

# 27 ملیارو 660 ملیۆن دیناری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری لەنێوان هەولێر و بەغدا ون دەبێت



نووسراوەکانی وەزارەتی دارایی عێراق کە باس لە ناردنی پارەکە دەکەن بۆ نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری

**رووداو- هەولێر**

نووسینگەی هەولێری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری (هيئة دعاوى الملكية)، وەزارەتی دارایی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی بەسەر 27 ملیارو 660 ملیۆن دیناری ئەو دەستەیەدا گرتووە و بەو هۆیەوە ناتوانن قەرەبووی ئەو کەسانە بکەنەوە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زەرەرمەند بوونە، وەزارەتی داراییش ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەو بڕە پارەیەی پێگەیشتبێت.

لەسەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA، پۆڵ بریمەر، حاکمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بڕیاریدا بە قەرەبۆکردنەوەی ئەو هاوڵاتییانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعس زیانمەندبوون و لەجێگەی خۆیان راگوێزران، یان زەوییەکانیان داگیر کراوە، هەر بۆ ئەو دەستەیەک بەناوی (دەستەی موڵکداری سکاڵانامەی عێراقی) دامەزرا.

پارێزەر دارا حوسێن رواندزی، بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری دەستەی ناوبراو لەو بارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو سکاڵایانەی تائێستا لای ئەوان تۆمار کراون گەیشتووەتە 16912 سکاڵا کە 1314 سکاڵایان یەکلاکراونەتەوەو 424 خاوەن سکاڵاش بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەرچووە، بەڵام تائێستا حکومەتی کوردستان قەرەبووی هیچ کەسێکی نەکردووەتەوە.

دارا حوسێن گوتیشی "دەستەی گشتی لە بەغدا داوامان لێدەکات ئەو 27 ملیار و 660 ملیۆن دینارەی کە رەوانەی ئێرە کراوە رەوانەی بانکێک بکرێت لە بانکەکانی هەولێر بۆئەوەی حسابی بۆ بکرێتەوە تاوەکو قەرەبووی ئەو خەڵکە بکەینەوە". چونکە وەک گوتی "ئێمە ساڵانە بەشمان هەیە لەو پارەیەی بۆ قەرەبووکردنەوە تەرخان دەکرێت، بەشی ساڵی 2006و 2007 و2008 یشمان هەیە، بەڵام تەنیا بەشی ساڵی 2005 هاتووەو دابەش کراوە، 27ملیارو 660 ملیۆن دیناری بۆ هەولێرو دهۆک رەوانە کراوەو 23 ملیارو 340 ملیۆنیش بۆ سلێمانی رەوانە کراوە، ئەوەی ئێمە رەوانەی وەزارەتی دارایی کراوەو ئەوانیش پارەکەیان وەرگرتووە".

رەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە هیچ بڕە پارەیەک هاتبێت و هیچ نووسراوێک هەبێت لەو بارەوە، گوتیشی "ئەگەر نووسراوێکی رەسمی هەیە حەزدەکەم ئەو نووسراوە بڵاو بکەنەوە".

دارا حوسێن هەر لەدرێژەی ئەو لێدوانەیدا گوتی "زۆر داوامان لەوەزارەتی دارایی کردووە تا ئێستا وەڵامیان نییە و ناڕاستەوخۆ پێیانگوتووین کە ئەو پارەیە نەماوە، کە نەشماوە نازانین چۆن نەماوەو چی بەسەر هاتووە، ناشبێ نەمێنێت، چونکە ئەوە پارەی دەستەکەیە".

وەک ئەو گوتی، ئەو پارەیەی دیار نەماوە تەنیا بەشی هەولێرە، ئەگەرنا لەسلێمانی پێش مانگێک حسابیان لەبانک بۆ ئەو دەستەیە کردووەتەوە بۆئەوەی پارەکە خەرج بکەن، پێش ماوەیەکلەکەرکووکیش پرۆسەی قەرەبووکردنەوە دەستیپێکرد".

بەگوێرەی چەند نووسراوێک کە وێنەیان لای (رووداو) هەیە، سەرۆکایەتی دەستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری لە 2008/3/5 نووسراوێکی بەژمارە 3920 بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە لەهەولێرو داوای لێدەکات حسابێک لەبانک بۆ ئەو پارە تەحویلکراوە بکەنەوەو قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکەنەوە.

وەزارەتی دارایی عێراق بەدوو نووسراو کە یەکەمیان ژمارەکەی 10653یەو بەرواری 2005/8/4ی لەسەرەو ئاراستەی بانکی ناوەندیی عێراقی کراوە، بەئاماژەکردن بە دوو نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کوردستان لە 2005/7/25و 2005/8/2 داوا دەکات بڕی 55 ملیارو 516 ملیۆن دینار بخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری کوردستان کە بڕی 27 ملیارو 660 ملیۆنیان تایبەتە بە دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری. نووسراوی دووەمیش بەژمارە 8899 لە 2005/7/3 لەسەر داوای فەرمانگەی بودجە داوا دەکات بڕی 10 ملیار دینار بخرێتە حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری کوردستان و تەئکیدیش دەکاتەوە کە ئەو پارەیە بەشی کوردستانە لە دەستەی سکاڵای موڵکداری.

لەنووسراوێکی دیکەی فەرمانگەی بودجەشدا کە بەرواری 2005/6/30ی لەسەرە، بەئاماژە بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، فەرمان دراوە کە بڕی 27 ملیارو 660 ملیۆن دینار لەوپارەیەی بۆ دەستەی سکاڵانامەی موڵکیەت تەرخان کراوەو بەشی هەرێمی کوردستانە لەرێژەی 17% رەوانەی حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری کوردستان بکرێت.

### بەهۆی تەرخاننەکردنی زەوی

# ساڵێکە تەرمی 13 ئەنفالکراوی دهۆک لە پزیشکی دادوەریی هەولێرن

■ گۆران شێخ مستەفا بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان " داوامان لەپارێزگاری دهۆک کرد زەوییەک تەرخانبکەن بۆ گۆڕستانی ئەو شەهیدانە، بەڵام بەهۆی تەرخاننەکردنی زەوی تائێستا تەرمەکان لێرە ماونەتەوە"

■ عیزەت محەممەد بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دهۆک "دیزاینی گۆڕستانەکە تەواوبووەو بۆ هێنانەوەی تەرمەکان لەگەڵ وەزارەت هەماهەنگی دەکەین"

**رووداو – هەولێر**

روفاتی 13 ئەنفالکراوی ناوچەی دهۆک کە نزیکەی چوارساڵ لەمەوبەرلەگەڵ روفاتی سەدان ئەنفالکراوی دیکەدا لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی حەزەرو سەماوە دەرهێنراون، زیاتر لەساڵێکە بەهۆی تەرخاننەکردنی زەوی بۆ بەخاکسپاردنیان لەپزیشکی دادوەریی هەولێر دانراون و بەرپرسانی دهۆک دوای چەندینجار ئاگادارکردنەوە تا ئێستا تەرمەکانیان نەبردووەتەوە.

پاش رووخانی رژێمی بەعس، 276 گۆڕی بەکۆمەڵ لەناوچە جیاجیاکانی عێراق بەهۆی ئامێری GPS دۆزرانەوە کە بەشێکی زۆریان هی قوربانیانی ئەنفالن.

د.یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگای دادپزیشکی لەهەولێر، لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسانەی لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدان گوتی "بەهۆی شایەتەکان و دۆکیۆمێنت و جلوبەرگی ناو گۆڕەکانەوە دەرکەوت کە زۆربەیان کوردن".

بەپێی ئەو ئامارانەی لە پەیمانگای دادپزیشکی دەست (رووداو) کەوتووە، جگە لە روفاتی 512 ئەنفالکراوی بارزانی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2005 لەبیابانی سەماوە دۆزرانەوە، تا ئێستا 374 کەسی دۆڵی جافایەتی، 13 کەسی خەڵکی ناوچەی دهۆک، 33 کەسی گوندی سپاندەرە، 14 کەسی خەڵکی چوارقورنە، 36 کەسی خانەقینی، لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە هێنراونەتە دەرەوەو جگە لە 13 تەرمەکەی دهۆک سەرجەمیان لە رێوڕەسمی تایبەتیدا بەخاک سپێردراون.

ساڵی 2004 پاش پشکنینی پزیشکی بۆ ئێسک و پروسکی ئەو ئەنفالکراوانەو پێشکەشکردنیان وەک بەڵگەیەک لەدادگای باڵای تاوانەکان، لەمانگی نیسانی 2007دا روفاتی ئەو قوربانیانە گەیشتنەوە هەولێرو لە دادپزیشکی هەولێر دانران، دواتر جگە لە 13 رووفاتەکەی شاری دهۆک، لەرێورەسمێکدا سەرجەم تەرمەکان لە 2008/1/14 لەزێدی خۆیان دووبارە ئەسپەردەی خاک کران.

د.یاسین بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری لەهەولێر هۆکاری مانەوەی ئەو 13 تەرمەی بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتێک گەڕاندەوە لەشاری دهۆک کەوا بڕیارە لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان



روفاتی ئەنفالکراوەکان لە پزیشکی دادوەری هەولێر

دروستبکرێ، بەڵام وەزارەتی ناوبراو هۆکاری مانەوەی تەرمەکانی بۆ دابیننەکردنی زەوی لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە گەڕاندەوە.

گۆران شێخ مستەفا بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "لەکاتی بردنەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان بۆ دوکان، داوامان لەپارێزگاری دهۆکیش کرد کە زەوییەک تەرخانبکەن بۆ گۆڕستانی ئەو شەهیدانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زەوییەکە درەنگ تەرخان کرا تائێستا تەرمەکان لێرە ماونەتەوە".

عیزەتمحەممەدبەڕێوەبەریبەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دهۆک، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند" پاش گەیشتنی نامەی وەزارەتی شەهیدان بۆ پارێزگا، لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بۆ ئەو مەبەستە پێکهات و پاش تەواوبوونی کاری لیژنەکە پارچەیەک زەوی بە رووبەری 24 هەزار مەتر دووجا بۆ ناشتنی تەرمی قوربانیان تەرخان کرا" گوتیشی "دیزاینی گۆڕستانەکە تەواوبووەو لەگەڵ وەزارەت بۆ هێنانەوەی تەرمەکان هەماهەنگی دەکەین".

وەزارەتی شەهیدان بۆئەوەی گۆڕی قوربانییەکان پەرش و بڵاونەبن، هەر لەسەرەتای هێنانەوەی روفاتی قوربانیانەوە پلانی ئەوەی هەبوو کە لەهەر ناوچەیەک گۆڕستانێکی تایبەت بە قوربانیانی ئەنفال دروستبکرێ.

بەهۆی ئەوەی زۆربەی تەرمەکان ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوەو زۆربەیان لەکاتی ژێرخاککردنیان هیچ ناسنامەیەکیان پێنەبووە، بۆ ناسینەوەی تەرمەکان بەشێوەیەکی زانستی پێویستە شیکاری ترشی DNA بۆ ئەو تەرمانە بکرێت، بەڵام سەرجەم ئەو تەرمانەی دووبارە بەخاکسپێردراونەتەوە ئەو شیکارەیان بۆ نەکراوە.

بەڕێوەبەری پەیمانگای دادپزیشکی کوردستان، دەڵێت"ئەو روفاتانە لای ئێمە لەشوێنێکی شیاودا هەڵگیرابوون، بەڵام پشکنینی DNA بۆ هیچ کامیان نەکراوە".

لەپاش ئەوەی روفاتەکان بەخاک سپێردارن ئێستا پەیمانگای پزیشکی داوەری هەولێر دەیەوێت پشکنینی DNAی بۆ کەسوکاریان بکات و لەرێگەی ئەو پشکنینەوە کەسوکاریان بناسێتەوە. د.یاسین کەریم دەڵێت" زۆربەی روفاتەکان نموونەی ئامادەکراویان بۆکراوەو بەشێوەیەکی زانستی لەمۆرگەی تایبەتیدا هەڵگیراون و دەمانەوێت لەئایندەیەکی نزیکدا کار بۆ ناسینەوەی کەسوکاریان بکەین".

لە پشکنینی DNAیدا ئەندازەی شیکردنەوەی کرۆمۆسۆمەکانی روفاتی ئەنفالکراوەکان لەرێگەی ئێسک و پروسکیانەوە لەگەڵ خوێنی کەسوکاریان بەراورد دەکرێت و بەشێوەیەکی زانستی ناسنامەی قوربانیەکان دەدۆزرێتەوە. بەڕێوەبەری پزیشکی دادوەریش دەڵێت" ئێستا حکومەت سەرقاڵی دروستکردنی شوێنی تایبەتە بۆ دانانی ئەو ئامێرانەی کە بۆ ئەم پشکنینە پێویستە".

بە بەراورد لەگەڵ زۆریی ژمارەی ئەنفالکراوان تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەمی قوربانیان لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە دەرهێنراون و تەرمەکیانیان هێنراونەتەوە کوردستان. مانگی رابردووش حکومەتی عێراق رایگەیاند کە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکان پێکهێناوەو دوو نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانیش ئەندامی ئەو لیژنەیەن، حکومەتی عێراق ماوەی چەند مانگێکە تیمێکی تایبەتی بۆ مەشق و راهێنان لەسەر چۆنێتی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و ناسینەوەی قوربانیان رەوانەی دەرەوەی وڵات کردووەو تیمەکە بەسەرپەرشتیی ئەو لیژنەیە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەستبەکاردەبن.

# سکرتێری یەکێتی قوتابیان لەکاردەخرێ و بەشێک لە سکرتاریەتی رێکخراوەکەش مان دەگرن

**رووداو- هەولێر**

سکرتێری یەکێتی قوتابیان لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوەو کارگێڕێکی سکرتاریەت لە شوێنەکەی دادەنرێت، زۆرینەی ئەندامانی سکرتاریەتی ئەو رێکخراوەش وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر بڕیارەکە مان دەگرن.

سەرچاوەیەک لە یەکێتی قوتابیان لەوبارەوە رایگەیاند کە لابردنی رێناس جانۆ بەهۆی کێشە و ململانێی نێو یەکێتی قوتابیان خۆی بووە، بەتایبەتیش ناکۆکیی نێوان سکرتێر و ئاریان سەلاحەدین ئەندامی سکرتاریەت.

سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە بڕیاری لابردنی رێناس جانۆ لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتیەوە دەرچووەو هەرمان مائی کارگێڕی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان لەشوێنی ئەو دانراوە.

یەکێک لە ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان کە نەیویست ناوی بهێنرێت، رایگەیاند ئەو بڕیارە گرژیی خستووەتە نێو رێکخراوەکەو ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سکرتاریەت دەست لەکاربکێشنەوە. گوتیشی "لەکۆی 12 ئەندامی سکرتاریەت 8یان لەگەڵ رێناسن و ئێستا وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر بڕیارەکە دەوام ناکەن و دەستیان داوەتە مانگرتن"، لەمبارەیەوە عەلی عەونی بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوانەی بەنیازت هەڵوێست وەردەگرن " مافی خۆیانەوشتێکی ئاساییە".

عەونی ئەوەشی گوت کە ئەو گۆڕانکارییە پەیوەندی بە خودی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانەوە هەیەو ئەوان بڕیاردەدەن کێ دەهێنن وکێش لادەبەن.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناو یەکێتی قوتابیان بە (رووداو)ی راگەیاند وابڕیارە ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ سکرتاییەتی قوتابیان کۆ ببێتەوە و گوتی "ئەگەر ستافی ناڕازی نەگەنە قەناعەت و نەگەڕێنەوە ناو سکرتارییەت، ئەوا مەکتەبی سیاسی ئەندامانی یەدەگی سکرتارییەتی قوتابیان، کە 4 کەسن لەشوێنی ئەوان دادەنێت".

ئەو سەرچاوە ئەوەشی بە (رووداو) راگەیاند "دوا بەدوای کۆنگرە بەهۆی بوونی ململانێ لەنێوان رێناس و ئاریان دا، سکرتارییەتی یەکێتی قوتابیان لەگەڵ مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆبووە و لەو کۆبوونەوەیە بڕیار درا، کە 6 مانگ رێناس سکرتێری یەکێتی قوتابیان بێت و دواتر 6 مانگی دیکە ئاریان ببێتە سکرتێر، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا".

ئەندامەکەی سکرتاریەت لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە، ئاماژەی بەوەکرد کە لەدوای کۆنگرەی 12ەوە ململانێیەک لەنێو یەکێتی قوتابیاندا پەیدابووەو گوتی "هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەنجامەکانی کۆنگرە بەدڵی هەندێ کەس نەبووە". هەروەها گوتی "رێناس جانۆ لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بووەتە سکرتێری قوتابیان و دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی هێناوە، ئێستاش زۆرینەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سکرتاریەت و زۆرینەی لقەکانی قوتابیان لەگەڵ ئەون".

ئەو ئەندامەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی "وادیارە ململانێیەکە گەیشتووەتە سەرووی دەسەڵاتی ئێمەو لەوێوە بڕیارێکیان بەسەردا سەپاندووین کە بەهیچ شێوەیەک مایەی رەزامەندیی ئێمە نییە، بۆیە وەک هەڵوێست وەرگرتنێک دژ بەو بڕیارە یاداشتێکمان ئاراستەی جەنابی سەرۆک کردووەو داوامان لێکردووە کێشەکە چارەسەر بکات"، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە لەیەکێتی قوتابیان بە (رووداو)ی راگەیاند کە"سەرۆکی پارتی لەوەڵامی ئەو یاداشتەدا گوتویەتی ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە من تەدەخول ناکەم".

سەبارەت بە بوونی بڕیاری رەسمی بۆ لادانی سکرتێری یەکێتی قوتابییان ئەو ئەندامەی مەکتەبی سکرتارییەت گوتی "وەک نووسراوی رەسمی هیچمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام لەگەڵ مەکتەبی رێکخراوە جەماوەرییەکان دانیشتین و گوتیان بڕیارەکە ئەوەیە کە رێناس جانۆ لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان دووردەخرێتەوە و لەبری ئەو هەرمان مائی دادەنرێ، ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ هەرمان مائی نییە، بەڵام قسەمان لەسەر خودی بڕیارەکە هەیە کە لەلایەن چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە دەرچووە و بڕواش ناکەین ئەوە بڕیاری هەموو مەکتەبی سیاسی بێت".

ئەندامەکەی سکرتاریەت رەخنەی لە مەکتەبی ناوەندی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی گرت کە وەک ئەو گوتی "رۆڵێکی ئەوتۆی لەو کێشەیەدا نەبینی و لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو بڕیارەی نەخستەڕوو کە رەنگە یەکێتی قوتابیان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات".

راشیگەیاند کە ئەوان ئێستا چاوەڕێی وەڵامی یاداشتەکەیان دەکەن و گوتی "تاکاتی هاتنەوەی وەڵامەکە خۆمان و کادیران و ناوەندەکان و بارەگای لقەکانمان وەک جۆرێک لەناڕەزایی مانمان گرتووە".

دەربارەی ئەوەش کە ئەگەر وەڵامەکە پۆزەتیڤ نەبوو وەک ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، گوتی "ئەگەر وەڵامەکە ئیجابی نەبوو بڕواناکەم دەرئەنجامی ئیجابی لێبکەوێتەوە، ئەگەر حیزب ئاوڕ لەئێمە نەداتەوە و گوێمان لێنەگرێت ئێمەش ناتوانین درێژە بەکاری خۆمان بدەین".



## بمانەوێ ونەمانەوێ ناسنامەی عێراق عەرەبییە

رووداو-الشرق الاوسط

◆ رۆژی 2008/7/20 لە دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەی شەرق ئەوسەت ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی عیراقییە لە پەرلەمانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردووە کەناسنامەی عێراق ناسنامەیەکی عەرەبییەو پێویستە بپارێزرێت. عەلاوی گوتی" بمانەوێ و نەمانەوێ ناسنامەی عێراق عەرەبییە و پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی چارەنووسسازە و نابێ دەستبەرداری ناسنامەکەمان بین، چونکە مرۆڤ ئەگەر دەستبەرداری ناسنامەکەی بوو ون دەبێت"



### د. مۆردەخای کیدار مامۆستا لە زانکۆی بار ئیلانی ئیسرائیلی:

# ئیسرائیل پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا ناکاتە قوربانیی پەیوەندی بەستن لەگەڵ کورد

**رووداو – ئافاق**

یەکێک لەدیارترین ئەو رووداوانەی لە کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالدا کە بەم دواییە لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەسترا، ئەو تەوقەیە بوو کە مام جەلال وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ئیهود باراکی وەزیری بەرگریی و سەرۆکی پارتی کاری ئیسرائیلی کردی. میدیاکان و بەتایبەتیش میدیای عەرەبی تیشکی زۆریان خستە سەر رووداوەکەو سەرلەنوێ مەسەلەی پەیوەندیی نێوان کوردو ئیسرائیلیان بەگەرمی هێنایەوە بەرباس.

سایتی (ئافاق) کە سەر بەدەزگای ئافاقە بۆ بەرهەمهێنانی رۆشنبیری و راگەیاندن و نووسینگەکەی لە واشنتنە، بۆ بەدواداچوونی ئەو رووداوە کە سایتەکە بە"مێژوویی" ناوی دەبات هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. مۆردەخای کیدار راڤەکاری سیاسی و مامۆستا لە زانکۆی بار ئیلانی ئیسرائیلی و کاروان ئەنوەر سەرنووسەری سایتی (PUKmedia) کە سایتی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە سازکردووە.

کاروان ئەنوەر لەو هەڤپەیڤینەدا، تەوقەکردنی نێوان تاڵەبانی و باراک بە ئەتەکێتی دیبلۆماسی ناودەبات و دەڵێت "زۆرجار وا پێویست دەکات تەنانەت لەگەڵ دوژمنیش تەوقەبکەیت و لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشی". پاساوی ئەوەش دێنێتەوە کە کاتی تەوقەکردنەکە، ئیهود باراک لەگەڵ مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی راوەستاوەو ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ پەیوەندی نێوان کوردو ئیسرائیل، چونکە وەک ئەو دەڵێت "مێژووی تاڵەبانی مێژوویەکی درێژە لە پشتیوانیکردنی کێشەی فەلەستین و، رزگارکردنی خاکی عەرەب لە ئەولەویاتی تاڵەبانیدا بووەو بەشێک بووە لە ستراتیژیەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان". دەشڵێت "لەسەردەمی خەباتی نهێنیدا دروشمەکانی دژ بەئیسرائیل و خواستی رزگارکردنی فەلەستین دیوارەکانیان پڕکردبووەوەو لەشێوەی بڵاوکراوەدا بەنهێنی دابەش دەکران، ئەو سروودە کوردیانەی بۆ فەلەستین گوتراون هێشتا لە گوێماندا دەزرنگێنەوە". کاروان ئەنوەر بەردەوام دەبێ و دەڵێت "ئێمە لە ئەدەبیاتی یەکێتییەوە کێشەی فەلەستینمان ناسی و ئەگەر یەکێتی نەبووایە هەرگیز ناوی فەلەستینیشمان نەدەبیست". کاروان ئەنوەر لەوکاتەی گلەیی لەوە دەکات کە ئاڵای ئیسرائیل لەقاهیرە 17 مەتر لەئاڵای سعودیە بەرزترە، بێئاگایی خۆی لەوە نیشاندەدات کە داود باغستانی یان تەنانەت یەک هاووڵاتی ئاسایی کورد سەردانی ئیسرائیلی کردبێت، لەکاتێکدا باغستانی لە دیمانەیەکی (رووداو)دا راشکاوانە باسی ئەو سەردانەی کرد. هەر لەچوارچێوەی مەسەلەی سەردانیکردنی ئیسرائیلدا، کاروان ئەنوەر لەوەڵامی پرسیارێکی ئەو سایتە دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر بۆ بەشداریی لە کۆنگرەیەک داوەتنامەی بۆ بنێرن ئامادەیە سەردانی ئیسرائیل بکات، دەڵێت "ئەگەر چوونی من بەقازانجی کێشەی فەلەستین بێت بەڵێ، بەڵام ئەگەر بزانم بەزیانی ئەو کێشەیەیە پێش ئەوەی بچم هەردوو قاچم دەبڕمەوە".

**ئافاق: تۆ ئەو تەوقەکردنەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ ئیهود باراکی وەزیری بەرگریی ئیسرائیل لەکاتی بەشدارییاندا لەکۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال کە بەم دواییە لە ئەسینا بەسترا، چۆن لێکدەدیتەوە؟**

**کیدار:** بەپێچەوانەی زۆر لە ئیسرائیلییەکان، من گرنگییەکی تایبەت بە تەوقەکردن و موجامەلەی نێوان دوو کەسایەتی نادەم، چونکە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەنێوان دەوڵەتاندا چ دەگوزەرێ نەک لەنێوان کەسایەتییەکاندا با پلەو پایەیان هەرچیەکیش بێت، ئەم زۆر راوەستانە لەسەر کەسایەتییەکان بەمانای کردنی کێشە گشتییەکانە بەکێشەی تایبەتیی نێوان کەسەکان، وەک ئەوەی ئەم کەسانە خاوەنی دەوڵەتەکان بن. تەرکیزی میدیاکان لەسەر ئەو موجامەلانە بەشێوەیەکی گشتی لەنەبوونی هەواڵی راست و دروستەوە سەرچاوە دەگرێ، میدیاکاران هەواڵ لەهیچەوە دروست دەکەن، لەتەوقەیەک لێرەو نیگایەک لەوێ.

**ئافاق: بەم دواییە بیستمان کە داود باغستانی وەک یەکێک لە یاریدەدەرانی مەسعود بارزانی سەردانی ئیسرائیلی کردووەو چاوی بە سەرکردە ئیسرائیلییەکان کەوتووە، ئەم پەیوەندییەی نێوان کوردو ئیسرائیل بە چ ئاستێک گەیشتووە.**

**کیدار:** لەرۆژنامەکانی ئیسرائیلەوە ناوبەناو هەواڵێک بڵاودەبێتەوە کە کەسانێک سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام بەبڕوای من تائێستا شاندی فەرمی رانەگەیێندراوە.

**ئافاق: دەتوانین بڵێین ئیسرائیل لەڕێی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد دەیەوێت شوێن پێیەک بۆخۆی لەعێراقدا بکاتەوەو لەوێوە بەرەوڕووی ئێران ببێتەوە، بەتایبەتیش کە ئێرانییەکان لەباشووری عێراقدا بوونیان هەیە؟**

**کیدار:** هەمووومان دەزانین کە تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش، ئەوکاتەی مەلا مستەفا بارزانی (رەحمەتی خوای لێبێ)و جەلال تاڵەبانی (خوا تەمەندرێژی بکات) سەرکردایەتی بزووتنەوەی چەکدارییان دژی رژێمی بەغدا دەکرد، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کوردی عێراق و ئیسرائیلیدا هەبوو، ئەوەی کوردو ئیسرائیلییەکانی کۆکردبووەوە رەفتاری خراپی عەرەب بوو لەگەڵ هەردوو گەلی جوولەکەو کورد.

پێموانییە ئیسرائیل بیەوێت پەیوەندییەکی فەرمی و ئاشکرا لەگەڵ حکومەتی کوردی ببەستێ، چونکە ئەو جیابوونەوەیەی نێوان کوردو عێراقییەکان جیابوونەوەیەکی یەکجاری نییەو پەیوەندی لەگەڵ عێراقی نوێ (ئەگەر لەبنەڕەتەوە هەبێت) گرنگترە لە پەیوەندی لەگەڵ کورد. خۆ ئەگەر ئیسرائیل بتوانێ هاوکات پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ عێراق و لەگەڵ کوردیش دروست بکات ئەوە زۆر باشتر دەبێت.مەسەلەی ئێران هەمووان دەزانن ئیسرائیل پەنا بۆ هەر لایەنێک دەبات کە بەهەمان چاوی ئیسرائیل تەماشای ئێران بکات.

**ئافاق: ئیسرائیل ناترسێ لەوەی کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کورد کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا؟**

**کیدار:** ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگەو پێموایە ئیسرائیل پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا ناکاتە قوربانیی پەیوەندی بەستن لەگەڵ کورد. تورکیا دەوڵەتێکی لەرادەبەدەر گرنگی سەر نەخشەی ئەم ناوچەیەیە، لەکاتێکدا دەوڵەتی کوردی هێشتا لە منداڵدانی مێژوودایە.

**ئافاق: ئایا ئیسرائیل وا لە کورد دەڕوانێ کە کلیلی ئاشتی بن لەگەڵ عێراق؟**

**کیدار:** پەیوەندی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی لەئایندە دروست دەبێت، کاریگەری لەسەر جۆری ئەو پەیوەندییە دەبێت کە لەنێوان دەوڵەتی کوردی و ئیسرائیلدا دێتەئاراوە.

## رزگارکردنی خاکی عەرەب لە ئەرکە لە پێشەکانی تاڵەبانی بووەو بەشێک بووە لە ستراتیژیەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

کاروان ئەنوەر
سەرنووسەری سایتی (PUK Media)

# رۆژێک لەدۆزەخی موجاهیدینی خەڵقدا

## بەسەر هاتی ئەو کوردەی لەدەست موجاهیدینی خەلق رزگاری بوو

**رەوەند محەمەد**
**رووداو – خەلیفان**

خورشید ئەحمەد، هیچ کاتێک دیمەنی سووتاندنی 15 ئۆتۆمبێلەکە و گوللە بارانکردنی دوو گەنجە کوردەکەی لەلایەن موجاهیدینی خەڵق بیر ناچێتەوە، هەر بۆیە ئەو رۆژەی لەئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق گفتوگۆ لەبارەی مانەوە یان دەرکردنی موجاهیدینی خەڵق بوو، مامۆستا خورشید تا کۆتایی دانیشتنەکە بەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکەی بەرنەداوە و دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لەپەرلەمان بەرگریان لەمانەوەی موجاهیدینی خەڵق دەکرد کۆنە بەعسییەکان بوون".

خورشید ئەحمەد، کە ئێستا لەشارۆچکەی خەلیفانی سەر بەقەزای سۆران دادەنیشێت، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ 17 ساڵ بەر لەئێستا و لەو دیدارە رۆژنامەڤانییەدا پەرە لەسەر ئەو تاوانانەی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی هەڵدەداتەوە، لەراپەڕینی 1991 لەناوچەی دووزخورماتو و کفری دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیان دا.

ئەو هەر چەندە حەزی بەگێڕانەوەی رووداوەکانی رابردوو ناکات، چونکە وەک خۆی گوتی "باسکردن لەو رۆژانە بیرەوەری ناخۆشم بیر دەهێنێتەوە"، لەهەمانکاتدا گوتیشی "لەهەر دادگایەک بێت، ئامادەم شایەتی لەسەر موجاهیدینی خەلق بدەم، کە چۆن لەساڵی 1991دا خەڵکی راپەڕیوی کوردستانیان سەرکوتکرد".



## بە چاوی خۆم دوو گەنجی کوردم دیت کە بەبریندار کەوتبوونە بەردەستی موجاهیدینی خەلق کە بۆچاوترساندنی خەڵک بە لوولەی دەبابەکانەوە هەڵیانواسیبوون

خورشید ئەحمەد

مامۆستا خورشید، وەک خۆی گێڕایەوە لەکاتی راپەڕینەکەدا سەرباز بووە لە سەربازگەی سەلام لەسلێمانی و ئەندامی رێکخستنی نهێنی یەکێک لەحیزبە کوردستانییەکانیش بووە، لەگەڵ گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شاری سلێمانی خۆی دەگەیەنێتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شانبەشانی پێشمەرگە پێ بەپێ بەشداری لەئازادکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەکات، بەتایبەتیش لەناوچەی گەرمیان.

بەر لەوەی رقی جەماوەر و پێشمەرگە بەسەر سەربازگەی سەلامدا ببارێت، مامۆستا خۆرشید و هاوڕێکانی پلان دادەنێن چۆن زەبر لەئەفسەرەکانی سەربازگەکە بوەشێنن، بەڵام پلانەکەیان سەر ناگرێت چونکە وەک مامۆستا خورشید گوتی "ئەو شەوەی پلانمان دانا بۆ لێدانی سەربازگەکە، بۆ بەیانییەکەی بەرپرسە سەربازییەکانی نێو سەربازگەکە رایانکردبوو".

مامۆستا خورشید لەگەڵ 3 سەربازی کورد و 2 سەربازی عەرەبی سەر بازگەکە خۆیان دەگەیەننە هێزی پێ شمەرگە و رۆژی 1991/3/10 بۆ رزگار کردنی کفری وەڕێدەکەون، دواتر بەرەو دوزخورماتوو، بەڵام زۆری پێناچێت رووبەرووی هێرشێکی پێچەوانە دەبنەوە لەلایەن موجاهیدینی خەڵق.

مامۆستا خورشید وەها باسی ئەوێ رۆژێ دەکات "خەڵکێکی زۆر بەپیادەو ئۆتۆمبێل لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەرەو خورماتو وەڕێکەوتن، زۆری نەبرد ئاگرو دووکەڵێکی زۆرمان بەدیکرد، خەڵکمان بینی دەگەڕانەوە، کاتێک پرسیارمان کرد گوتیان موجاهیدینی خەڵق بۆسەیان بۆ خەڵک داناوەتەوە هەر کەسێک بەوێدا تێپەڕ ببێت دەیکوژن".

مامۆستا خورشید دەڵێ"ئەگەرچی لەلایەن خەڵک ئاگاداریانکردینەوە کە موجاهیدین لەسەر رێگاکان کەمینیان داناوە، بەڵام گوێمان پێنەدا، لەرێگادا کە دەرۆیشتین پیکابێک کە خەڵکێکی زۆری تێدا بوو بۆی راگرتین، بەڵام لەبەر ئەوەی جێگەمان نەدەبووەوە سەرنەکەوتین".

مامۆستا خورشید درێژە بەگێڕانەوەکەی دەداو دەڵێت "ئەو رۆژە زۆر گەرما بوو، بۆ ئەوەی زوو بگەینە خورماتوو بەرێگەیەکی قەدبڕدا رۆیشتین، زۆری پێنەچوو دەنگی تەقەیەکی زۆرمان بیست، لەدوورەوە 7 دەبابەمان بینین و لەولاشەوە چەند هەلیکۆپتەرێک بەسەر ئاسمانی خورماتوو دەسووڕانەوە، کاتێک زانیمان بەرگری ئەو دەبابانەمان پێناکرێت چەکەکانمان شاردنەوە، بەڵام دیار بوو ئەوان ئێمەیان بەدووربین بینیبوو، بۆیە بەرەو رووی ئێمە هاتن و لەدوورەوە بەدۆشکە تەقەیان لێکردین".

### گوللە بارانکردنی دوو گەنجی کورد لەلایەن موجاهیدینەوە

دواجار مامۆستا خورشید و پێنج هاوڕێکەی دەکەونە دەست موجاهیدینی خەڵق، لێرەدا مامۆستا خورشید هەڵوەستەیەک دەکات و دیمەنێکی وەک خۆی گوتی "هەست هەژێن" بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوەو دەڵێت "کاتێک دەبابەکان نزیک بوونەوە، دوو گەنجی کوردمان دیت بەلوولەی دەبابەکانەوە هەڵواسرابوون، دوو گەنجەکەم ناسینەوە، هەمان ئەو گەنجانە بوون کە لەنێو ئەو پیکابەدا بوون کە لەرێگا بۆیان راگرتین، هەردوو گەنجەکە بەبرینداری کەوتبوونە بەردەستی موجاهیدین، بۆچاوترساندنی خەڵک بە لوولەی دەبابەکانەوە هەڵیانواسیبوون".

مامۆستا خورشید باسی لەچۆنیەتی گوللە بارانکردنی ئەو دوو گەنجە کرد گوتی "دوو کوڕە گەنجەکەیان لەدەبابەکان دابەزاند و داوای زانیاریان لێکردن، بەڵام دوو گەنجەکە ئامادەنەبوون هەرقسەشیان لەگەڵ بکەن، بۆیە لەو لاوە ئەفسەرێکی باڵابەرزی موجاهیدینی خەڵق هات و دەمانچەیەکی چواردە خۆری پێبوو سێ کەسیشی بەدوا دەرۆیشتن، زۆر هەوڵی لەگەڵدان زانیاریان لێوەرگرێت، بەڵام بێ ئەنجام بوو، بۆیە بەدەمانچەکەی هەردوو گەنجەکەی کوشت".

### گەڕانەوە لە مەرگ

ئەو مامۆستایە درێژەی بەگێڕانەوەی دەستگیر کردنەکەی خۆیان دەدات و دەڵێت "کاتێک سەربازەکان دەوروبەریان گرتین بەزمانی فارسی قسەیان کرد، بۆمان دەرکەوت کە موجاهیدینی خەڵقن، دواتر یەکێک لەسەربازەکان بەدەست ئاماژەی کرد کە لەسەر سک رابکشێین، دواتر دەستیان بەستینەوەو هەڵیانساندینەوە، ئینجا 6 سەربازیان لەبەرامبەر ئێمە لەیەک ریز وەستان و چەکەکانیان سوارکرد، یەکێک لەپلەدارانی موجاهیدینی خەلق بەتەنیشت ئەوانەوە دەستی بەرزکردەوە بەمەبەستی ئامادەباشی سەربازەکان بۆ گوللەبارانکردنمان".

بەر لەوەی سەربازەکان فەرمانی سەرووی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەرزبوونەوەی دەنگی چەند گوللەیەک بە تەواوی رەوشەکە دەشوێنن و ئەو 6 کەسە لە مەرگ رزگار دەکەن، مامۆستا خورشید دەڵێت " لەو کاتەدا 5 ئۆتۆمبێلی پێشمەرگە بەرەو شوێنەکە هاتن و دەستیان بەتەقەکردن کرد، بۆیە سەربازەکان دەستیان لەگوللە بارانکردنی ئێمە هەڵگرت، بە لێدان ئێمەیان خستە ناو دەبابەکانەوە، دەبابەکان نزیکەی 2 کاتژمێر لەگەڵ پێشمەرگە شەڕیان کرد".

### ئەفسەرێکی سوپای عێراق دەبێتە فریاد رەس

وەک مامۆستا خورشید باسیکرد دوای شەڕە دووکاتژمێرییەکە، هێزەکەی موجاهیدین بەرەو شوێنێک رۆیشتوون و بۆ جارێکی دیکە ئەوانیان لەدەبابەکان دابەزاندووە "کاتێ هاتینە خوارەوە نزیکەی50 تا60 ئۆتۆمبێلی سەربازی موجاهیدینی خەڵق و کۆمەڵێک ئەفسەر و پلەداری سەربازی ئەوان لەوێ وەستابوون، ئەو شوێنەش بەردەم خواردنگەی شیمال بوو لەسەلمان پاک، هەر لەگۆرەپانەکەی تەنیشت ئەو خواردنگەیە دیاربوو پێش ئێمە خەڵکێکی زۆریان گوللەبارانکردبوو و پاشماوەی جەمەدانی و پشتێن و پێڵاوی قوربانیان لەوێ کەوتبوون و گۆرەپانەکەش خوێنێکی زۆری لێرژابوو".

مامۆستا خورشید گوتی "ئەو ئەفسەرەی دوو گەنجە کوردەکەی کوشت، بەرەو رووی ئێمە هات و دەست بەجنێودان کرد، دەیویست ئێمەش بەهەمان دەردی ئەو دوو گەنجە بەرێت، بەڵام لەو کاتە نەقیبێکی سەربازی رژێمی بەعس بەهانمانەوە هات و لەدەست بەرپرسەکەی موجاهیدین رزگاری کردین، ئێمەی بردە نێو گەراجی خواردنگەی شیمال کە زیاتر لە150 کەسی تێدا زیندانی کرابوون، لێی پرسین لەوانە کێتان بینیوە شەڕی کردبێ، ئێمەش گوتمان کەس لەوانە ناناسین، دواتر نەقیبەکە پێیگوتین، تا بۆتان دەکرێ زوو لێرە برۆن خۆتان بشارنەوە، چونکە ئێمە ئەمڕۆ دەسەڵاتی موجاهیدینی خەڵقمان نییە، ئەوان سەرپشککراون لەهەر کارێک بیانەوێت بیکەن".



چالاکییەکی موجاهیدینی خەڵق لە فەرەنسا
(فۆتۆ: AFP)

## کوردستانی

**نەسرین قاسملو:**
**لەبەر چەکفرۆشتن ڤیەننا چاوپۆشی لە تاران کرد**



ڕووداو-کوردستان میدیا
◆ رۆژی 2008/7/14 کۆمیتەی مافی مرۆڤی کۆنگرێسی ئەمەریکا لەواشنتۆن سیمینارێکی بۆ هێلین قاسملۆ ناسراو بە "نەسرین" هاوسەری د.عەبدولڕەحمان قاسملو رێکخست. لەو سیمینارەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمیتەکە وکۆنگرێس ئامادەبوون، نەسرین باسی لە رووداوی تیرۆرکردنی قاسملوو هەڤاڵەکانی کرد لەلایەن رژێمی ئێرانەوە لە ڤیەنناو ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی ئەوکاتی ئۆستریا(نەمسا) لەبەر پەیوەندییە بازرگانی وچەکفرۆشتن بە ئێران چاوپۆشی لەو تاوانە کرد.

## شاخەوانە ئەڵمانەکانی ئازاد کرد

# PKK: داوا لە ئەوروپا دەکەین فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد

**ڕووداو-هەولێر**

دوێنێ 2008/7/20 دوای دە رۆژ بەسەر گرتنی سێ شاخەوانی ئەڵمان،لەلایەن PKK ەوە ئازادکران.

ئەحمەد دەنیزوتەبێژی PKK لە لێدوانێکدا بە (ووداو)ی راگەیاند کە دوێنێ یەکشەممە2008/7/20 گەریلاکانی ە.پ.گ سێ گەشتیارەکەیان رادەستی شاندێک لەرێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لقی مەزلومدەر و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک DTP و نوێنەرانی هەندێک لە وڵاتانی بیانی و پارێزگاری شاری ئاگری کرد.

بنەماڵەو کەسوکاری ئەو سێ شاخەوانە ئەڵمانییە، لە چارەنووسی گیراوەکان زۆر نیگەران بوون ودڵنیانەبوون لەوەی ئایا PKK بەم زووانە ئازادیان دەکات یان نا؟

رۆژی 2008/7/9 چەکدارانی PKK سێزدە شاخەوانی ئەڵمانیان لە بارکووری کوردستاندا ولە نزیک چیای ئارارات دەستگیرکرد، بەڵام هەر زوو 10 کەسییان ئازاد کردن و سێ شاخەوانیشیان بەناوەکانی هیلمۆت.هـ (65) و مارتن.س (47 ساڵ) و لارس.ر (33 ساڵ) بە بارمتە گرت ودەنگۆی ئەوە هەبوو ئەو سێ شاخەوانە لەیەکتر جیاکرابنەوەو هەریەکەیان رەوانەی ناوچەیەک کرابێت.


ماڕتین


لارس


هیلمۆت

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی هەر 10 شاخەوانە ئازادکراوەکە دەمودەست گەڕانەوە ئەڵمانیا، دوای گەیشتنیان بەشاری باڤاریا، کلاوس کە کوڕی هیلمۆت-ی بەبارمتە گیراوە لە لێدوانێکدا رایگەیاند" من زۆر نیگەرانم دەربارەی چارەنووسی باوکم ودوو هاوڕێکەی بەڵام ئومێدیشم زۆرە ئەو کێشەیە بە خۆشی وشادی کۆتایی پێبێت".

هەمان رۆژی گەڕانەوەی شاخەوانە ئازادکراوەکان، لە شاری کۆلن کە 400 کیلۆمەتر لە باڤاریاوە دوورە، نزیکەی 5000 کورد ئامادەی فیستڤاڵێک بوون بەناوی فێستیڤاڵی وەرزشی مەزلوم دۆغان، ئەم فێسنڤاڵە یازدە ساڵە ساڵانە ئەنجام دەدرێت، لە فێستڤاڵەکەدا وێڕای چەند چالاکییەکی وەرزشی چەندین وتاریش پێشکەشکران و دروشمیش وتران کە ستایشی PKK یان دەکرد، رۆژنامەی بیلد دەپرسێ حکومەتی ئەڵمان دەبێ کاردانەوەی چۆن بێ لەبەرامبەر ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا دەژین و ستایشی PKK دەکەن لەکاتێکدا سێ لە هاووڵاتیانی ئەڵمانیان بە بارمتە گرتووە؟.

کچە گەنجێکی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا بە (شپیگل)ی راگەیاند کە " هیچ رەفتارێکی خراپ بەرامبەر ئەو گیراوانە ناکرێت وبە دڵنیاییشەوە ناکوژرێن" . گەلێک ئەڵمانی تووڕەن لە حکومەتەکەیان ودەڵێن چۆن دەبێ لەم کاتەدا رێگە بەوە بدرێ لە ستادیۆم وگۆڕەپانی شاری کۆلن ئەو فیستڤاڵە رێکبخرێ، بەڵام هبێرت رووسەر قسەکەر بەناوی ستادیۆمەکە گوتی " ئێمە لە نزیکەوە چاودێری فێسنڤاڵەکە دەکەین وئەگەر کارو رەفتارێکی توندوتیژئامێز بکرێ ودژی دەستوورو یاساکانی وڵات بێت ئەوە رێگری لێدەکەین".

شۆڕش یوکسەل کە یەکێکە لە رێکخەرانی فێستیڤاڵەوەرزشییەکە دەڵێ" ئێمە پێشتر نازانین داخۆ هەندێک کەس ئەم فێستیڤاڵە بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردێنن دەنا رێگەیان پێنادەین". یەکێک لە رەخنەگرەکانی مۆڵەتدان بە سازدانی ئەم فێستیڤاڵە وۆلفگانگ بۆسباخە کەلە یەکێتی دیموکراتی مەسیحیی ئەڵمانییە بە رۆژنامەی بیلدی راگەیاند" ئاهەنگگێران و ستایشکردنی PKK لە ئەڵمانیا لەکاتێکدا سێ هاووڵاتی ئێمەیان بە بارمتە گرتووە کارێکی ئیستیفزازی ودژی قانوونەکانی ئەم وڵاتەشە".

لەلایەکی دیکەوە ئاژانسی دەنگوباسی ئەناتۆلیا رایگەیاند کە بەرپرسانی PKK لەناوخۆیاندا ناکۆکیان هەیە لەسەر بەبارمتەگرتنی شاخەوانەکان وهەموویان لەسەر ئەو کردەوەیە رازی نین، ئاژانسەکە رایگەیاند کە بڕیاری دەستگیرکردنی ئەڵمانەکان لەلایەن سەرکردەیەکی PKK بەناوی فەهمان حوسێن ناسراو بە باهۆز ئەردال دەرچووەو موراد قەرەیەلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەو حیزبە زۆر لەو کردەوەیە تووڕەیە، چونکە PKK بڕیاریداوە خەڵکی سڤیل بە بارمتە نەگرێ، هەربۆیەش ناکۆکییەک توند کەوتۆتە نێوان هەردوولا وبەقسەی هەندێ سەرچاوە قەرەیەلان ئەو بڕیارەی فەهمان حوسێنی بە " بەزاندنی هێڵی سوور "ناوبردووە، قەرەیەلان زۆر نیگەرانە لەوەی رەنگە ئەمجارە ئەڵمانیا کاردانەوەیەکی زۆر توند بەرامبەر ئەم کردەوەیەی PKK نیشان بدات. بەڵام ئەحمەد دەنیز وتەبێژی PKK ئەو هەواڵەی رەتکردەوەولە لێدوانێکدا بە (ڕووداو) ی راگەیاند کە ئەو دەنگۆیانەی دەڵێن ناکۆکی کەوتووەتە نێوان سەرکردەکانی PKK راست نییە و"بەشێکە لە پڕوپاگەندەگانی راگەیاندنی درۆزنی تورکیا".

ئەحمەد دەنیز ئاشکرایکرد کە گرتنی شاخەوانە ئەڵمانەکان بڕیاری فەرماندەی ئەیالەتی سەرحەدی PKK بووەو بەفەرمانی بڕیارگەی ناوەندی هێزەکانی پاراستنی گەلHPG ئەنجام نەدراوە. هەفتەی رابردوو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیاندنێکدا داوای ئازادکردنی بەپەلەی ئەو سێ شاخەوانە ئەڵمانیەی کرد و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی-یش لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ئازادکردنیان دەستی بە هەوڵدان کردووە. بەڵام دەنیز رەتیکردووە کە بەفەرمی هیچ پەیوەندیی وناوبژیوانییەک لە ئارادا بووبێت " بەفەرمی هیچ پەیوەندییەک لەوبارەیەوە لە ئارادانەبوو".

سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە ئەڵمانیا محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بە پەیوەندی بەهێزی ئابووری لە نێوان تورکیا وئەڵمانیا دا وباسی ئەوەیکرد کە تورکیا فشارێکی زۆر لە ئەڵمانیا دەکات تا دژایەتی گەلی کورد بکات، تموونەشی بە داخستنی رۆژ تیڤی هێنایەوە "ROJ TV یەکەم کەناڵ بوو زمانی قەدەخەکراوی کوردی بردە ناو ماڵەکانەوە، ئەوەش دەوڵەتی تورکیای تووڕە کردووەو گوشاری خستە سەر ئەڵمانیا بۆ داخستنی ئەو تەلەڤزیۆنە و هەروەها تا گوشار بۆ سەر کۆمەڵەو ناوەندە کوردییەکان و چالاکیەکانیPKK زیاتر بکات".

پێنجوێنی ئاماژەی بەوەداکە دەستگیرکردنی شاخەوانە ئەڵمانەکان وەک کارتێکی فشاربووە کە PKK لەبەرامبەر ئەڵمانیای بەکارهێناوە "ئەوە یەکێکە لە کارتەکانی فشار خستنە سەر ئەڵمانیا بەڵام تاکە شێوازێکیش نییە کەPKK کەڵکی لێوەرگرتبێت، بەڵکو بەهەزاران کورد لەئەڵمانیا دێنە سەر شەقامەکان و خوازیارن گوشارەکان لەسەر گەلی کورد نەمێنێت و ROJ TV یش قەدەخەی لەسەر هەڵبگیرێت و دەیانەوێت بەگەلی ئەڵمانیای بسەلمێنن کە ئەو بڕیارەی حکوومەتی ئەڵمانیا بڕیارێکی هەڵەیە"

دوای ئازاد کردنی شاخەوانە ئەڵمانەکان وتەبێژی PKK لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)گوتی کە وڵاتانی ئەوروپایی ولە نێویشیاندا ئەڵمانیا پێویستە فشار بخەنە سەر تورکیا تا هێرش وئۆپەراسیۆنەکانی رابگرێت وپرسی کوردیش بە شێوازێکی ئاشتیانە وبە ریچگەی دایەلۆگ چارەسەر بکات.



**تورکیا فشارێکی زۆر لە ئەڵمانیا دەکات تا دژایەتی گەلی کورد بکات**
محەمەد ئەمین پێنجوێنی
سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە ئەڵمانیا



**داوا لە ئەڵمانیا و ئەوروپا دەکەین فشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان**
ئەحمەد دەنیز وتەبێژی PKK

# چیایەک لە ئەڵماس

**ڕووداو – هەولێر**

دەسەڵاتدارانی سوریا لەچیای لەیلونی ناوچەی عفرین، لە رۆژئاوای کوردستان خەریکی پرۆژەیەکی سەربازیی نهێنین، حکومەتی سوریا لەبەرامبەر پارەیەکی زۆر موڵک و زەوی دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچەیە دەکڕێتەوەو هیچ کەسێکیش بۆی نییە ئەو تەلبەندە ببەزێنێ کە وەک پەرژینێک بەدەوری پرۆژەکەدا کێشراوە.

لەیلون ناوی زنجیرە چیایەکە لە دەڤەری عفرین کە سنووری نێوان ناوچەکانی کورد و عەرەب دیاری دەکات، گوندەکانی نزیک چیای لەیلون 24 گوندن کە دوو عەشیرەتی سەرەکی (رووباری) و (شێروانی) لەوێ دەژین. بەقسەی نوری بریمۆ بەرپرسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (ئەلپارتی) ئەوانە لەبنچینەدا لەعەشیرەتی شێروانی و بەروارین، بەڵام ناوی بەرواری گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شێروانی و بەرواریەکان بەدرێژایی مێژوو حوکمی ئەو ناوچەیان بەدەستەوە بووەو هەندێ جاریش حوکمی حەلەب و دەڤەری عەرەبیشیان کردووە.

چیای لەیلون25 کیلۆمەتر لە شاری حەلەبەوە دوورە. لەگەڵ دۆزینەوەی ئەشکەوتی دوودەریدا، چیایەکە بووە جێی سەرنج.

حافز ئەسەدی سەرۆک کۆماری پێشووی سوریا لەساڵی 1982 لە وتارێکیدا بۆ خەڵکی سوریا گوتی ئەو شەڕەی لەنێوان ئێمەو ئیسرائیلدا هەیە شەڕێکی ستراتیژییە.

نوری بریمۆ لەوبارەوە دەڵێ" ئەوە قسەیەکی بەهێز بوو کردی و یەکەمجار بوو قسەیەکی وا بکات، ئەو مەبەستی هاوسەنگی ستراتیژی بوو لە نێوان سوریا و ئیسرائیلدا کرد". ئیسرائیلیش یەکێکە لە دەوڵەتە ئەتۆمیەکانی جیهان. ئەسەد هەر لەو وتارەدا گوتی " ئێمەش لەباری ستراتیژییەوە سەرکەوتنێکمان بەدەستهێناوە، ئەو سەردەمە تێپەڕی کە ئیسرائیل مەترسیمان بۆ دروست بکات".

ئەسەد هەروەها لەو وتارەیدا گوتبووی کە خاکی سوریا کانزایەو هەموو شتێکی تێدایە، بەڵام ئێمە پێماننەزانیبوو، ئێستا ئێمە پێیدەزانین و ئیدی کارەبا نابڕێت، سوریا دەوڵەمەندە. لەوانەیە هەندێک بڵێن لەو بیابانانەی سوریادا چی هەیە. منیش پێیاندەڵێم ئێمە لەو بیابانەدا ئەڵماسمان هەیە".

پسپۆڕێکی بواری زانستی باس لەوەدەکات کە لەرووی زانستییەوە ئەڵماس لە بیاباندا نییە. دیارە شتی دیکە هەیە، کەواتە ئەو ئەڵماسەی ئەسەد باسی کردووە دەبێ چی بێت؟!!

نوری بریمۆ دەڵێ پاش ئەو گوتارەی ئەسەد هێدی هێدی پسپۆڕانی رووسی سوپای سوریایان بەجێهێشت و پسپۆڕانی سەربازی و تەکنیکی کۆریای باکوورو ئێران جێگای ئەوانیان گرتەوە.

چیای لەیلون لە سێگۆشەی باسیفۆن، قەڵای سەمعان، دارت عزەدا هەڵکەوتووە. بەپێی هەندێک زانیاری مێژوویی، لەسەردەمی دەسەڵاتداری بیزانتییەکاندا کە لەرۆمەوە هاتوون و لەو سێگۆشەیەدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە بەشێوەی رۆمی کەناڵی ئاوی ژێرزەوییان دروستکردووە. ئەو دەڤەرە لەبواری مێژووییەوە 4000 تا8000 ساڵ لەمەوپێش ژیانی تێدا هەبووە. سەرچاوەی ئاوی ژێر چیای لەیلون کفرولجەنەیە.

لەداوێنی زەنجیرە چیای لەیلوندا و لەخوار سێگۆشەکەوە دوو ناوچە هەیە بەناوەکانی نبل و زەهرا کە دانیشتوانی عەرەبن و شیعەی جەعفەرین و تێکەڵاوییەکی نزیکیان لەگەڵ کولتووری شیعەکانی ئێران هەیە. عەلەوییەکانی سوریا کە بنەماڵەی ئەسەد لەوانن زۆر لە شیعە جەعفەرییەکان جیاوازن، بۆنموونە عەلەوییەکان ریش دانانێن، حەجیان نییەو مەشروبیش دەخۆنەوە. نوری بریمۆ دەڵێ "چەند ساڵ لەمەوپێش کۆرییەکان لەنزیک ئەو گوندانەدا بینراون کە خەریکی کارکردن بوون".

هەر دوای گوتارەکەی حافزئەسەد لەباشووری شاری حەلەب لە ناوچەی ئەلواحەو سفیرە کارخانەی چەک دروستکردن دامەزرا. یەکەم چەک کە دەوڵەتی سوریا توانی دروستی بکاتەوە کلاشینکۆف بوو. نوری بریمۆ دەڵێ" وردە وردە دەمانبیست کە لەو کارگانەدا دەست بەچێکردنی چەکی قورس کراوە و دەست بەچاککردنی موشەک کراوە".

نوری بریمۆ دەڵێ چیرۆکی چیای لەیلون لە1995و لەکاتێکدا ئاشکرا بوو کە ئەشکەوتی دوودەری دۆزرایەوە. ئەو کۆمپانیا کۆرییە تەرمی مۆمیایی کوڕێکی دۆزییەوە کە بەگوێرەی زانایانی بواری ئاسەوارناسی تەمەن20 ساڵان بووەو ئاگرێکیش لەلای سەری هەڵکرا بوو.

رووبەری ئەو شوێنەی کە سوپای سوریا کاری تێدا دەکات نزیکەی100 کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو لەناوەندی چیای لەیلونە. خەڵکی دەڤەرەکە لەدەستپێکدا وایاندەزانی سوپا ئەو شوێنەی بۆ جبەخانەی چەک و تەقەمەنی دەوێت. بەگوێرەی قسەی خەڵکی دەڤەرەکە ئەو شوێنە، هیچ ئاسەوارێکی سەربازی پێوە دیار نییە، بەڵام دەورووبەری بە تێلدڕ گیراوەو هەتا مەڕوماڵاتیش ناتوانن بچنە ئەو شوێنانە. (م.ر) هاووڵاتییەکی تەمەن45 ساڵانی سوریا لەوبارەوە دەڵێ" ئەگەر کەسێک لەوێ نزیک بکەوێتەوە بانگی دەکەن کە ئێرە شوێنێکی سەربازییەو لێی دوور بکەونەوە".

5 ساڵ لەمەوپێش خەڵکی دەڤەری (قەتمێ) کە نزیک چیای لەیلونە هەندێ کەسیان بینیبوو چونکە سیمای چینی وکۆری و ژاپۆنی لەیەکتر دەچن بەهەڵە دەیانگوت هەندێک چینیمان لەدەڤەری قەتمێ بینیوە. یەکێک لەو هاووڵاتیانە بەناوی (ف.ی) کە ئەو گرووپەی بەچاوی خۆی بینیوە دەیگوت "سیمایان لەژاپۆنی دەچوو. کوردێکیشیان لەگەڵ بوو لێمان پرسین بۆچی دەگەڕێن گوتیان بۆ دۆزینەوەی نەوت هاتوون، بەڵام نەوت لەچیا و لەناو بەردا چی دەکات؟". هاووڵاتی (ف.ی) گوتی ئەو گرووپە هەندێک جیهازیان پێبوو کە هیچ پەیوەندییەکی بەدۆزینەوەی نەوتەوە نەبوو.

بەپێی هەندێک زانیاری کە دەست (ڕووداو) کەوتوون چەند نووسینگەیەک لەشاری حەلەب خەریکی کڕینی ماڵی ئەو گوندانەی نزیکی ئەو شوێنەن کە حکومەت لەچیای لەیلون کاری تێدا دەکات. بەپێی قسەی هاووڵاتی (ف.ی) کە خەڵکی دەڤەرەکەیە، خەڵکی گوندەکان داوای هەرچەندە پارە بکەن نووسینگەکان پێیاندەدەن. بەشێوەیەک کە خەڵکی گوندەکە سەریان لەوە سوڕماوە دەبێ ئەو ماڵە بەردینەیەی ئەوان چ خێرێکی بۆ ئەو نووسینگانە هەبێت؟!.

نوری بریمۆ لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر مەبەست تەعریب بوایە، ئەی بۆچی لەشوێنەکانی دیکە ئەو پارەیە بەخانووبەرەو زەوی کورد نادەن".

# ئیسماعیل بێشکچی: لە تیرۆرکردنی قاسملودا ڤیەننا بووە پارێزڤانی تیرۆری دەوڵەتی



بەبۆنەی تۆزدەمینساڵڤەگەڕی تیرۆرکردنی د.عەبدولڕەحمان قاسملو وهەڤاڵەکانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ڤیەنناى پایتەختی ئۆستریا ( نەمسا) رۆژنامەی (ئاگری) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کۆمەڵناسی بەنێوودەنگی تورک د.ئیسماعیل بێشکچی سازداوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد کوردی**



د. عەبدولڕەحمان قاسملو لەگەڵ شڤان پەروەر و گولیستاندا

**ئاگری: وەک ئێوەش دەزانن لە1989/7/13دا د. قاسملو لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە شەهید کرا. رای ئێوە سەبارەت بەو رووداوە چییە؟**

**بێشکچی:** بە بۆنەی19یەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکردنی د. قاسملو و هەڤاڵەکانی د. عەبدوڵلا قادری و د. فازڵ رەسووڵ، من بەخۆشەویستییەوە یادیان دەکەمەوە. لەرۆژهەڵاتی ناڤین سیاسەتی تیرۆری دەوڵەت بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەکاردەهێنرێت. تیرۆری دەوڵەت بەگشتی لەدژی داخوازی مافی نەتەوەیی کوردان بەکاردەهێنرێت. کاتێک دەنگی گەلی کورد بەرز دەبێتەوە، مافە نەتەوەییەکەی خۆیان دەوێت، کورد وەک تیرۆریست سەیر دەکرێن. بۆ ئەوەی قۆناخی تێکۆشینی رزگاری مافی نەتەوەیی کوردان دوابکەوێت و سەرکەوتن بەدەست نەهێنن، تیرۆری دەوڵەت بەچەندین شێوە لەدژی کوردان بەڕێوە دەبرێت. دەوڵەت بۆ ئەوەی تیرۆری خۆی بەشاراوەیی بهێڵێتەوەو ئاشکرا نەبێت، هەمیشە خۆیان وەک دژە" تیرۆر" نیشان دەدەن. قسەی وەک" ئێمە ریشەی تیرۆر لە رەگەوە دەردێنین" دەکەن. تیرۆرکردنی د.قاسملۆ و هەڤاڵەکانی لە13ی تیرمەهی 1989دا لەپایەتەختی ئۆستریا لەڤیەننا لەلایەن دیپلۆماتەکانی ئێرانەوە بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکرای بەکارهێنانی تیرۆری دەوڵەت و پشتگیری بەردەوامی چالاکی تیرۆریستییە. دکتۆر قاسملو بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالیست هاتبووە ئەوروپا. ساڵێک پێشتر لەسەر پرسی داخوازییەکانی کورد لەنێوان بەرپرسانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتن و وتووێژ ئەنجامدران. لەبەر وشکی و کەڵلەرەقی ئێران، چاوپێکەوتن و وتووێژ نەگەیشتبووە هیچ ئەنجامێک. دیپلۆماتەکانی ئێران داوایان لە قاسملو کردبوو کە چاوپێکەوتن و وتووێژەکان دەست پێبکەنەوە. دکتۆر قاسملو داخوازیەکەی ئەوانی قبووڵ کرد. دیپلۆماتەکانی ئێران لە دووەمین رۆژی وتوێژەکەدا لەسەر مێزی دانووستان دکتۆر قاسملویان کوشت. لەکاتی رووداوەکەدا دوو هەڤاڵی د. قاسملو، د. فازڵ رەسوڵ و عەبدوڵلا قادریش بەدەستی دیپلۆماتە ئێرانییەکان تیرۆرکران.

**ئاگری: لەسەر شێوازی تیرۆرکردنی د.قاسملو چیی دەڵێن؟**

**بێشکچی:** زۆر ئاشکرایە کە لەو رووداوەدا تیرۆری دەوڵەت بەکارهێنراوە. حکوومەتی ئۆستریا لەدژی ئەو تیرۆرە دەوڵەتییە نەک هەر هەڵوێستێکی جیدی نیشان نەداوە و بەرێکوپێکی لێپرسینەوەی لەسەر کێشەکە نەکردووە و ئەنجامەکەی نەخستۆتە روو. بەڵکو بووەتە پارێزڤانی تیرۆری دەوڵەت. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو پرنسیپانەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی نییە، بەڵکو بەرژەوەندییە و ئەو پرنسیپانەیان بەلاوە گرنگ نیە. بەداخەوە ئەوە بارودۆخەکەیە. بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەو راستیەشدا، تێکۆشین بۆ دیموکراسی و ئازادی هەر پێشدەکەوێت و رانەوەستاوە.

**ئاگری : کەسایەتی دکتۆر قاسملو چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**بێشکچی:** د. قاسملو رووناکبیر بوو. ئابوورینانسێکی هێژا بوو. گەلێک لێکۆلێنەوەی لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو لەدژی سیاسەتی ئێران کە نەیدەویست کێشەی کورد چارەسەربکات، تێکۆشینی چەکداری هەڵبژارد. ئەو هەنگاوەی ئەو زۆر سەرنجڕاکێشەو بابەتێکی گرنگە.



"من ژنه‌كه‌مم كوشتووه"

**رووداو- ئازادی دۆت نێت**

◆ سێ ساڵ به‌ر له ئێستا نه‌جات سندی كه خانمه په‌ناهه‌نده‌یه‌كی كوردی دانیشتووی هۆڵه‌ندا بوو، به هه‌ڵواسراوی و خنكاوی له گه‌رماوی ماڵه‌كه‌یدا، له شاری خرۆنینگنی هۆڵه‌ندا دۆزرایه‌وه. ئه‌و كات له لێكۆڵینه‌وه‌ی پۆلیسدا ده‌ركه‌وت ناوبراو خۆی خنكاندووه. به‌ڵام ئه‌مساڵ شاهان ك ی هاوسه‌ری ژنه‌كه، بۆ خۆی ده‌ڕواته لای پۆلیس و دان به‌وه‌دا ده‌نێت كه ژنه‌كه‌ی به به‌رچاوی دوو زارۆكه نۆ مانگی و چوارساڵانه‌كه‌یه‌وه به ده‌ست خنكاندووه و دواتریش به وایه‌رێك هه‌ڵیواسیوه بۆ ئه‌وه‌ی وا هه‌ستبكرێت كه خۆی خۆی كوشتووه.

# ئه‌و كورده‌ی له‌گه‌ڵ قلیشانه‌وه چووه ئه‌ڵمانیا



**رووداو–به‌رلین**

هه‌ڤاڵ غه‌ریب، به‌جلوبه‌رگێكی ره‌ش و سه‌رێكی تاشراوه‌وه له‌به‌رده‌م دوكانه‌كه‌ی له‌ناوچه‌ی رۆزبێرگی به‌رلین ده‌هات و ده‌چوو، ده‌یگوت من وه‌ك سه‌رپه‌رشتیاری ئه‌و چێشتخانه‌یه نابێ دابنیشم، به‌ڵام له هه‌مانكاتدا زۆر به‌دیقه‌ته‌وه گوێی ده‌دایه قسه‌ی ئه‌و هه‌شت كورده‌ی لایه‌كی به‌رده‌رگای دوكانه‌كه‌یان گرتبوو، جارێكیشیان خۆی به نێو گفتوگۆكاندا كرد و گوتی" ئه‌مساڵ كه چوومه‌وه كوردستان له دوایین بازگه‌ی یه‌كێتی به‌ره‌و بناری قه‌ندیل، كه پێمگوتن ده‌چمه دیانا گوتیان نا تۆ ده‌چییه بناری قه‌ندیل، دوایی گوتیان بۆ ئه‌وه‌ی بڕوات پێ بكه‌ین ده‌بێ بێیه خواره‌وه ده‌ست له قورئان بده‌ی كه ناچیه بناری قه‌ندیل بۆ ناو PKK".

غه‌ریب حوسێن، خاوه‌نی چێشتخانه‌ی فیش كه‌باب له به‌رلین، له دایكبووی شاری خانه‌قینه و له سلێمانی گه‌وره‌بووه‌و خوێندوویه‌تی. غه‌ریب ده‌ڵێ" من پێش راپه‌ڕین پێشمه‌رگه نه‌بووم، به‌ڵام به‌هۆی ئه‌وه‌ی له رێكخستنه نهێنییه‌كانی حیزبی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان كارم ده‌كرد، هه‌ر له‌گه‌ڵ ده‌ستپێكی راپه‌ڕین ئێمه‌ی رێكخستنه‌كانی ئه‌و حیزبه وه‌ك مه‌فره‌زه‌یه‌ك به‌شداری راپه‌ڕینمان كرد تا رزگاركردنی كه‌كووكیش له 1991/3/20".

غه‌ریب ده‌ڵێ دوای ئه‌وه‌ی لقی سلێمانی و كه‌ركووكی حیزبی زه‌حمه‌تكێشان له‌گه‌ڵ مه‌لا به‌ختیار و عیماد ئه‌حمه‌د چوونه نێو یه‌كێتی ئه‌وان چه‌ند كادرێك به بێ لایه‌نی مانه‌وه "نه‌چووینه نێو یه‌كێتی و نه‌شمانویست بچینه نێو پارتیش".

دوای ماوه‌یه‌ك له‌و بێلایه‌نبوونه‌ی، غه‌ریب ده‌ڵێ ره‌وشی باشووری كوردستان زیاتر ناخۆشبوو به‌هۆی شه‌ڕێك كه ئه‌و به "قلیشانه‌وه" ناوی نا، روویكرده ئه‌وروپا.

تا ئێستا بۆ شه‌ڕی پارتی و یه‌كێتی، ده‌سته‌واژه‌كانی (شه‌ڕی براكوژی، شه‌ڕی خۆكوژی و شه‌ڕی نێوخۆ) به‌كارهاتووه، به‌ڵام غه‌ریب ئه‌و ناوه‌شی بۆ زیادكرد و گوتی "كاتێك قلیشانه‌وه‌كه دروستبوو و یه‌كێتی و پارتی له مه‌لعه‌به‌كه‌ی سلێمانی ده‌ستیان به شه‌ڕ كرد بۆیه بڕیارمدا كوردستان به‌جێبێڵم".

غه‌ریب یه‌كێك بوو له‌و هه‌زاران گه‌نجه‌ی ژیانی خۆی خسته ده‌ست قاچاخچی بۆ گه‌یشتنه ئه‌وروپا، غه‌ریب به‌ختی گه‌یشتنه ئه‌وروپای هه‌بوو" كه گه‌یشتمه ئه‌ڵمانیا یه‌كسه‌ر مافی په‌نابه‌ری سیاسیم وه‌رگرت، ئه‌وكات به ئاسانی مافی په‌نابه‌رییان ده‌دایه گه‌نجانی باشووری كوردستان، له‌به‌رئه‌وه‌ی وڵاته ئه‌وروپییه‌كان ده‌یانویست كوردستان له گه‌نج چۆڵبكه‌ن".ئه‌و قسه‌یه‌ی غه‌ریب تاوه‌كو ئێستا به هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك نه‌سه‌لماوه، به‌ڵام ئه‌و وه‌ك شتێكی تیۆری كه زۆر كه‌س به تێڕوانینی دژی رۆژئاوایی دایده‌نێن پێداگیره له‌سه‌ری.

غه‌ریب دوای ئه‌وه‌ی مافی په‌نابه‌ری وه‌رگرت، ده‌ستی به‌كاركردن كرد بۆ دابینكردنی بژێوی ژیانی خۆی له كیشوه‌رێك كه ژیان تێیدا هه‌روا ئاسان نییه .له‌هه‌مانكاتدا خۆی له چالاكییه كوردییه‌كانیش نزیك كردووه.

به‌پێی هه‌ندێ مه‌زنده 150هه‌زار كورد له شاری به‌رلین ده‌ژین، به‌ڵام هیچ رێكخراو و كۆمه‌ڵه‌یه‌كی كوردی سه‌ربه‌خۆ یاخود هی كوردانی باشوور نییه بتوانێ كورد كۆبكاته‌وه، به‌ڵام پارتی كرێكارانی كوردستان به‌شێوه‌ی ناراسته‌وخۆ چه‌ند ناوه‌ندێكی رۆشنبیری و هونه‌ری هه‌ن بۆ كۆكردنه‌وه‌ی كوردان. غه‌ریب ده‌ڵێ" به‌هۆی هاتووچۆكردنم بۆ ئه‌و كۆمه‌ڵانه له پێناو ئه‌وه‌ی له كورد و چالاكی كوردی دانه‌بڕێم، به‌وشێوه‌یه تێكه‌ڵاوی خه‌باتی ئه‌و پارته بووم".

ده‌وڵه‌مه‌ندێكی كورد به‌نێوی حوسێن قه‌شا، كه خه‌ڵكی باكووری كوردستانه به د.جه‌مال نه‌به‌زی راگه‌یاندبوو كه غه‌ریب زۆر حه‌زده‌كات بچیته چێشتخانه‌كه‌ی.بیریار و نووسه‌ری نێوداری كوردیش د.جه‌مال نه‌به‌زیش به خۆشحالییه‌وه گوتی " زۆرم پێخۆشه". كه حوسێن و جه‌مال نه‌به‌ز و د.سه‌روه‌ر عه‌بدوڵڵا كه ره‌خنه‌نووسێكی ئه‌ده‌بی باشووری كوردستانه گه‌یشتنه ئه‌و چێشتخانه‌یه، چه‌ند كه‌سێكی دیكه‌ش له جه‌مال نه‌به‌ز كۆبوونه‌وه‌و چێشتخانه‌كه قه‌ره‌باڵغ بوو. دكتۆرێكی خه‌ڵكی لازقیه‌ی سوریا نه‌یده‌زانی له چ نه‌ته‌وه‌یه‌كه، به‌ڵام ده‌یزانی عه‌له‌وییه، د.جه‌مال نه‌به‌زیش پێیده‌گوت عه‌له‌وی ئاینزایه‌كی كوردییه و ده‌بێ تۆش بگه‌ڕێیه‌وه سه‌ر بنچینه‌كه‌ت و خۆت فێری كوردی بكه‌ی و بۆئه‌وه‌ی له كێشه‌ی كوردیش تێبگات ئه‌دره‌سه پۆستییه‌كه‌ی لێوه‌رگرت بۆ ئه‌وه‌ی چه‌ند په‌رتۆكێكی خۆی به عه‌ره‌بی و ئه‌ڵمانی له‌باره‌ی كێشه‌ی كورده‌وه بۆ بنێرێ. غه‌ریب به‌دڵگه‌رمییه‌وه گوتی " شانازییه مامۆستا جه‌مال نه‌به‌ز بێته چێشتخانه‌كه‌م، راسته ئێمه له هه‌ڵوێستی سیاسی لێك جیاوازین، به‌ڵام له هێڵی نه‌ته‌وه‌ییبووندا ئێمه قوتابی مامۆستا جه‌مال نه‌به‌زین".

غه‌ریب، خاوه‌ن كارێكی سیاسییه، له‌به‌رئه‌وه‌ش له‌بوونی گفتوگۆی سیاسی له چێشتخانه بچووكه‌كه‌یدا دڵخۆش ده‌بێ نه‌ك دڵته‌نگ، جاروباریش خۆی ده‌خاته نێو گفتوگۆكانه‌وه. ئه‌وێ رۆژێش هه‌رچه‌نده ره‌خنه‌ی زۆری له پارتی و یه‌كێتی هه‌یه، جارێك هاته نێو گفتوگۆكان و گوتی"هه‌ولێر زۆر پێشكه‌وتووه، ئاقایی نوێ و جوان و شه‌قامی باش و ئاوێكی باشی بۆ دابینكراوه، به‌ڵام سلێمانی وا به ده‌ست كه‌می خزمه‌تگوزاری و بێ ئاوییه‌وه ده‌ناڵێنێ".

فیش كه‌باب، كه نێوی نووسراوی سه‌ر جامخانه‌ی چێشتخانه‌كه‌ی غه‌ریبه‌، له‌گه‌ڵ بۆنی ماسی و گفتوگۆی كوردیدا ئه‌و ناوه‌ی ته‌واو خستبووه ژێر كه‌شێكی كوردی، كه له به‌ر ئه‌وه‌ی توركی ئاخیڤی زۆر له‌و ناوچه‌یه‌دا خاوه‌ن دوكانن به "ئیسته‌نبولی بچووك" نێوده‌برێ، له كاتێكدا ئه‌وانه زۆریان كوردی باكووری كوردستانن و به‌هۆی زاڵبوونی زمانی توركی به‌سه‌ریاندا به‌وشێوه‌یه ته‌ماشاده‌كرێن، به‌ڵام ئێستا ره‌وتێكی به‌ره‌و كوردی له‌نێو ئه‌وانیشدا ده‌ستی پێكردووه.

غه‌ریب دوای دامه‌زرانی پارتی چاره‌سه‌ری دیموكراتی كوردستان، كه وه‌ك پارتێكی سه‌ر به PKK ناسراوه، بووه‌ته ئه‌ندامی ئه‌و پارته و ئێستا به‌رپرسی رێكخستنه‌كانیه‌تی له به‌رلین. PKK پارتێكی قه‌ده‌خه‌یه له ئه‌ڵمانیا، به‌ڵام غه‌ریب ده‌ڵێ پارتی چاره‌سه‌ری له ئه‌ڵمانیا قه‌ده‌خه نییه.

غه‌ریب، به‌شداریی دوایین كۆنگره‌ی پارته‌كه‌ی كرد كه مانگی حوزیرانی ئه‌مساڵ له كه‌ركووك به‌سترا.له‌دوای ئه‌و گه‌ڕانه‌وه‌یه‌شی زۆر ره‌خنه‌ی له‌وه هه‌بوو كه كاتێك ویستوویه‌تی له سلێمانیه‌وه به رێگه‌ی رانیه و دۆڵی باڵه‌ییان بچێته دیانا كۆسپیان بۆ دروستكراوه و داوای سوێندخواردن به قورئانیان لێكردووه" له دوایین بازگه‌ی یه‌كێتی به‌ره‌و بناری قه‌ندیل، كه پێمگوتن ده‌چمه دیانا گوتیان نا تۆ ده‌چییه بناری قه‌ندیل بۆ ئه‌وه‌ی بڕوات پێ بكه‌ین ده‌بێ بێیه خواره‌وه ده‌ست له قورئان بده‌ی كه ناچیه بناری قه‌ندیل بۆ ناو PKK". به‌ڵام دواتر له‌بازگه‌كه ده‌ربازبوونه و چوونه‌ته دیانا.

جووله‌كه ئه‌مڕۆ به‌هۆی پاره‌دارییه‌وه هه‌ڵسوڕێنه‌ری هه‌ره گه‌وره‌ی سیاسه‌تی وڵاته گه‌وره‌كانن، ئه‌زموومی ئه‌وان ده‌گێڕێته‌وه كه له ئه‌مریكا كاتی خۆی جووله‌كه‌یه‌ك ئاماده‌بووه دوو گه‌ڕه‌ك ببڕێ بۆ ئه‌وه‌ی بچێ له دوكان جووله‌كه‌یه‌ك شتومه‌ك بكڕێ و له كه‌سێكی دیكه‌ی نه‌كڕێ، به‌ڵام ئه‌وه‌هه‌سته تا ئێستا له‌نێو كورددا نییه. غه‌ریب ده‌ڵێ "كوردانی باكوور هانده‌درێن بێنه لای من، ده‌ڵێن پێویسته ئابووری هه‌ڤاڵ غه‌ریب به‌هێز بێ، به‌ڵام زۆربه‌ی كوردانی باشوور بێ شه‌رمانه ده‌چنه چێشتخانه‌كانی توركان و نایێنه چێشتخانه‌كه‌ی ئێمه".

غه‌ریب، كه سێ كرێكاری هه‌یه (دوو كورد و توركێك) ده‌ڵێ ئه‌و به‌چاوێكی مرۆڤدۆستانه سه‌یری هه‌موو گه‌لان ده‌كات" ئێمه كێشه‌مان له‌گه‌ڵ گه‌لی تورك نییه، به‌ڵكو كێشه‌مان له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی توركیا هه‌یه".

غه‌ریب وه‌ك خاوه‌نی ئه‌و چێشتخانه‌یه مانگانه و ساڵانه وه‌ك یارمه‌تی پاره ده‌داته پارته‌كه‌ی، به‌ڵام ئه‌وه ره‌تده‌كاته‌وه كه PKK به زۆرداری پاره له خاوه‌ن كاره‌كان وه‌ربگرێ"هه‌ڤاڵان به گفتوگۆوه ده‌چنه لای خاوه‌ن كاره‌كان، بۆ ئه‌وه‌ی یارمه‌تی شۆڕش و بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدان بده‌ن، دواتریش هه‌موو كه‌س به ئاره‌زووی خۆیه‌تی ده‌دات یان نا".



غه‌ریبی خاوه‌ن چێشتخانه به‌سه‌ر د.سه‌روه‌ر و د.جه‌مال نه‌به‌ز و حوسێن قاشاوه وه‌ستاوه (فۆتۆ:رووداو)

## له كوردستان پێیانگوتم ده‌بێ ده‌ست له قورئان بده‌ی كه ناچیه بناری قه‌ندیل

**غه‌ریب حوسێن**
**خاوه‌نی چێشتخانه‌ی فیش كه‌باب له به‌رلین**

# ملیۆنه‌ك یۆرۆ بۆ دادگه‌هكرنا سێ كوردێن باشوورێ كوردستانێ

**زنار شینۆ**
**رووداو– ئه‌لمانیا**

ب ئه‌گه‌رێ ئه‌ندامبوونا وان د گه‌ل رێكخراوه‌كا تیرۆری یا بیانی و پلاندانانا تیرۆركرنا سه‌رۆك وه‌زیرێ عیراقێ یێ به‌رێ، سێ ئه‌ندامێن ئه‌نسار ئیسلام پشتی پێتر ژ سێ سال و نیڤان ژ ده‌سته‌سه‌ركرنێ، سزایێ زیندانكرنا ژ 7،5 — 10 سالان ل سه‌ر هاته سه‌پاندن.

ژ ئۆكتۆبه‌را سالا 2003ێ ڤه، پۆلیسان ته‌له‌فۆنێن وان گۆهداریدكرن و ئی- مێلێن وان دخواندن و دیڤچوون ل سه‌ر لیڤینێن وان دكر.پشتی هنده‌ك جڤره‌یێن وان مینا "مێهڤانێ خۆشتڤی" و " خزمه‌تكرنا پێدڤی بۆ مێهڤانی" هاتینه ئاشكراكرن. یه‌كه‌یه‌كا تایبه‌ت یا هێزێن دژی تیرۆرێ د ئۆپه‌راسیۆنه‌كێ دا ل شه‌ڤا 2004.12.3ێ، هه‌ر سێ ئه‌ندامێن ئه‌نسار ئیسلام، .ره‌فیق 33ێ سالی ل به‌رلین، عه‌تا 34 سالی ل شتوتگارت و مازن 27 سالی ل ئاوگزبورگ د دناڤ نڤیناندا بسه‌ردا دگریت و وان ده‌سته سه‌ر دكه‌ت.، مێهڤانێ وان یێ "خۆشتڤی" كه‌ڤنه سه‌رۆك وه‌زیرێ عیراقێ ئه‌یاد عه‌لاوی بوو، كو ژڤان بوو ل ئه‌لمانیا د دیالۆگه‌كا عیراقی — ئه‌لمانی یا ئابووری دا پشكدار ببیت، ژ به‌ر به‌نكا ئه‌لمانی "دویتشه بانك" ئه‌و كۆمبوون بۆ ژڤانه‌كێ نه‌دیاركری پاشڤه‌بر ئه‌ڤ چه‌نده پێك نه‌هات، به‌لێ سه‌ره‌دان هاتبوو كرن و دیدارێن ل گه‌ل شیره‌تڤانێ وێ ده‌مێ یێ ئه‌لمانیا گێرهارد شرویده‌ر هاتبوونه كرن. دادگه‌ه بریارا خوه ل سه‌ر به‌نگه‌هێ گرۆڤێن ل به‌ر ده‌ستێن وان هه‌یین دده‌ت. دادگه‌ها بلند یا باژێرێ شتوتگارت بریارا سزادانا وان هاته دان. ل گۆری گۆتنێن سه‌رۆكا دادگه‌هێ كرستینه رابزێم بێنده‌ر، كو رۆژنامه‌یا "تاگس تسایتونگ" به‌لاڤكریه، هه‌ر سێ گۆنه‌هبارێن ناڤبری ب رێبه‌ریا عه‌تایی د ماوه‌یێ ساڵه‌كێ دا ده‌ردۆرێن 45000 یۆرۆ ب رێێن جودا بۆ یشته‌ڤانیكرنا كریارێن خوه كۆژیێ ل عیراقێ ژ ئه‌لمانیا كۆمكرینه و ڤرێكرینه بۆ هه‌ڤاڵبه‌ندێن خوه، ئه‌ڤه پاره‌یه‌كێ مه‌زنه سه‌رۆكا دادگه‌هێ دبێژیت: نێزیكی 6500 دۆلار، خوه‌كوژه‌ك دهێته كرین. وه‌ك داخوازكه‌رێ گشتی ڤیایی عه‌تا نه‌هاته سزدان. ژ به‌ر نه‌بوونا گرۆڤه‌یان، كو باندۆرا ناڤبری ل سه‌ر گرۆپێن تیرۆرێ ل عیراقێ هه‌یه، ناڤبری وه‌ك "سه‌رۆكێ باندا عسابێ" نه‌هاته سزادان.

ل گۆری نڤیسینه‌كا رۆژنامه‌یا "زوید دویتشه تسایتونگ" هاتیه، كو ب ته‌له‌فۆنێ ره‌فیق داخوازا ده‌ستویریێ ب ڤێ پرسێ دكه‌ت: "نها ئه‌زیێ ڤالا مه و دكارم ڤی تشتی بكه‌م" ل سه‌ر ئالیێ دی یێ ته‌له‌فۆنێ مازن به‌رسڤێ دده‌ت:" ئه‌گه‌ر توبكاری تشته‌كی بكه‌یی، ئه‌م دێ سۆپاسدار بین". دناڤ شاهدێن هاتینه گازیكرن بۆ ئاشكراكرنا گۆنه‌هباران، شاهده‌كێ ب نمره ئێك هاتیه بناڤكرن ژی هه‌بوو، كو ئه‌و ل جهه‌كێ نه‌دیار ب كامێره‌یا ڤیدیویێ پشكداری روونشتنێن دادگه‌هێ دبوو. ئه‌ڤ شاهدێ نمره ئێك، ژ ئالیێ ده‌زگه‌هێن پاراستنێ ڤه بۆ چاڤدێریكرن و زانینا پێزانینان ل سه‌ر ره‌فیق ی هاتبوو دامه‌زراندن. ئه‌ڤ كه‌سه ل ئه‌لمانیا ب V-Person یان ژی V-Mann دهێنه نیاسین، ئه‌و كه‌س نه فه‌رمانبه‌رن ل ده‌زگه‌هه‌كا هێزێن ناڤخوه و پاراستنێ، به‌لكو مرۆڤه‌ك سه‌ربخوه یه و وه‌ك ئاگێنته‌ك تایبه‌ت دهێته دانان، بۆ گه‌له‌ك جهـ و كاران وه‌كی:" بازرگانیا كه‌ره‌سته‌یێن بێهۆشكه‌ر"، "له‌شفرۆشییێ" یان ژی "رێكخراوێن و گرۆپێن هشكباوه‌ر"دا. بڤێ یه‌كێ ژی دبیت ئه‌ڤ كه‌سێ ب شاهدێ هه‌رێ گرنگ د پرۆسه‌سا دادگه‌هێكرنێ دا هاتیه ب لێڤكرن، یه‌ك ژ كه‌سێن گه‌له‌ك نێزیكی ره‌فیق ی بیت. د راپۆرته نۆچه‌یا رۆژنامه‌یا تاگێس تسایتونگ دا دهێت: د پرۆسه‌سا دادگه‌هكرنێدا هه‌موو ئالیێن پشكدار ژ ئالیێ ره‌فیق ڤه هاتینه بچووك كرن و كێمكرن، تا كو پارێزه‌رێ وی بخوه ژی، ئه‌وی به‌رده‌وام ده‌ستێ خوه ل مێزا خوه ددا و د به‌ر ئاخڤێران را د په‌یڤی دا كۆ كه‌ش و ئاوایێ دادگه‌هێ بگوهۆریت و باندۆرێ ل سه‌ر پیڤاژۆیا ڤێ پرۆسه‌سێ بكه‌ت، ژ به‌ر ڤێ چه‌ندێ ژی، ئه‌و 14 جاران دهێته به‌ندكرن ژ هۆلا دادگه‌هێ، لێ گاڤا وی هه‌ستپێكری پرۆسه‌س بڤی ره‌نگی بله‌زتر دكه‌ڤیت، كۆمه‌كا بێهه‌ژمار ژ دوكۆمێنت و گازنده‌یان پێشكێشی دادگه‌هێ دكه‌ت. هه‌ر سه‌باره‌ت هه‌ژمارا ڤان گازنده‌یێن هاتینه تۆماركرن، رۆژنامه‌یا "ڤێلت" نڤیسایه: 140 فۆرمێن گازنده و نه‌رازیبوونێ ژ لایێ ره‌فیقی ڤه هاتینه بلندكرن بۆ دادگه‌هێ، بڤێ یه‌كێ ژی، 1،2 ملیۆن یۆرۆ دبنه خه‌رجیا پرۆسه‌سا دادگه‌هێ، ئه‌وێن ژ بۆ وان 350 فایلان، كو ژۆره‌یه‌كێ دێ پڕ كه‌ن،130 شاهد، 7 پسپۆر و 5 وه‌رگێر د پرۆسه‌سا دادگه‌هكرنێ دا پشكدار بووین هاتینه خه‌رجكرن.، دادڤان كرستینه دبێژیت" بێگۆمان ئه‌ڤ چه‌نده بارگرانیه بۆ حكۆمه‌تێ ژی". تا كۆ رۆژا بریارا دویماهیێ ژی ژ ئالیێ سه‌رۆكا دادگه‌ها بلند یا شتوتگارت كرستینه رێبزام بێنده‌ر ڤه هاتیه دان، ئه‌و هه‌ر ل سه‌ر یه‌ك و دوو خوه بوو و دادڤان ب "نازیێن نوو" بناڤدكر.

هه‌ر كو یه‌ك ژ ئه‌گه‌رێن گه‌له‌ك گرنگ یێن گرتنا هه‌رسێ كوردێن باشورێ كوردستانێ ( د سازیێن میدیا ئه‌لمانی دا، ب كوردێن عیراقێ هاتینه بناڤكرن) تیرۆركرنا كه‌ڤنه سه‌رۆك وه‌زیرێ عیراقێ ئه‌یاد عه‌لاوی بوویه ژی، لێ دادگه‌ها ئه‌لمانی پشتی 142 روونشتنان نه‌كاری پلانه‌كا كۆنكرێت بۆ كۆشتنا سه‌روك وه‌زێرێ به‌رێ یێ عیراق ب سه‌لمینیت. د مالێن هه‌ر سێ گرتیان دا، نه چه‌ك و نه ژی كه‌رسته‌یێن په‌قاندنێ هاتینه دیتن. عه‌تا رێبه‌رێ ڤێ گرۆپێ، ئه‌وێ ژ سالا 1998ێ ڤه ل ئه‌لمانیا دژیت و وه‌ك د پرۆسه‌سا دادگه‌هێ دا هاتی، عه‌تایی د سالا 1991ێ دا پشكداری د سه‌رهه‌لدانا كوردان دژی سه‌دام حسێنی دا كریه، پشتی دگه‌هیته ئه‌لمانیا ل ڤێری بۆ جارا یه‌كێ ته‌ڤلی ئه‌نسار ئیسلام دبیت، 10 سالێن زیندانكرنێ ل سه‌ر هاتینه سه‌پاندن، ره‌فیق یێ هه‌رێ ده‌ستنه‌خوه‌ش بۆ دادگه‌هێ، فه‌رمانبه‌ران و پۆلیسان، كو د ماوه‌یێ گرتنا خوه دا، ملێ فه‌رمانبه‌ره‌كی شكاندیه و ئه‌و گه‌زكریه ب 8 سالێن زیندانكرنێ هاته سزادان. و مازن، ئه‌وێ ل باژێرێ ئاوگزبورگ شۆل دكر، پێتر ژ هه‌ر دوو كه‌سێن دی هه‌ڤكاری د گه‌ل دادگه‌هێ كری، ژ به‌ر

پارێزه‌رێ به‌ره‌ڤان تۆماس باوخ، ژ بۆ ده‌زگه‌هێن راگه‌هاندنێ دبێژیت:" ئه‌م دێ سه‌رێ ل دادگه‌ها فیدرالی ده‌ین و دخوازین چاڤخشاندنه‌ك د بریارا دادگه‌هێ دا بهێته كرن"، باوخ گۆتنێن خوه ب به‌هانه‌یێن، كو ئه‌ڤێ چه‌ندێ:" چ پلانێن جدی یێن تیرۆركرنێ نه‌بوون، به‌لكو بتنێ چالاكیه‌ك بوویه". هه‌ر دیسان ژ كێمكرنا سزایی، پشتی كو داخوازا وی یا ئازادكرنێ بێهێڤی مایی، یه‌ك ژ خالێن، كو ئه‌و دخوازیت ل دادگه‌ها فیدرالی بهێته كونترۆلكرن ئه‌وه:" تا چ راده‌یی ئه‌نسار ئیسلام مافێ به‌رخوه‌دانێ ل هه‌مبه‌ری داگیركرنێ ل عیراقێ هه‌یه". لێ وه‌كی دهێته دیتن، شانسێ كێمكرن یان ژی ئازادبوونا گرتیان گه‌له‌ك یێ كێمه. لێ بڤێ چه‌ندێ ژی ده‌مساله‌كا نوو ژ بۆ فه‌رمانبه‌رێن دادگه‌هێ، دام و ده‌زگه‌هێن یاسایی ل ئه‌لمانیا، ل سه‌ر ده‌ستێن هه‌ر سێ ئه‌ندامێن ئه‌نسار ئیسلام ده‌ستپێ دكه‌ن، ئه‌وی ژی مافێ سه‌ردانێ، ئه‌رێ دێ ئه‌ڤ یه‌كه ژ بۆ عه‌تا یی و هه‌ردوو هه‌ڤالێن وی پێك هێت، پرسیاره‌ك ده‌ما ل پێشیا مه به‌رسڤ هه‌یه. د پرۆتۆكۆلا دادگه‌هێ دا، پێزانێن تێر و ته‌سه‌ل ژ بۆ ده‌زگه‌هێن راگه‌هاندنێ ده‌رباره‌یێ ئه‌نسار ئیسلام دهێنه به‌رچاڤكرن. ئه‌و ب رێكخراوه‌كا تیرۆرستی یا ئیسلامی — كوردی دهێته بناڤكرن، كو خواسته‌كا وێ دامه‌زراندنا ده‌وله‌ته‌كا ئیسلامی — كوردی یه، وه‌ك میناكا تالیبان ل ئه‌فگانستان.



ره‌فیق
مازن
عه‌تا

# وەزارەتی رۆشنبیریی و پێشمەرگە لەسەر سەنتەرێک پێکنایەن

## ڤیان پێندرۆیی: "دەمانەوێت سەنتەرەکە وەک موڵکی پێشمەرگە بمێنێتەوە و دەزگایەک بێت خزمەتی پێشمەرگە و کەسوکاریان بکات"

**رووداو–دهۆک**

وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی رۆشنبیریی لەسەر سەنتەرێکی رۆشنبیریی دهۆک پێکنایەن و هەر یەکەیان دەیەوێت سەنتەرەکە سەر بە وەزارەتەکەی بێت، ئەو ململانێیەش لەکاتێکدایە کە سەنتەرەکە بەپشتگیری فەرماندەی پێشمەرگەی دهۆک دروستکراوە.

سەنتەری رۆشنبیریی پێشمەرگە لەدهۆک لە 2006/1/18 دامەزراوەو نزیکەی 1400 ئەندامی هەیە، بەپێی قسەی بەڕێوەبەری سەنتەرە کە 80%ی ئەندامانی سەنتەر پێشمەرگەن و دەڵێت " سەنتەرەکەمان ناوی پێشمەرگەیە بەڵام مەرج نییە تەنیا بۆ پێشمەرگە بێت، بەڵکو خەڵکی دیکەش سەردانمان دەکەن".

ڤیان یوسف پێندرۆیی،کە لەدایکبووی ساڵی 1978ە لەشاری ئەهوازی ئێران، ئەو سەنتەرە بەڕێوە دەبات، ڤیان پەیمانگەی پزیشکی لەتاران تەواو کردووە، کاتێکیش گەڕاوەتەوە کوردستان بەشی کۆمپیوتەری لەپەیمانگەی تەکنیکی دهۆک و بەشی ئینگلیزیشی لەکۆلیژی ئادابی زانکۆی دهۆک تەواو کردووە، جگە لەوەش وەک خۆی باسیدەکات راهێنەری وەرزشی کاراتێیە و کەمەربەندی رەشی هەیە و ئێستاش رائیدی پێشمەرگەیە لەسەر میلاکی فەرماندەی پێشمەرگەی دهۆک.

هەر چەندە ئەو سەنتەرە پێشتر لەسەر میلاکی وەزارەتی رۆشنبیری بووە، بەڵام دوای ئەوەی بینای تازەی لەسەر بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دروستکرا، لەهەوڵدان بیگوازنەوە سەرمیلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە وەک بەرپرسی سەنتەری رۆشنبیری پێشمەرگە گوتی "دەمانەوێت سەنتەرەکە وەک موڵکی پێشمەرگە بمێنێتەوەو وەکو دەزگایەک خزمەتی پێشمەرگەو کەسوکاریان بکات".

سەبارەت بەکاروچالاکییەکانی سەنتەرەکە، ڤیان پێندرۆیی گوتی "دەمانەوێت مێژووی پێشمەرگە، بەگەنجان نیشان بدەین جا ئەوە لەرێگای خوێندنەوە بێت یان لەرێگای فیلمی سینەمایی، بۆ نموونە چیرۆکی چۆنیەتی دەربازبوونی پێشمەرگە لەرووباری ئاراسدا کە ئەگەر ئێمە بکەینە فیلمێک دەبێتە باشترین فیلم. چونکە هەر یەک لەو پێشمەرگانە بۆ خۆیان چیرۆکێکی راستەقینەیان هەیە".

هەروەها گوتیشی "ئەو گەنجانەی کە دێنە ئێرە لەرێگای کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری جۆراوجۆر و وۆرکشۆپ و کردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیۆتەر و زمانی فەرەنسی، ئینگلیزی، پەروەدە دەکرێن. جگە لەوەش تیپێکی موزیکمان لەکچ و کوڕانی پێشمەرگە دروستکردووە، کەلە 2 کچ و 4 کوڕ پێکدێن، کە هونەرمەند دڵشاد نێروەیی سەرپەرشتی ئەو تیپە دەکات".

جگە لەوەش سەنتەرەکە خاوەنی سایتێکی ئەلیکترۆنی و بەرنامەیەکی رادیۆییە لەرادیۆی فەرماندەیی پێشمەرگەی دهۆک، ڤیان گوتی "لەبەرنامە رادیۆییەکە هەر جارەو باس لەچیرۆکی خەباتی پێشمەرگەیەک دەکەین".

ڤیان وەک خۆی باسیکرد نزیکەی 8 ساڵ و نیوە بووەتە پێشمەرگە، کاتێک ئەو لەسەر میلاکی فەرماندەیی دهۆک دامەزراوە، تەنیا 3-4 ژنی لێبووە، بەڵام ئێستا زۆر خۆشحاڵە کە دەبینێت تەنیا لە فەرماندەیی دهۆک 30 ژنە پێشمەرگە هەن.

ڤیان دەڵێت "ئەوکاتەی بوومە پێشمەرگە تەنیا ژن بووم کە جلی سەربازیم لەبەر دەکرد و دەچوومە دەوام، ژنەکانی دیکە شەرمیان دەکرد بەجلی سەربازی هاتوچۆ بکەن، بەس ئێستا وەها نییە".

ڤیان پێیوایە، بنەماڵەکەی هۆکارێک بوونە بۆ ئەوەی ئەو بەو شێوەیە دەربکەوێت



> **من تاکە ژن بووم لە دهۆک جلی سەربازیم لەبەر دەکرد و دەچوومە دەوام، ژنە پێشمەرگەکانی تر شەرمیان دەکرد بەجلی سەربازی هاتوچۆ بکەن، بەس ئێستا وەها نییە**

"لەبنەماڵەیەکی پێشمەرگەو کوردپەروەرم، بۆیە کاتێک پێمگوتن دەبمە پێشمەرگە ئەوان شانازیان پێوە کردم و رێگریان لێنەکردم"، بەڵام هێشتا ڤیان لەقسە و توانجی خەڵک دەربازی نەبووە ڤیان دەڵێت "تا ئێستاش هەندێک خەڵک پێمدەڵێن زۆر ناشیرینە تۆ جلوبەرگی سەربازیت لەبەرکردووەو لەگەڵ پیاوان دەگەڕێی".

وەک لە قسەکانی ئەو کچەدا دەردەکەوێت، سەر ئێشەیەکی زۆریان بینیوە تاوەکو سەنتەرەکەیان کردووەتەوە بەتایبەتیش لەرووی داراییەوە، ڤیان گوتی "سولفەیەکمان لەدارایی مابوو بۆیان سەرف نەدەکردین، بەڵام فەرماندەیی دهۆک هەموو شتێکیان بۆ کڕین، هەروەها بودجەی سەنتەرەکەمان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بۆ خەرجکرا".

دوابەدوای تەواوبوونی بینای سەنتەرەکە، ململانێیەکی زۆر دروستبووە، لەسەر ئەوەی ئەو سەنتەرە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریی بێت یان شوێنێکی دیکە.

ڤیان گوتی "پاشکردنەوەی بینایەکە دژایەتییەکی زۆری ئێرە دەکرێت، وەزارەتی رۆشنبیری نامەمان بۆ دەنێرێت دەڵێ بۆچی سەنتەرەکەتان بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە کردووە".

بەپێی قسەی ڤیان تاپۆی زەوی سەنتەرەکە بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوەیەو بودجەکەشی لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بەناوی خێزانی پێشمەرگە بۆ خەرجکراوە، ڤیان گوتی "وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێت ئەوە موڵکی ئێمەیە، بەڵام کاتێک لەرووی کەلوپەلەوە کێماسیمان هەبوو، داوامانلێکردن مانگانە یارمەتیمان بدەن گوتیان ناتوانین، زەوییەکەمان بەناوی فەرماندەیی دهۆکەوە وەرگرتووە و ئەوانیش پشتگیریان کردووین، ئێستاش لەنێوان ناڵ و زنجیردا ماوینەتەوە".

ڤیان پێندرۆیی ئەوەی نەشاردەوە کە مانگانە بڕی 3 ملیۆن دینار لەوەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرن، بەڵام "ئەو 3 ملیۆنە بەشی 10 رۆژمان ناکات، لەمانگی 4ی ئەمساڵەوە تا ئێستا 9 ملیۆن دینار قەرزارین".

بەپێچەوانەی ئەو سەنتەرانەی کە کەسی یەکەم بەپلە یەک لەخێرو بێری سەنتەرەکان سوودمەند دەبن، لەسەنتەری رۆشنبیری پێشمەرگە سوودمەندی سەرەکی چایچی و خزمەتگوزاری سەنتەرەکەن، ڤیان گوتی "ئەوانەی لێرە کار دەکەن مووچەیەکی رەمزیان دەدەینێ، کە نزیکەی 50-75 هەزار دینارە، بەڵام چایچی و خزمەتگوزار هەر یەکەیان 150 هەزار دیناریان دەدەینێ، چونکە زۆر ماندوو دەبن".

هەر چەندە سەنتەرەکە سەنتەرێکی رۆشنبیرییە و ناوی پێشمەرگەی بەسەرەوەیە، بەڵام ڤیان رەتیکردەوە کە سەنتەرەکە حیزبی بێت، ڤیان گوتی "راستە من کادیری فەرماندەیی دهۆکم، بەس ئەو سەنتەرە تەنیا بۆ پارتی نییە، من بۆ نموونە لەکاتی کردنەوەی وۆرکشۆپەکاندا خوشکانی یەکگرتووش بەشدار دەبن. کار ەکە رۆشنبیرییەو لایەنگری حزبایەتی تێدا ناکەم. هەندێک شت نەتەوایەتیە هەموو حزبەکان تێیدا بەشدارن، فەرق ناکات پارتی بێ یەکێتی یان یەکگرتوون".

---

# سلێمانی 102ی کردووە بەدوکانەکەی عارفی عەتار

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو – سلێمانی**

عارفی عەتار، ناوێکی دیاری بازاڕی حەفتاکانی سلێمانی بوو . لەدوکانەکەی عارفی عەتاردا هەموو جۆرە پێویستییەکی مرۆڤ دەستدەکەوت، هەر لەدەرمان و خۆراکەوە بگرە تا دەگاتە تەڵەی مشک و جلو بەرگ، هەربۆیە ئەو پیاوە ناودەنرێت عارفی عەتار. هەنوکە هەندێک لەهاووڵاتییانی شاری سلێمانیش دەیانەوێت بگۆڕی شارەکەیان، وەک دوکانەکەی عارفی عەتار لێبکەن و هەموو شتێکیان دەستبکەوێت.

"ئەرێ کاکە گیان ئەو تەقەیە چی بوو ؟"، " توخوا زەحمەت نەبێت ئەو حەریقە لای ماڵی ئێمەوە رۆیشت بۆ کوێ دەچێ؟". " کچی باش موعجیبی دەنگت بووم و دەمەوێت تەعاروفێک بکەین". "ئەرێ کاکە دائیرەی کارەبا بۆ جواب نادەنەوە؟"، ئەوە ئەو داواکارییە سەیرو سەمەرانەن کە هەندێک لەدانیشتووانی سلێمانی رۆژانە لە بگۆڕی 102ی شارەکەیان داوای دەکەن.

عەلی ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی 102 و 144ی بگۆڕی سلێمانی حەز دەکات خەڵک لە موعاناتەکانی 102 تێگەیشتنایە تاوەکو ئەوەندە کارمەندەکانیان ئەزیەت نەدەن "بەڕاستی گیرۆدە بووین، رۆژانە خەڵک تەلەفۆن دەکەن و داوای شتی سەیرو سەمەرە دەکەن، کە ئەسڵەن هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە".

عەلی ئەحمەد محەمەد، رایگەیاند "بەردەوام ژمارەی سانا دەخەینە لیستی رەش، چونکە ئەو مۆبایلانەی کە بۆ رابواردن و قسەی ناشیرین تەلەفۆن بۆ 102دەکەن، سانان، بەداخەوە کۆمەڵێک مۆبایلی سانا فێربوون بەبێ ئەوەی ئیشیان هەبێت تەلەفۆن دەکەن و ئەو کچە داماوانە مەشغوڵ دەکەن و داوای عیلاقەو شتی وایان لێدەکەن وقسەی ناشیرین دەکەن".

بەشی 102 لەبگۆڕی سلێمانی، خزمەتگوزارییەکی24 کاتژمێرییەو تاکە ئەرکی ئەوەیە کە ژمارە تەلەفۆنی شوێنە گشتی و حکومییەکان و ماڵان بداتە هاووڵاتییان، کەچی کارمەندانی ئەو بەشە باس لەوە دەکەن، کەهاوڵاتیان جگە لەو خزمەتگوزارییە، خزمەتگوزاری ناشارستانییانەی دیکەشیان لەبەشەکە دەوێت "کوڕێک ڕادیۆکەی نابوو بەمایکی تەلەفۆنەکەو دەیگوت گوێ لەو بەرنامەیە بگرن، ئینجا ژمارە تەلەفۆنەکەم بدەنێ". سۆنیا سدیق دەڵێت کاری من ئەوەیە گوێ لەبەرنامەی رادیۆیی بگرم یان ژمارە تەلەفۆن بدەمە خەڵک.

ئەو کچە کارمەندەی 102 بەسەرهاتی دیکەشی لەلایە و دەڵێت "رۆژێک ژنێک تەلەفۆنی کرد، گوتی ئا دایکەکەم تەلەفزیۆنەکەمان بۆگەنی کردووەو سەلاجەکەشمان سوتاوە، چی بکەین". سۆنیا کە ماوەی 5 ساڵە لەبگۆڕی سلێمانی کار دەکات وەک خۆی باسیکرد ئێستا زیاتر لە 2 هەزار ژمارە تەلەفۆنی داو و دەزگا حکومییەکان و رێکخراوەکانی لەبەرە.

ئەو ژمارەیەی کە زۆربەی کات لەلایەن هاووڵاتییانەوە داوا دەکرێت، ژمارەی بەرێوەبەرایەتییەکانی خانەنیشینە، بۆیە عەلی ئەحمەد داوا لەبەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین دەکات کە سەرجەم ژمارەکانیان بدەنێ، چونکە رۆژانە خەڵکێکی زۆر داوای ژمارەی ئەو بەرێوەبەرایەتییە دەکەن.

دوابەدوای خانەنشینی ژمارەی تەلەفۆنی فەرمانگەی ئاو و کارەبا و بەرنامە راستەوخۆکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان زۆرترین داواکاریان لەسەرە.

ئەوەی بەناز حەمە رەشیدی کارمەندی 102ی بێزار کردووە لێشاوی منداڵە تەلەفۆن بەدەستەکانە "نازانم دایکان و باوکان چۆن دەهێڵن منداڵەکانیان بەو شێوەیە رەفتاربکەن، منداڵێکەو ناوی خۆی نازانێت، کەچی 102 لێدەدات و بەئارەزووی خۆی ئێمە سەرقاڵ دەکات".

جگە لەوەش بەناز ئاماژەی بەوەدا کە رۆژانی یەکشەممە زۆرتین تەلەفۆنیان بۆ دەکرێت و بەردەوامیش پرسیاری رۆژانی پشوویان لێدەکرێت "رۆژانی پێش پشوو، سەدان تەلەفۆن دەکرێت کە ئایا بەیانی دەوام هەیە یان نا، ئاخر ئەوە کەی ئیشی ئێمەیە".

ئەوەی کە بەلای ئەو کچە تەمەن 30 ساڵەوە خۆشە، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەنفلەوەنزای پەلەوەر "تەلەفۆنیان دەکردو دەیانگوت، ئەرێ مریشکێکمان کڕیوە، بیخۆین یان نا ؟ ئێمەش دەمانگوت بابە بیخۆن و بیبرژنەوە".

عەلی ئەحمەد هیواخواز بوو کەهاوڵاتیان رێزلەماندووبوون و شەونخونی کارمەندەکانیان بگرن و هاوکات دانانی کچانیش لەسەر تەلەفۆنەکانی بەدالە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کەکچ لەکوڕ عەسابی ساردتر و لەسەر خۆترو عاتفیترەو زیاتر تەحەمول دەکەن "داواکارم لەهاوڵاتیان لەوکاتەی داوای ژمارەیەک دەکەن، قەڵەم و کاغەزیان پێبێت بۆ ئەوەی خێرا ژمارەکە بنوسن و کاتی کارمەندەکان نەکوژن".

گوتیشی "جاری واهەیە تەلەفۆنی دائیرەیەکیان پێدەدەین و دوای کەمێک دیسان تەلەفۆن دەکاتەوە دەڵێت باشە بۆچی تەلەفۆنەکە هەڵناگرێت ؟ ئەی ئێمە چوزانین



بەشی 102ی بگۆڕی سلێمانی (فۆتۆ:رووداو)

بۆهەڵیناگرێت".

یەکێک لەو گلەییانەی لەو بەشە دەکرێت پێنەدانی ژمارە تەلەفۆنی هەندێک لەفەرمانگەکانە، بەڵام لێپرسراوی بەشی 102 رەتیکردەوە کە بەئەنقەست ئەو کارە بەئەنقەست بێ و گوتی "ژمارەی هەموو دەزگاو رێکخراوەو سەندیکاو کۆمەڵەکانمان لایە، مەگەر دەزگایەک خۆی ژمارەی نەدابێتە بەدالە".

ئەوەی بەلای سۆنیاوە ناخۆشە ئەوەیە هاووڵاتییەک داوای ژمارەی دەزگایەک بکات و لایان نەبێت . هەروەها سۆنیا ئاماژەی بەوەشدا کە لەکاتی کوژانەوەی کارەبای گەڕەکێک بەلێشاو تەلەفۆن دادەبارێتە سەر ژمارە 102 سۆنیا دەڵێت "باشە خۆ ئەو دائیرەیە تەنیا یەک تەلەفۆنیان هەیەو ئەو هەموو خەڵکەش دەیەوێت لەیەک کاتدا هەمووی وەریبگرێت".

---

# دەبۆکە بۆ گڕی گرت؟

**ئامانج خەلیل**
**رووداو – سلێمانی**

■ **بەشێوەیەکی کتوپڕ دووکەڵ لەناوەڕاستی سلێمانییەوە بەرزبوویەوە، هێشتا پیاوانی ئاگرکوژێنەوە نەگەشتبوونە سەر ئاگرەکە، دوکاندارەکانی بازاڕی دەبۆکە هاواریان دەکرد"تەلەفۆن بۆ ئاگر کوژێنەوە بکەن، ماڵمان کاول بوو".**

تا هێزەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتنە شوێنەکە، ئاگر کۆنترۆڵی چەند دوکانێکی کردو بەردەوام کڵپەی دەسەند، بۆنی پێڵاوو هەندێک لەدەرمانی جوانکارییەکان ئاسمانی سەنتەری شارەکەی گرت.

بازاڕی دەبۆکە یەکێکە لەکۆنترین بازاڕەکانی شاری سلێمانی و چەندین دوکانی جۆراوجۆری تێدایەو دەکەوێتە سەنتەری شاری سلێمانییەوە، بەوتەی دوکاندارەکان ئەمە بۆ جاری دووهەمە ئاگری لێ بەرزدەبێتەوە ئەویش بەهۆی ئەو بینا بەرزەی تەنیشتیەوە کە تازە دروستدەکرێت.

سەرچڵ کەریم، یەکێکە لەو دوکاندارانەی بازاڕی دەبۆکە، بەهۆی سووتانەکەوە سەرجەم کەلوپەلی ناو دوکانەکەی سووتا، ئەو ماوەی 15 ساڵ لەو دوکانەدا کار دەکات، دوکانەکەشی بەسەدان جۆر پێڵاوی تێدا بووە .

سەرچڵ وتی کە لەبیناکەی تەنیشتیانەوە کە بە بینای حاجی حسێن ساڵح زڕگوێزی ناسراوە، بەهۆی لەحیمکردنەوە ئاگر لەبازاری دەبۆکە بەرزبۆتەوە.

هەروەها وتیشی"پێویستە حکومەت قەرەبووی ئێمە بکاتەوە ئەگەر خاوەنی ئەوبینایەکی وەرگرتبێت بۆ مان."

سەرچڵ لەگەڵ سەیرکردنی پێڵاوە سووتاوەکانی ناو دوکانەکەی دەگریاو فرمێسکی چاوی دەسڕی، ئەو بەشی زۆری دەموچاوی و گیانی بەسووتووی ئاگر ڕەش



زیانی سووتانی بازاڕی دەبۆکە بە نیو ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت (فۆتۆ:رووداو)

بووبوو بەهۆی ئەوەی کە هەوڵ بدات پێڵاوی ناو دوکانەکەی لەسووتان رزگار بکات، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود دەرچوو.

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، بڕی زیانەکان زیاتر لە 400 هەزار دۆلاری ئەمەریکی دەبێت، ئەویش لەدوای ئەوەی نزیکەی 50 دوکان بەتەواوەتی گڕیان گرت و شتومەکەکانی ناوی بوون بەقەقنەس.

هەرچەندە پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بەزیادکردنی ژمارەی کارمەندەکان و ژمارەی ئاگرکوژێنەوەکان هەوڵیان دەدا کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکەن، بەڵام زیاتر لەکاتژێرێکی خایاند تا بەشێوەیەکی یەکجاری ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.

پیاوانی ئاگر کوژێنەوەو هێزەکانی پۆلیس لەسەر رووداوەکە تووشی کێشە بوونەوە لەگەڵ ئەو هاووڵاتییانەی کە بۆ تەماشاکردن روویان لەشوێنەکە کردبوو، بەدەیان هاووڵاتی هاتبوونە نزیک بازاڕەکە، ئەویش تەنها بۆ بینینی دیمەنی سووتانەکە.

هێزەکانی پۆلیس بەزەحمەت توانییان هاووڵاتییان لەشوێنی رووداوەکە دوور بخەنەوە، بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی پۆلیس چەند مێردمنداڵێک لەکاتی رووداوەکەدا بەتۆمەتی دزیکردن دەستگیر کراون.

موقەدەم ئاری مەعروف، لێپرسراوی بنکەی ئاگر کوژێنەوەی پیرەمێرد لەبارەی ئاگرەکەوە وتی بەوتەی دوکاندارەکان بەهۆی لەحیمکردنەوە ئاگرەکە کەوتوەتەوە .

ئەو موقەدەمە گوتیشی"بەهۆی تەسکی شوێنەکەوە هێزەکانی ئاگر کوژێنەوە نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی باش کارەکانیان ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی رێگربوون لەئەنجامدانی کارەکانمان، بەڵام دوای نزیکەی کاتژمێرێک توانرا ئاگرەکە کۆنترۆڵبکرێت و دوکانەکانی دیکە لەسوتان رزگار بکرێن".

بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە 15 ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە لەبنکەکانی پیرەمێرد، شەست مەتری، بەکرەجۆ، چوارباخ، بەشدارییان لەکوژاندنەوەی ئاگرەکەدا کرد.

مەحەمەد سەرحەد، یەکێکی دیکەیە لەو دوکاندارانەی کە بەشی هەرە زۆری دوکانەکەی سووتاوە، دوکانەکەی دەکەوێتە سەرەتای بازاڕەکەوە، لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا زۆربەی پێڵاوی ناو دوکانەکەی کەوتبوونە سەر ئاو و تەڕ بووبوون، مەحەمەد بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد"ئەو بینایە ماڵی ئێمەی کاول کرد."

بینای حاجی حسێن مەر ساڵح زڕگوێزی بەچەند مەترێک کەوتوەتە پشت بازاڕی دەبۆکەوە، ئێستا کار لەو بینایەدا دەکرێت کە بینایەکی گەورەی بازرگانییەو پێشتر بەشوێنی "سەفەرو جنسیە" ناو دەبرا.

دوکاندارەکان داوا لەبەرپرسانی ئیداری پارێزگای سلێمانی دەکەن، کە قەرەبووی ماددیان بۆ بکرێتەوە بەتایبەت زیانەکان بخرێتە ئەستۆی خاوەنی پرۆژەکە کە بووەتە هۆی سووتانی دوکانەکان.

زانا مەحەمەد ساڵح، قائیمقامی مەرکەزی سلێمانی لەبارەی رووداوەکەوە رایگەیاند کە ئەوان سەنتەری ناوشاری ئاسایشیان ئاگادار کردووەتەوە تاوەکو لێکۆڵینەوە لەرووداوکە بکات بۆ زانینی هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکە.

لەبارەی قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتووانیش زانا گوتی "بڕیاری قەرەبوکردنەوە لەدەستی پارێزگاری سلێمانیدایە، بەڵام زیانێکی گشتی نییە، بۆیە باوەڕناکەم قەرەبووبکرێنەوە، زیاتر ئەو کەسانە قەرەبوودەکرێنەوە کە بەهۆی رووداوە سروشتییەکانەوە تووشی زیان دەبن، وەک لافاوەکەی ساڵی رابردوو".

### بەنزین و برنج و زبڵ سووتاندن هۆکاری زیادبوونی نەخۆشییەکەن

# شێرپەنجە لە کوردستان بەشێوەیەکی مەترسیدار روو لەزیادبوون دەکات



لە ساڵی 2007 لە کوردستاندا 547 کەس بە نەخۆشی شێرپەنجە مردوون

**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمان نەخۆشیی شێرپەنجە لەکوردستاندا بەشێوەیەکی مەترسیدار رووی لە زیادبوون کردووە و لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی (ڕووداو)یشدا دەرکەوتووە کە برنج و بەنزین و گاز و زبڵ هۆکاری زیادبوونی ئەم نەخۆشییەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمانی کوردستان، نەخۆشییە مەترسیدارەکانی وەک شێرپەنجە بەڕێژەیەکی زۆر لە کوردستان زیادی کردووەو یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم نەخۆشییەش بەکارهێنانی خۆراکی خراپە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کەوێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، نەخۆشیی شێرپەنجە بەبەراورد لەگەڵ 7ساڵ پێش ئێستا نزیکەی چوار هێندە زیادی کردووە. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی کەوێنەیەکی دراوە بە (ڕووداو) لە 2007 لەهەولێر 186کەس، لە دهۆک 134، سلێمانی 227 بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دواییان کردووە، واتە لە ماوەی یەکساڵدا 547 کەس بە نەخۆشی شێرپەنجە مردوون، لە دوای نەخۆشی جەڵتەش، شێرپەنجە دووەم هۆکاری مردنە لە کوردستاندا.

لەڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لەساڵی 2000دا لەپارێزگای سلێمانی 250 – 300 حاڵەتی نەخۆشیی شێرپەنجە هەبووە، لەساڵی 2006دا بەشێوەیەکی مەترسیدار بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە 782 حاڵەت. لەساڵی 2007یشدا، هەڵکشانی ژمارەکە بەردەوام بووە تا گەیشتووەتە 1067 حاڵەت، لە 4 مانگی سەرەتای 2008یشدا، 283 نەخۆشیی شێرپەنجە لەو نەخۆشخانەیە تۆمارکراوە.

بەپێی دوایین ئاماری نەخۆشخانەی هیوا لەسلێمانی کە تایبەتە بەنەخۆشیی شێرپەنجە، نەخۆشییەکە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی مەترسیدار رووی لەزیادبوونە، لەئامارەکەدا هاتووە"لەساڵی 2006 دا 500 حاڵەتی نەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە، لەساڵی 2007 دا 1050 حاڵەت، لە شەش مانگی نیوەی یەکەمی ئەمساڵیشدا 836 حاڵەتی تووشبوو بەنەخۆشیی شێرپەنجە تۆمارکراوە".

ڕاپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمان ئاماژەی بەهۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییە کردووەو دەڵێت یەکێک لەهۆکارەکانی زیادبوونی نەخۆشییەکە خواردنی خۆراکی خراپە کە بەبێ کۆنترۆڵ ڕەوانەی کوردستان دەکرێت. بەڵگەی ئەوەش دەهێنێتەوە کە پێش چەند مانگێک کۆمپانیایەکی خۆراکی بیانی نموونەی برنجی بازاڕەکانی کوردستانی وەرگرتووە و دەریانخستووە کە ڕێژەیەکی زۆری ماددەی (Aflatoxin)ی تێدایە، کە جۆرە کەڕوویەکەو دەبێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر".

د. زریان عوسمان وەزیری تەندروستی سەرباری چەندین هۆکاری دیکە، پێیوایە دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە نەخۆشی شێرپەنجە لەکوردستاندا زیاد دەکەن ئەوانیش زۆریی جگەرەکێشان و پیسبوونی ژینگەی کوردستانن و پێیوایە بەکەمکردنەوەو چارەسەرکردنیان ژمارەی تووشبوانی شێرپەنجەش کەمدەبێتەوە. ژینگەی کوردستان ژینگەیەکی ناتەندروستەو یەکێکە لەو هۆیانەی کە نەخۆشی شێرپەنجە بەهۆیەوە زیاد دەبێت، ئەو بەنزین و گازەیە کە بۆ ئۆتومبێل بەکاردەهێنرێت. دارا محەممەد وەزیری ژینگەی حکومەتی کوردستان لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی " ئەو سووتەمەنییەی ئۆتۆمبێل لەکوردستاندا بەکاریدەهێنێت مادەی ڕەساسی تێدایە، کەمادەیەکی ژەهراوییەو دەبێتە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە". هەربۆیە وەزیری ژینگە داوا دەکات لەپێناوی تەندروستی هاووڵاتیاندا ڕێگە لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە بەنزین و گازە بگیرێت، دارا محەممەد دەڵێت "لەوڵاتانی دونیا ڕێگە نادرێت بەنزینەکەیان ڕەساسی تێدابێت، بەڵام لەکوردستاندا بەبێ فلتەر بەکاردەهێنرێت".



## سووتەمەنیی ئۆتۆمبێل لە کوردستاندا دەبێتە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە

**دارا محەممەد**
**وەزیری ژینگەی حکومەتی کوردستان**

تائێستاش خۆڵ و خاشاکی نێو شارەکانی کوردستان نەژێر زەوی دەخرێت و نە لەهیچ کارگەیەکدا هەوڵ بۆجیاکردنەوەو دووبارە بەرکارهێنانەوەی دەدرێت، سووتاندنی ئەم خاشاکەش کەپیسبوونی ژینگەی لێدەکەوێتەوە، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر تەندروستی هاووڵاتیان. وەزیری ژینگە ئاماژە بەوە دەکات کە سووتاندنی زبڵ گرفتێکی گەورەیە، ئەو پلاستیک و کەرەستانەی لەناو زبڵدا دەسووتێنرێن مادەی دایۆکسینیان تێدایە کە یەکێکە لەهۆکارەکانی نەخۆشیی شێرپەنجە".

وەزیری ژینگە پێیوایە بەکارهێنانی سووتەمەنیی خراپ و سووتاندنی خاشاک ڕێژەی شێرپەنجە ڕۆژبەڕۆژ لەکوردستاندا زیاد دەکەن، ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە تەندروستی هاووڵاتیان لەمەترسیدایە.

## لەکوردستاندا نەتوانراوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ دەستنیشانکردنی شێرپەنجە و هۆکارەکانی دابین بکرێت و، پێویستە حکومەت پارەی بۆ تەرخان بکات

**د.سامی ئەحمەد**
**بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلی لەهەولێر**

د.سامی ئەحمەد بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلی لەهەولێر کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتە بەنەخۆشییەکانی شێرپەنجە،، ئەوە بۆ (ڕووداو) دەخاتەڕوو کە جگە لەشێرپەنجەی خوێن، زۆربەی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە لەئافرەتاندا شێرپەنجەی مەمکە و لەپیاوانیشدا شێرپەنجەی سینگە.

د.سامی ئاماژە بەوە دەدات کە هەر شوێنێک بەچەکی کیمیاوی یان ئەتۆمی لێیدرابێت ژمارەی تووشبوانی شێرپەنجە تێیدا زۆرەو بەکارهێنانی مادەی کیمیاوی لەناو ماڵان و کشتوکاڵیشدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئەو نەخۆشییە، هەروەها دەڵێت "ئەو دەرمان و خۆراکەش کەبەبێ کۆنترۆڵ دێتە کوردستانەوە ڕۆڵیان هەیە لەدروستبوونی ئەم نەخۆشییەداو پیسبوونی ژینگەش هۆکارێکی دیکەیە، ئەگەر لە پیرمامەوە لەهەولێر بڕوانی هەورێکی ڕەش لەسەر هەولێر دەبینی".

د.سامی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە تا ئێستا لەکوردستاندا نەتوانراوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەو هۆکارەکانی دابین بکرێت، چونکە سەنتەر پێویستی بەپارەیەو دەبێت حکومەت بۆی دابینبکات".

# مەرجێک کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان لە کوردستان تووڕە دەکات



**لەنجە عەبدوڵڵا**
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

هاوکات لەگەڵ بەردەوامی کێشەی هاتنی دەرمانە خراپ و بەسەرچووەکان بۆ کوردستان، وەزارەتی تەندروستی و دەزگای کۆنترۆڵی جۆری چەند مەرجێکی تازەیان بۆ کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان داناوە، یەکێک لەو مەرجانەش ئەوەیە دەبێت کۆمپانیاکانی کوردستان بریکاریی لە کۆمپانیاکانی بەغدا وەربگرن بۆ هێنانی دەرمان، ئەمەش بووەتە مایەی ناڕەزایی کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان لە کوردستان.لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەی ئەوە لەو مەرجە دەگیرێ کە کۆمپانیاکانی کوردستان دەکاتە پاشکۆی کۆمپانیاکانی بەغدا.

لەچەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی جۆری لەسەر هاتنی دەرمان، کوردستان ببووە شوێنی ساخکردنەوەی دەرمانە کات بەسەرچوو و خراپەکان.

ڕۆژی 2008/7/1 بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، سمینارێکی لە هۆڵی تەندروستی بۆ خاوەن کۆمپانیاکانی هێنان و دابەشکردنی دەرمان لەکوردستان ئەنجامدا،بە مەبەستی دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ چۆنیەتی هێنانی دەرمان.

یاسای ژمارە 40، کە بەیاسای (دەستدانە پیشەی دەرمانسازی) ناسراوە و لەساڵی 1970 دەرچووە و دواتر هەموار کراوە، بەپێی مادەی 59 ی یاساکە، 8 مەرج بۆ کۆمپانیاکانی هێنان و دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکییەکان دانراوە.

گرنگترین مەرجەکانیش ئەوەیە: کۆمپانیاکە بڕوانامەی دامەزراندنی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان وەرگرتبێت و لەهەمانکاتیشدا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری تەندروستی بەشی دەرمانسازی مۆڵەتی پێدابێ.

جگە لەوەش بەپێی یاساکە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا دەبێ دەرمانساز بێت، خزمەتە فەرمانبەرایەتییەکەی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێ. لە مەرجی چوارەمی یاساکەشدا ئاماژەی بەشوێنی هەڵگرتنی دەرمان و رووبەرەکەی و وردەکارییەکانی کۆگای هەڵگرتنی دەرمان کردووە.

بەڵام ئەو مەرجانە کەمتر لە بواری دەرماندا لە کوردستاندا ڕەچاوکراون، جگە لە پشتگوێخستنی ئەورەزامەندییانەهەڵگرتنیشیان دوور لە مەرجە تەندروستییەکانە، بەشێوەیەک لەبەر گەرما و ڕووناکی لە دەرمانخانەکان دادەنرێن، کە کاریگەریی دەرمانەکە ناهێڵێت.

بەپێی مەرجی شەشەمی هەمان یاسا، پێویستە ئەو دەرمانانەی لە بازاڕەکانی کوردستان دەفرۆشرێن مۆڵەتی فرۆشتنیان هەبێت لەلایەن ئاژانسی کۆنترۆڵی پزیشکی کوردستانKMDC. ئەو مۆڵەتەش بۆ هەر دەرمانێک بەجیا دەدرێت، پێش ئەوەی دەرمانەکە بێتە ناو هەرێمی کوردستان.

دەرمانساز شلێر محەممەد لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری تەندروستی، لەبارەی ئەو مەرجانەوە گوتی "ئێمە وەکو وەزارەت 8 مەرجمان داناوە بۆ ئەو کەسەی کۆمپانیا دادەنێن، مەرجی سەرەکیش دەبێ ئەو کەسە دەرمانساز بێت و جگە لەهێنانی دەرمان هیچ کارێکی دیکە نەکات".

هەر سەبارەت بەمەرجەکانی هێنانی دەرمان، دکتۆرە مژدە خدر مەولود، سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، ڕایگەیاند کە سەندیکاکەیان ماوەیەک بەر لە ئێستا بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی و بەرەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چەند مەرجێکیان داناوە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە کاری هێنانی دەرمان دەکەن.

دکتۆرە مژدە لەبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامانجمان ئەوەیە بزانین ئەو دەرمانانەی دێنە کوردستان لەکام لاوە دێن و کێ بەرپرسە بەرامبەر هێنانی ئەو دەرمانانە، چونکە پێشتر هەموو کەسێک لە هەموو ئاستێکدا دەرمانی دەهێناو زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاییش هەر هاووڵاتی نەخۆش بوو".

ئێستا 27 کۆمپانیای هێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانییەوە مۆڵەتیان پێدراوە.

سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان تێبینی لەسەر ئەو کۆمپانیایانە هەیە و دەڵێت "کۆمپانیاکان ئەو مەرجانەیان تێدا نییە، کە ئێستا دانراون، بەڵام دەبێت هەموو مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای دەرمانسازان و کۆنترۆڵی جۆری جێبەجێ بکەن و لەگەڵ کۆنترۆڵی جۆری ڕێکبکەون کە وەکالەت لە چ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێن وەردەگرن بۆ هێنانی باشترین جۆری دەرمان".

وەزارەتی تەندروستی لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتی دەرمان، لەلایەکی دیکەوە دەزگای کۆنترۆڵی جۆریش بڕیاریداوە کۆمپانیاکانی کوردستان بریکاریی هێنانی دەرمان لەکۆمپانیاکانی بەغدا وەربگرن، ئەو بڕیارەش بووەتە جێگەی نیگەرانی کۆمپانیاکانی دەرمان لەکوردستان.

دکتۆر خەلدون محەممەدعەلی، خاوەنی کۆمپانیای دانا فارما لەدهۆک، گلەیی لەو مەرجەی دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دەکات و دەڵێ "ئێمە ئێستا بریکاری بەغداین و ناتوانین ڕاستەوخۆ دەرمان بۆ کوردستان هاوردە بکەین، جگە لەوەش کۆمپانیاکانی بەغدا دان بەکۆمپانیاکانی کوردستان نانێن، بۆ نموونە ئەگەر دەرمانەکەمان لەکوردستان پشکنینیشی بۆ کرابێت ئەوان ناهێڵن بیبەینە بازارەکانی بەغدا، بەڵام بەپێچەوانەوە دەرمانەکانی ئەوان دێنە بازارەکانی کوردستان".

ئەوەش لەکاتێکدایە ڕێکخراوە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان باس لەوەدەکەن بە هۆی ناسەقامگیری باری ئاسایش لە عێراق زۆرترین ساختەکاری لەو دەرمانانە دەکرێ کە دەبردرێنە بەغدا.

د.سەربەست جەباری، خاوەنی کۆمپانیای ئیکسلاند، زۆر بەتووندی ڕەخنەی لەبڕیارەکانی وەزارەتی تەندروستی و دەزگای کۆنترۆڵی جۆری گرت و گوتی" ئەم بڕیارە تەنیا خزمەتی بازرگانەکانی بەغدا دەکات"، گوتیشی "ئێمە چەند ساڵە دەمانەوێت پشت بەخۆمان ببەستین، کەچی تازە بەتازە دەیانەوێت ناچاری کۆمپانیاکانی بەغدامان بکەن کە بەئارەزووی خۆیان دەرمانمان بدەنێ".

ئەو دکتۆرە پێیوایە بڕیارەکەی وەزارەت ناچاریان دەکات دەرمان لەکۆمپانیا کۆنەکان بکڕن و گوتی "ئێمە دەتوانین لەهەموو وڵاتێک دەرمان بهێنین ئەگەر ڕێگامان پێبدرێت، بەڵام ئەم مەرجانە وامان لێدەکات کە دەرمان لەو کۆمپانیا کۆنانە بێنین کە تا ئێستا بازرگانەکانی بەغدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن".

د.ڕەمزی عوسمان، پێیوایە لەبەرئەوەی ئەو سیستەمە تازەیە " ئاساییە نا تێگەیشتن " لەلای خاوەن کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان هەبێت بۆ ئەو سیستەمە، هەر سەبارەت بە کۆمپانیاکانی کوردستانی گوتی لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانیانە بریکارێتی کۆمپانیا جیهانییەکانیان نییە بۆیە ئەو مەرجەیان داناوە بۆیان "کێشەی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە تا ئێستا بریکارێکی ڕاستەوخۆیان نییە لە کوردستاندا بتوانێت دەرمان بێنێت، ئێمە تەنیا دەمانەوێت کۆمپانیا مۆڵەت لەبەغداو لەهەرێمی کوردستان وەرگرێت بۆ ئەوەی بتوانین لەداهاتوودا مامەڵەی لەگەڵ بکەین".

## مەرجی سەرەکی ئەو کەسەی کۆمپانیای هێنانی دەرمان دادەنێت دەبێ دەرمانساز بێت و جگە لە هێنانی دەرمان هیچ کارێکی دیکە نەکات

دەرمانساز شلێر محەممەد
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری تەندروستی



دەبێ کۆمپانیاکانی کوردستان بریکاریی لە کومپانیاکانی بەغدا وەربگرن بۆ هێنانی دەرمان

(فۆتۆ: ڕووداو)

د. ڕەمزی عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا خەریکی دانانی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی دەرمانن لەکوردستان، لەبارەی کۆمپانیاکانی فرۆشتنی دەرمان گوتی "دەبێ ئەو کۆمپانیایەی کۆمپانیاکانمان دەرمانی لێدەکڕن لەدەرەوە هەموو ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی تێدابێت، نابێت دەرمان لەهەموو کۆمپانیایەک بکڕن".

## ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی:

# لە بانکەکانی موسڵ و بەسرە پارە هەیە و لەکوردستان نییە

■ ماوەیەکە فەرمانبەرانی کوردستان سۆراخی وردەکارییەکانی زیادبوونی مووچە و ڕاستی ودروستی وەرگرتنەوەی زیادەی ئەو شەش مانگەن کە دەنگۆی ئەوە هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێیان وەریگرێتەوە، ڕووداو بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسانەو چەند بابەتێکی دیکە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان کرد.

هەڤپەیڤین: عەلی حەمە ساڵح


(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: بەپێی دوایین بڕیار، دەڵێن زیادەی مووچەی شەش مانگی سەرەتای ئەم ساڵی فەرمانبەران بەیەکەوە دەدرێت؟**

**ڕەشید تاهیر:** من کار بەلێدوانی ڕۆژنامەوانی ناکەم و پشت بەو نووسراوە فەرمییانە دەبەستم کە بەڕێنمایی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا دابەش دەکرێت، کۆمەڵێک ڕێنماییمان دەرکردووە و بەنووسراوی فەرمی بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا دابەشمان کردووەو ڕوونمانکردووەتەوە کە زیادەی مووچەی شەش مانگی ڕابردوو قۆناخ بەقۆناخ خەرجی دەکەین، بۆنموونە مانگی یەک لەگەڵ مانگی حەوتداو مانگی دوو لەگەڵ هەشتدا خەرجدەکەین، تائێستا بەو شێوەیەیە، هۆکارەکەشی لەبەر ئەوەیە کە پارەی پێویست و سیولەی نەقدیمان نییە لەبانکەکاندا، بەڵام کەسەردانی بەغدامان کرد وەک شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەنووسراوی ژمارە 14695 لە 2008/7/6 داوای بڕە پارەیەکمان کردووە لەحکومەتی بەغدا، کە بتوانین ئەو زیادەیە بدەین، دوای دوو ڕۆژ بەنووسراو وەڵامیان دایە وەو داوای هەندێک زانیارییان کرد، ئێمەش لە 7/15 زانیارییەکانمان ڕەوانە کردووە، ئێستا نوێنەرەکانی ئێمە لەبەغدا بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن. تا ئێستا وەڵامیان نییە، کە ئایا ئەو پارەیە ڕەوانە دەکەن یان نا. ئەگەر هەموومان بدەنێ، هەموو پارەکە بەیەکجار دەدەین، بەڵام ئەگەر نیوە یان چارەگێکیاندا ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام من گومانم لەوە هەیە پارەکە بدەن.

**ڕوودا: بەپێی زانیاری ئێمە پارە لە بانکەکانی کوردستان نەماوە، بۆیە ناتوانن ئەو زیادەی مووچە خەرجبکەن، ڕاستە؟**

**ڕەشید تاهیر:** ڕاستە، پارە نییە، پارە عایدی ئێمە نییە، پارە عایدی سیاسەتی نەختینەی حکومەتی مەرکەزییە، خۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پارە چاپ ناکات، پارەی یەدەگی بانکی ناوەندی هەموو لەدەست بانکی ناوەندی عێراقە، پێویستە ئەوان پارە بۆ بانکەکانی ئێمە دابین بکەن، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراق، بۆیە لە موسڵ و بەسرە پارە هەیە و لەکوردستان نییە، ئێمە نەمانگوتووە تەخسیسیمان زیاد بکەن، بەڵکو ئێمە داوای سیولەی نەقدیمانکردووە، لەبەر نەبوونی پارەو سیولەی نەقدی بڕیارماندا ئەو زیادەیەی مووچە قۆناخ بە قۆناخ بدەین.

**ڕووداو: یانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پارەیەکی یەدەگی نییە لە بانکەکاندا؟**

**ڕەشید تاهیر:** نەخێر نییەتی

**ڕووداو: بۆ زیادەی مووچەی ئەو شەش مانگەی فەرمانبەران چەند پارە پێویستە؟**

**ڕەشید تاهیر:** 790 ملیار دینارەو بەنووسراوی فەرمی داومانەتە بەغدا.

**ڕووداو: هیچ ئومێدێک هەیە کە 125 هەزارەکە بۆ مامۆستایان خەرجبکرێت؟**

**ڕەشید تاهیر:** ئێستا لەمانگی 7 داین، یاساکە دەڵێت لەمانگی 2008/1/1ەوە جێبەجێبکرێت، من ئەو یاسایە جێبەجێدەکەم، ئەو یاسایە مووچەی بنەڕەتی ڕێکدەخات، هەندێک کەس هەیە 250 هەزاردینار تەنیا لەمووچەی بنەڕەتییەکەی زیاد دەبێت، دەرماڵەی بڕوانامەو دەرماڵەی مەترسی پیشەییش هەیە، دەرماڵەی پێگەی ئیداری و شوێنی جوگرافیش هەیە، من هەموو ئەو ڕێنماییانە جێبەجێدەکەم.

**ڕووداو: زیادەی ئەو شەش مانگەی فەرمانبەران وەریان گرتووە لێیان وەردەگرنەوە؟**

**ڕەشید تاهیر:** نەخێر، ئەوەی لە هەقی زیاد بۆمان خەرجکردووە وەریناگرینەوە.

**ڕووداو: بڕی پارەی هەرێمی کوردستان لەبودجەی تەواوکاریدا چەندە؟**

**ڕەشید تاهیر:** 2 تریلیۆن و 917 ملیار دینارە.

**ڕووداو: لەچیدا خەرجی دەکەن؟**

**ڕەشید تاهیر:** بەرنامەمان داناوەو پاش دیاریکردن دەیدەینە پەرلەمانی کوردستان و ئەوانیش موسادەقەی دەکەن و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ڕووداو: بودجەی تەواوکاریش 54% بۆ ئیدارەی هەولێرەو 46%ی بۆئیدارەی سلێمانییە؟**

**ڕەشید تاهیر:** بەڵێ.

**ڕووداو: بڕیاری پێدانی پێشینەی خانووبەرە چی بەسەرهات؟**

**ڕەشید تاهیر:** پێشینەی خانووبەرەو سندوقی نیشتەجێبوون بڕیاری پەرلەمانەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندی لەسەر داوە، کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی دارایی 100 ملیۆن دۆلار بۆ سندوقی نیشتەجێبوون تەرخانکراوە، بۆ سولفەی عەقاریش وەزارەتی دارایی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کەڕێنمایی دەردەکات،ئێمە ئێستا لەقۆناخی جێبەجێکردنداین و لیژنەیەکی تایبەت بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە پێکهاتووەو لەکارکردندایەو لیژنەکە بڕی پێدانەکە دیاری دەکات و دەیداتە ئەنجومەنی وەزیران.

**ڕووداو: پێشنبینی دەکەی ئەمساڵ بدرێت؟**

**ڕەشید تاهیر:** بەبۆچوونی من دەدرێت.

**ڕووداو: بڕیار دراوە مووچەی پاسەوانی بەرپرسەکان زیادبکرێت، ئەی مووچەی پۆلیس بەگشتی زیاد ناکرێت؟**

**ڕەشید تاهیر:** تائێستا سێ یاسا دەرچووە، یاسای خانەنشین بە ژمارە 27 و زانکۆ 23و فەرمانبەران بە 22، ئەو سێ یاسایە لە 2008/1/1ەوە دەرچوون و جێبەجێدەکرێن، پێویستییەکانمان دیاری کردوون، بەڵام پاش ئەوەی پەرلەمانی عێراق واژۆی لەسەر کرد، ئێمەش وەک وەزارەتی دارایی بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێین ئەوە بڕی پارەکەیەو ئەوانیش بەئێمە دەڵێن بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا دابەشی بکەن و ئێمەش ئەوانەی کەنایان گرێتەوە، ئەوانەن کە لەناو حکومەتدان و کاتین، گرێبەستەکان و پلەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ سەرەوە ناگرێتەوە، هەروەها پێشمەرگەو پۆلیسیش ناگرێتەوە، هی پۆلیس لەیاسای پەرلەمانیشدا دەڵێت دەبێت مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدادا یەکسان بێت، بەڵام یاسای پۆلیس لەبەغدا دەرنەچووە و بەپێی زانیاری ئێمە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کردووە لە پەرلەمانی عێراقدا و گوایە بەم نزیکانە دەنگی لەسەر دەدرێت. لەسەر پێشنیازی هەردوو وەزیری ناوخۆی کوردستان و هەردوو وەزیری دارایی دانیشتوون، ڕەزامەندییان داوە کە گۆڕانکارییەک لەدەرماڵەی هێزی ناوخۆدا بکرێت و زیاد بکرێت، بەتایبەتیش دەرماڵەی ترسناکی، ئێستا لیژنەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دارایی کۆبوونەوەیان هەیە، بەدڵنیاییەوە هەرچوار وەزیر ڕەزامەندیان نواندووە کە ئەو بڕە پارە زیاد بکرێت و بیدەنە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو زیادەیان بۆ خەرجبکرێت تاوەکو لەبەغداوە یاسایان بۆ دەردەچێت.

**ڕووداو: بڕی زیادەکە چەندە؟**

**ڕەشید تاهیر:** لە 100 هەزار کەمتر نییە و هەموو پۆلیسیش دەگرێتەوەو کاتی خەرجکردنیشی لەدەست ئەنجومەنی وەزیراندایە؟

**ڕووداو: دەرماڵەی پزیشک و ئەندازیارەکان چی بەسەرهات؟**

**ڕەشید تاهیر:** هەندێک ڕێنمایی تایبەت لە بەغداوە دەرچووە، بۆ پزیشک 50%ی مووچەیان بۆ هاتووەو لە 2008/1/1ەوەو بۆیان خەرجدەکرێت و بۆ ئەندازیارەکانیش 35% - 50% بۆ هاتووەو لە 2008/7/1 بۆیان خەرجدەکرێت و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی پێوەردەگرین و دەیاندرێتێ.

**ڕووداو: حکومەتی بەغدا گلەیی ئەوە دەکات کە ئێوە لیستی یەک ملیۆن کەستان بۆ ناردوون کە مووچەیان 100 هەزار دینارە، بەڵام دەڵێن ئێوە تەنها 500 هەزار فەرمانبەرتان هەیە، ئەوە چۆن لێکدەدەیەوە؟.**

**ڕەشید تاهیر:** فەرمانبەر ئەوانەن ئێستا لەحکومەتی هەرێمدا کاردەکەن، بەڵام مووچەخۆر جیاوازە، خانەنشین و موختار و ڕێزلێنان و شەهیدان و قوتابیش دەگرێتەوە.

**ڕووداو: دەگوترێت، تەواوی مەڵبەندو لقەکان، واتە ئەندام و بەرپرسەکانیان لەناو ئەو ملیۆن و 100 هەزارەدا ژمێردراوە، بەرپرسی مەڵبەندو لق مووچەی وەزیر وەردەگرێت و کارگێڕ لق و مەڵبەندەکانیش مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن و بەپێی پۆستە حزبییەکانیان مووچەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە ڕاستە؟**

**ڕەشید تاهیر:** شتی وانییە و لق و مەڵبەند مووچە لەحکومەت وەرناگرن، ئێمە تەنها پاداشت دەدەینە حزبەکان و ئەوان چۆن خەرجی دەکەن پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە.

**ڕووداو: پەرلەمان دانیشتنێکی کرد بۆ دیاری کردن و ڕێکخستنی بودجەی حزبەکان و ئێستا پرۆژەکە ئاراستەی حکومەت کراوەتەوە، ئێوە چیتانکردووە بۆ ئەم مەبەستە؟**

**ڕەشید تاهیر:** منحەی حیزبەکان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێت و بۆ وەزارەتی دارایی دەنێردرێت و لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە دەیدەین.

**ڕووداو: خەڵک بۆ دواکەوتنی مووچەو بڕینی دەرماڵە گازاندەیان لەڕەشید تاهیرە تۆ دەڵێی چی؟**

**ڕەشید تاهیر:** شتێکی ئاساییە، خەتای ئەوەیە من بوومەتە واجیهە و ئەمە پۆستەمەو لایەنی جێبەجێکارم، ئەگەر لەم پۆستە نەبم کەس گازندەم لێناکات، من دوو شتم بەلاوە گرنگە یەکەم بزانم چ لەناو گیرفانی وەزارەتی داراییدا هەیە، دووەمیش من بەپێی ڕێنماییەکان کار دەکەم، بۆ نموونە کە ڕێنماییەک تۆ ناگرێتەوە، گلەیی دەکەی، ئەو خوایەی کە زەوی و ئاسمانی داناوە نیوەی خەڵک لێی ڕازی نییە، ئیتر چۆن لە من ڕازی دەبن.

## بۆ زیادەی مووچەی ئەو شەش مانگەی فەرمانبەران پێویستمان بە 790 ملیار دینارە و چاوەڕێی بەغداین بۆمان بنێرێت

## نیوەی خەڵک لەو خوایەی زەوی و ئاسمانی داناوە ڕازی نین، ئیتر چۆن لە من ڕازی دەبن

---

## قائیمقامێ قەزا ئامێدیێ :

# ئەگەر حیزبێ کارتێکرن ل کارێ مە کربا دا دەست ژ کارێ خو بەردەم

ئەڤە چەند سالە خەلکێ دەڤەرا ئامێدیێ دقەیرانا ئاکنجیبوونێ دا دنالن و حکومەت ناهێلیت خەلک بوخۆ ئەردێ خۆ ئاڤابکەت و خەڵک گازندا ژوێ یەکێ دکەت و کو ژێەر زالبوونا بەرپرسێن ئامێدیێ هە ر پروژەیەکێ بو دەڤەرێ دهێت ل ئامێدیێ خار ناکەڤیت، ئەڤ گازندە و هەژمارەکا گازندیێن خەلکێ دەڤەرا ئامێدیێ (رووداو) دانانە سەر مێزا ئیسماعیل محەممەد قایمقامێ قەزا ئامێدیێ و ئەڤ هەڤپەیڤینە دگەل سازکر:

هەڤپەیڤین :عەبدوللا نهێلی


ئیسماعیل محەمەد
(فۆتۆ: ڕووداو)

**رووداو: ئاریشا سەرەکییا دەڤەرا ئامێدیێ چییە؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** ئاکنجیبوونە .خویایە ل ئامێدیێ و شێلادزێ دێرەلوکێ تا کانی ماسێ ئێک لاییکرن د ئەردان نەهاتیە کرن، ئەرد ل سەرناڤێ بازێرڤانیێ نینە و ل سەر ناڤێ خەلکی ژی نینە، ژ بەرهندێ گەلەک ئاریشە پەیدا دبن. دەمێ ئەرد ل سەرناڤێ بازێرڤانیێ نەبیت ئەم نەشێن ئاریشێن خەلکی چارەسەربکەین. مە براڤێن کرینە ل سنوورێ بازێرڤانیێ دا بێخینە سەر ناڤێ بازێرڤانیێ ل دێرەلوکێ مە پارچەک ئێخستیە سەر ناڤێ بازێرڤانیێ هەر وەسا ل شێلادزێ وسیریێ ژی .ئەگەر ئەڤ ئەردە هەمی بهێتە سەر ناڤێ بازێرڤانیێ دێ گەلەک ژ قەیرانا ئاکنجیبونێ کێم بیت. هەر دیسان ئەمێ براڤا دکەین خانیا بو هاوەلاتیان ئاڤا بکەین، هەتا نوکە رازەمەندیا 287 خانیا ل دێرەلوکێ و سیریێ و شێلادزێ هەیە و 90خانیا ژی ل ناحیا چەمانکێ و، هندەک خانێن دی ل دیڤ قۆناغا دروستبوونا گەشەپێدانا هەرێمێ ل بامەڕنێ هندەک گوندێن دێ ئاڤاکەین.

**رووداو:پروژێن خزمەتگوزاری وەکی پێتڤی ل سنورێ قەزایێ نینە بۆچی؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** ل سالا 2007 نێزیکی 97پروژان ل سنوورێ قەزایێ هاتبوونە ئەنجامدان، پتر ژ 34 ملیار و 600 ملیون دینار بۆ هاتنە مەزاختن.بۆ سالا 2008 ژی هەتا ڤێگاڤێ رازەمەندی ل سەر 63 پروژان ب گوژمێ 17 ملیارو نیڤا هاتیە کرن 70ژ سەدێ نۆکە ئەو پروژە یێن کەفتینە دکاریدا. نابێژم سەد ل سەدێ پروژێن خزمەتگوزاری یێن ل دەڤەرا مەهەین .

**رووداو:خەلکێ دەڤەرێ دخازن سیستەمێ ئەمپیرێ رابیت و موەلیدێن ئەهلی بۆ بێنە دابینکرن،بەرسڤا وە چییە؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** ئەوە نەد بەرژەوەندیا خەلکی دایە. مولیدە ل سیریێ وشێلادزێ یێن هاتینە دانان و، ئەم دێ هاریکاریا هەر دانانەکێ کەین، لیژنا موەلیدێن قەزایێ یا گرێدای لیژنا پارێزگەهێیە، چ تشتێ بۆ پارێزگەهێ بهێتە کرن بێگومان دێ بو مەژی هێتە کرن ژ گازیلویێ وهەر تشتەکێ دی .

**رووداو:جادا سەرەکی دهوک-ئامێدیێ جادەکا تەنگە وهەمی چەپن، خەلکی دەڤەرێ دخازن ببیتە جۆتساید ؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** بۆ جۆتسایدیێ پێنگاڤا ئێکێ یا هاتیە هاڤێتن ل دهوکێ تا زاویتە، د بەرنامێ رێڤەبەریا رێک وپرا دایە هەتا ئامێدیێ و دێرەلوکێ ببیتە جۆتساید.

**رووداو:خەلکێ دەڤەرا ئامێدیێ دبێژن حیزبێ کارتێکرن یا هەی ل سەر کارێن حکومەتێ ل ئامێدیێ ؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** ئەز باوەڕ ناکەم حیزبێ چ کارتێکرنەک نەرێنی هەبیت لسەر کارێ ئیداری . ئیدارە کارێ خۆ دکەت حیزب ژی کارێ خۆ دکەت ئەگەر هەبا ژی من نەدڤەشارت دابێژم یا هەی . ئەگەر حیزبێ کارتێکرن ل کارێ مە یێ ئیداری کربا دا دەست ژ کارێ خو بەردەم.

**رووداو:ئەردێ کۆمەلگەها دکەڤندا هەر پارچەک یاکوندەکێ یە بونمونە ل دێرەلوکێ گوندێ رشاڤە وچەلکی ئەرد یێ هەی خودانێن وی ئەردی دڤێت ئەردێ خوئاڤاکەن بازێرڤانی ناهێلیت و ناکەتە پارچە زەڤی ل سەر خەلکی پەلاڤبکەت؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** ئەردێ بازێرڤانیا دێرەلوکێ یێ هاتیە ڤێک ڤاقارتن، ئەو ئەردێ د سنورێ بازێرڤانیێ دابیت ئەو ئەرد ناهێتە هژمارتن بو گوندیان، بەلکی ئەردێ بازێرڤانیێ یە خەلکی دەستهەلات نینە بخۆ ئاڤابکەن، ئەڤە سیستەمەکێ یاسایێ یە مافێ وی خەلکی یە بهێتە قەرەبووکرن، نۆکە لیژنەک هاتیە پێکئینان کارێ وێ لیژنێ یە ئەردێ گوندیا ل سنورێ بازێرڤانیێ دا ئێک لایێ بکەت و بێخیتە سەر ناڤێ بازێرڤانیێ و قەرەبوویا خەلکی بدەنێ .

**رووداو:هاتنا پەزێ عەرەبان چ کارتێکرن نەکریە ل سەر خەلکی ژلایێ ئابووریڤە؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** هاتنا پەزێ عەرەبان بو قەزا ئامێدیێ بریارا پارێزگەهێ بوو. نێزیکی 70 هزار پەزێن هاتینە دەڤەرامە و، مفا یا ژێ گەهشتیە خەلکی، وەک ئەرزانکرانا پەزی و بەرهەمێن وی .

**رووداو: 45 هزار کەس ل ناحیا دێرلوکێ دژین، لێ تانها چ نەخۆشخانە لێ نین کو نەخۆش تێدا بهێنە نڤاندن،قائیمقامێ چ پێنگاڤ هاڤێتییە بوچارەسەریا ڤێ ئاریشێ؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** مە نەخۆشخانەکا هەی ل ئامێدیێ ئەو خزمەتا خەلکێ وێ دەڤەرێ دکەت، ڤەکرنا نەخۆشخانەکا ب وی رەنگی گەلەک شیان پێدڤێن، ل ئایندەدا مەلبەرە نەخوشخانەکێ ل دێرەلوکێ ئاڤابکەین . ئەم یێن هاتینە ئاگەە دارکرن کو بنگەهەکێ ساخلەمیێ یێ پێشکەفتی ل شێلادزێ دگەل دوو خانیان بو نوژداران ئاڤا بکین.

**رووداو:خەلکێ شێلادزێ و دێرەلوکێ دبێژن چ پروژێ هات ل ئامێدیێ خارناکەڤیت، بەرسڤا وەچییە؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** پروژێن مە ل دیڤ پێتڤیێن دەڤەرێ دهێنە بەلاڤکرن. بۆ نمونە ئەڤسالە 287 خانی ل سنوورێ دێرەلوکێ دهێنە ئاڤاکرن و بنگەهەکێ مەزن یێ ساخلەمیێ دێ ل شێلادزێ هێتە ئاڤاکرن، ئەڤ پرۆژە یێ ل ئامێدیێ خارکەفتی، رازەمەندییا هاتیەکرن بۆ ئاڤاکرنا7 قوتابخانا بۆ مە یێن هاتین، بۆ زانینا خەلکێ دەڤەرێ سێ قوتابخانە مە یێن داینە وێ دەڤەرێ.

**رووداو:بو بەرنامێ هشکاتیێ چ پروژە هەنە؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** هەتا نوکە مە چار بیرێن ئیرتیوازی یێن کولاین بۆ هشکاتیێ ل دێرەلوکێ، ئامێدیێ، سەرسنکێ و شێلادزێ ل ڤان نێزیکان دا چەند شەفەرو حەفارە دێکەڤنە دکاری دا بیرێن خەلکی پاقژ دکەن . ئەو رەزو بیستان و تەرش وتەوالێن پێتڤی ب ئاڤێ هەبیت ئەم دێ ئاڤێ بۆ دابین کەین، نۆکە مە 12 تانکەرێن بەرهەڤکری 6 بۆ ئاڤا ڤەخوارنێ، 6 بۆ چاندنێ، دگەل 5 ترەکتۆرا .هەمی ڤان نێزیکان دێ کەڤنە دخزمەتا خەلکێ دەڤەرێ دا .

**رووداو:گوندێن دەڤەرا ئامێدیێ ژلایێ هێزێن ترکیا ڤە هاتینە توپبارانکرن و 5 پرێن سەرەکی ژکار ئێخستینە .ئایا ئەڤ خەلکە دێ هێتە قەرەبووکرن؟**

**ئیسماعیل محەمە د:** بڕیارە ئەو پرە بهێنە دروسکرنەڤە .ئەو زەرەرو زیانێن گەهشتینە خەلکی ژی ئەم دێ بریێکا پارێزگەهێ وان زەرەرو زیانا گەهینینە جهێن پەیوەندیدار. پەرلەمانی پێشنیار یێن داین کو ئەو زەرەر و زیانێن گەهشتینە خەلکی بریێکا حکومەتا بەغدا بهێنە قەرەبووکرن .

هونەر



## ڕۆژانە 3000 کەس گوێ لە زەکەریا دەگرن

ڕووداو-بەریتانیا

◆ سەرهەنگ باجەلان، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی زەکەریا بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند، ،کە ڕادیۆیەکی بەنێوی Radio Zakaria دامەزراندووە کە گوێگران دەتوانن لە ڕێگەی ماڵپەڕی www.radio.zakariamusic.com، گوێ لە نوێترین گۆرانی کوردی و بیانی بگرن. سەرهەنگ ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژانە نزیکەی 3000 کەس گوێ لەڕادیۆکە دەگرن و پەخشەکەشی لەلایەن سێرڤەرێکی بەریتانییەوەیە و، هەموو خەڵکی جیهان دەتوانن گوێی لێبگرن.

## ناسری ڕەزازی:

# گۆرانیی کوردی جەڵتە لێی داوە

■ هونەرمەند ناسری ڕەزای کە ئێستا 13 گۆرانی نوێی ئامادەی بڵاوکردنەوەن، بێ ئەندازە ڕێزت لێدەگرێت و هەست دەکەیت بێئەندازەش خاکی و سادەیە. لەژووری پێشوازی میوانانیدا لە ماڵەکەی وێنەیەکی گەورەی مەرزییەی هەڵواسیوە. خراپیی بارودۆخی ژیان، کەڵکەڵەی گەڕانەوەی بۆ ئەورووپای خستووەتەوە مێشکییەوە. لەم هەڤپەیڤینەدا ڕەزازی ڕاشکاوانە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود



فۆتۆ: ڕووداو

## کۆڕەک موزیک تەنیا کلیپ بۆ کچە جوانەکان دەکات

**ڕووداو: با لەبێدەنگیتانەوە دەست پێبکەین، گوێگرانی ڕەزازی دەپرسن بۆ ئەو بێدەنگییە درێژە ؟**

**ناسری ڕەزازی:** من پێشتریش گوتوومە بێدەنگ نیم، لەساڵی 2000ەوە بەبەردەوام گۆرانی و سروودم چڕیوەو سروودم بۆ کەرکووک و ڕیفراندۆم و گۆرانی بارگەی خەم و چارەی خەم و چەند گۆرانی دیکەم چڕیوە. بەداخەوە خەڵک هەر سیدی بەبەرهەمی نوێ دەزانن. ئەمە بەشێکە لەچارەڕەشییەکانی ئێمەی هونەرمەندی کورد، ئیللا دەبێت گۆرانییەکانی و بەرهەمەکانت بکەیتە سیدی ئینجا بەرهەمی تازەت هەیە. بەڵام بەشێکی بێدەنگیم پەیوەندی بە نەخۆشییەکەمەوە هەیە، من ماوەیەکی زۆرە کێشەم لەگەڵ گەرووم هەیەو ئێستا نەشتەرگەریم کردووەو بەرەو چاکبوونەوە دەچم. لەلایەکی دیکەوە مەرزییە وەفاتی کرد. جگە لەوەش هونەرمەند بەدونیایەک چەرمەسەری و دونیایەک مەسرەف بەرهەمێک دەخوڵقێنێ و دواییش ڕێز لەبەرهەمەکەی ناگیرێ و مافەکانی دەخورێت. ئەوە زۆر بێزاری کردووم

## چ پێویستە شەجەریان و تاتلیساز بێنە کوردستان ئەوان بۆ نەتەوەی خۆیان هونەرمەندی گەورەن

بەڕاستی. ساڵی 2007 و 2008 بودجە بۆ هەموو شتێک تەرخان کرا تەنها هونەر نەبێت، ئەمە بەدبەختیەکەیە. ئێمە داوامان لەپەرلەمان کرد یاسایەک بۆ بەرگریکردن لەمافی هونەرمەندان دابڕێژێت، کەچی نەکراوە. من دەپرسم هونەرمەند چ ماف و زەمانەتێکی هەیە؟ دیسان بەشێکی دیکەی کێشەکە حیزبایەتییە لەکوردستان، بەڕاستی کێشەی حیزبایەتی ئێمەی هونەرمەندانیشی تووشی قوربەسەری کردووە.

**ڕووداو: مەبەستت لە حیزب تەلەفزیۆنەکانیانە یان خودی خۆیان؟**

**ناسری ڕەزازی:** جارێ من گلەییم لەکۆڕەک موزیک هەیە، بۆچی کۆڕەک بۆ ژنەکان و کچە جوانەکان کلیپ دەکات و بۆ ئێمەی ناکات؟ دەبێت کۆڕەک وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئەگەر ئێمەش کچی جوان بووینایە کلیپی بۆدەکردین؟ بۆ ئەو کچانەی کە لەئەورووپاوە دێنەوەو کورد نین، کچی عەرەب و کچی تورک و فارس، ئەی ئەم هەموو گۆرانیبێژە باشەی لێرە بێناز کەوتوون و کەس لێیان ناپرسێت؟ یەک تەلەفزیۆن تائێستا نەهاتووەتە بەردەم ماڵەکەی من و لەدەرگای نەداوم بڵێ با کلیپێکت بۆبکەم. سروودێکم بۆ کەرکووک گوت، کوردستا دووجار لێیداو ئێتر مراندیان، بۆچی؟

**ڕووداو: لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە هەندێک هونەرمەند دەستیان داوەتە سروود چڕین، لەکاتێکدا نەوەی نوێ ئینتیمایەکی زۆرکاڵی هەیە بۆ نەتەوەو نیشتمان و سروود ڕایناکێشێ، ئەمە چۆن دەبینی؟**

**ناسری ڕەزازی:** گوێم لە سروود نەبووە بگوترێ، تەنیا زەکەریاو عەدنان کەریم نەبێت، کە عەدنانیش شتێکی بۆ کەرکووک گوتووەو من بەسروودی نازانم و زیاتر گۆرانییە. نازانم جگە لەناسری ڕەزازی کێ سروودی چڕیوە؟ ئەگەر ئێوە سروودی زیاتر شک دەبەن بفەرموون ناوی ببەن. گەنجەکانیش کە ئینتیمایان بۆ نیشتمان نەماوە، هی ئەوەیە کە شۆڕش لەم پارچەیە تەواوبوو. ئەو شۆڕشەی کە لەشاخ کوردایەتی دەکرد نەما، ئێستا هاتووەتە ناو شارەکان و لەناو شارەکانیش گەندەڵی حیزب وحکومەتەکەشی تەنیوەتەوە. تەنانەت ناحیزبییەکان و هونەرمەندانیشی تەنیوەتەوە. لەپارچەکانی دیکەی کوردستان شۆڕش بەردەوامە، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستای باشوور کارێکی کردووە کە حیزبەکانی ئێمەی پارچەپارچە کردووە، ئێستا لەباکوور PKK خەبات دەکات، بەڵام تورکیە واز لەباشوور ناهێنێ و دەڵێت ئێوە PKK داڵدە دەدەن. ئەوەش دیسان کێشەی بۆئێمە دروستکردووە.

**ڕووداو: هونەری کوردی بەردەوام پاشەکشە دەکات، هاوکات بەکارهێنانی ئەو هەموو کچە لەکلیپەکاندا بەو بێماناییە واینابینیت کە هەوڵێکە بۆشاردنەوەی کەموکوڕییەکانی هونەری کوردی؟**

**ناسری ڕەزازی:** تەنیا کورد نییە کە وای لێهاتووە، من چەپ نیم، بەڵام دەڵێم سەرمایەداری ڕەوشتی لەهیچ شتێکدا نەهێشتووە، هونەر لەهەموو دونیا گەیشتووە بەبنبەست، عەرەب هەوڵ دەدات ئوم کەلسوم- ێکی دیکە دروست بکات، دروست نابێتەوە. فارس هەوڵدەدات بەنان- ێکی تر دروست بکات، دروست نابێتەوە. تورک هەوڵدەدات مەزنێکی دیکەی خۆی دروستبکاتەوە، نابێتەوە. لە وڵاتی ئێمەو زۆر وڵاتی دیکەش، تائێستا هەر نازانن کلیپ مانای چییەو بۆ چییە، کلیپ و ناوەڕۆکی گۆرانییەکە سەدوهەشتا پلە پێچەوانەی یەکن. کابرا دەڵێ (دێوانەم دێوانەم، نەخۆش و پەرێشانم) کەچی لەپشتییەوە کۆمەڵێک کچ و کوڕ سەرچۆپییان گرتووەو هەڵدەپەڕن؟ ئەمە چییە ئەی هاوار؟ پاشان ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر گەورەترو بەڕێزترو سەربەرزترە لەوەی کە کلیپ نیشانمان دەدات. دەبێت ئاگامان لێبێت ئێمەش دایکمان و خوشکمان و پوورمان ژنن، ئەمەش کە تووشی ژن بووە دەرهاویشتەی ئەو گەندەڵی و چارەڕەشییە کەهاتووە.

**ڕووداو: زۆرکەس لەو باوەڕەدان کە هەرگیز ناسری هەشتاکان دروست نابێتەوە؟**

**ناسری ڕەزازی:** نەخێر وانییە، ڕەنگە بەدەنگ ئەمە وابێت، بەو پێیەی کە مرۆڤ تا زیاتر تەمەنی هەڵدەکشێت دەنگیشی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە تۆ زیاتر کامڵ دەبیت و ئەزموون وەردەگریت، خۆ سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر ئیمکان و دەرەتان هەبێت، مرۆڤ دەتوانێ بەرهەمی زۆر باشترو ڕێکوپێکتر دروست بکات، بەڵام بەداخەوە زۆر بەداخەوە هونەر هێشتا لەلای ئێمە بەکەناڵێکی بازرگانیدا تێنەپەڕیوە.

**ڕووداو: بورهان مەجید بەردەوام داوای لەتیڤییەکان کردووە گۆرانییەکانی پێشکێش نەکەن و هونەری کوردی بە فەوزاو ئەو گۆمە ئاوە دەزانێت کەخاس و خراپ مەلەی تێدا دەکەن، بەڕای تۆ گێژاوەکە گەیشتووەتە ئەوەی هونەرمەند پاشەکشە بەگۆرانییەکانیشی بکات؟**

**ناسری ڕەزازی:** کاک بورهان هەقیەتی و ڕاستدەکات، من ئەومافەی پێدەدەم، وەختی خۆشی هەر لەسەر ئەوشتانە شەجەریان تووڕەبوو لەفارس و داوای کرد گۆرانییەکانی بڵاونەکەنەوە. بورهان مەجید ڕاستدەکات لەبەرئەوەی پاشاگەردانییەکی سەیر هەیە و گۆرانی کوردی جەڵتە لێی داوە. ئێمە کۆمپانیایەکمان نییە بەرهەمەکانمان بڵاوبکاتەوەو ستۆدیۆیەکی دەنگمان نییە گۆرانیبێژ گۆرانییەکانی لێ تۆماربکات. ئەگەر دەزگایەک هەبێت ئەوانە بکات و پەرلەمان یاسایەک دابنێت، شتەکان وانامێنن و پاشاگەردانی نامێنێ.

**ڕووداو: شەجەریان داوەتی کوردستان کراوەو پێشتریش چەند هونەرمەندێکی دیکەی فارس و عەرەب و تورک داوەت کراون، هونەرمەندە کوردەکانی خۆشمان هەست دەکەن پەراوێز خراون ئەمە چۆن دەبینی؟**

**ناسری ڕەزازی:** نازانم چی بڵێم. ئێستا وای لێهاتووە قسەکانی ئێمە هەمووی بێحورمەتییە. وادەزانم من کەسێکی سووکم قسە دەکەم. چ پێویستە شەجەریان و تاتلیساز بێنە کوردستان، ئەوان بۆ نەتەوەی خۆیان هونەرمەندی گەورەن و تەنها خزمەت بەنەتەوەی خۆیان دەکەن. دەوڵەتەکانی

## ئەوە چ ڕێزێکە سەیارەیەک کە تۆ سواری ببی بەناوی مەرزییەی بکەی

ئەوان تائێستاش ئێمەیان گیرۆدە کردووە وەک کورد. ئاخر ئەمە چی دەگەیەنێت و ئامانج لەمە چییە، نازانم. کەریم کابان هەموو تەمەنی لەناو هونەرو خزمەتی هونەری کوردیدا بەسەر بردووە، ئێستا ماتۆڕەشڕێک دەکەن بەناوییەوە! ئەمە چ ڕێزێکە بۆ هونەرمەند. من کاتی خۆشی لەسەر ئەوەی مەرزییە قسەم کرد، ئاخر ئەوە چ ڕێزێکە سەیارەیەک کە تۆ سواری ببی، بیکەیت بەناوی مەرزییەوە کە هەموو ئاوات و خەونی لێی خۆشبێت مەرزییە دەیگوت کاتێک گەڕاینەوە بۆ کوردستان ناسر دەگریاو مشتێ خاکی کوردستانی بەرز کردەوەو ماچی کردو دەیگوت مەرزییە ئەگەر من مردم و نەتانتوانی تەرمەکەم ببەنەوە بۆ کوردستان، مشتێ خۆڵی کوردستان بخەنە ناو گۆڕەکەم. من بۆیە ئەو بڕیارەشمدا بگەڕێمەوە کوردستان، وامدەزانی ئەم دەسەڵاتە دەتوانێ وەڵامی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بداتەوە، بەڵام ئەگەر ئاوەهابێ، نەوەڵا من کورد و کوردستان بوو.

**ڕووداو: ئێوەی هونەرمەندانی کورد، تاک و تەراو هەریەکە لای خۆیەوە بەشێوەیەک باسی فەوزای دونیای هونەر دەکات، بۆچی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو فەوزایە گرووپێکتان دروست نەکردووە؟**

**ناسری ڕەزازی:** ئەو ڕەخنەیەت قبوڵ دەکەم و یەکەم کەس ڕووبەڕووی خۆمی دەکەمەوەو ڕەخنەیەکی جوانە، هونەرمەندەکان بڕێکیان حیزبین و بڕێکیان کاریگەری حیزبیان لەسەرەو ئیتر ئاوا بارودۆخەکە ماوەتەوە.

**ڕووداو: ئەو گۆرانییەی دڵنیا ڕەزازی بۆ دایکی گوت دەنگ و سەدایەکی زۆر باشی هەبوو، تۆ لەکارە هونەرییەکانی ئەو گۆرانییەدا هاوکاریت کرد؟**

**ناسری ڕەزازی:** لەڕاستیدا دڵنیا خۆی حەزی کرد ئەو گۆرانیانە بڵێتەوە. وەک ئەوەی کە مەرزییە دایکێتی و هیچ شتێکی دیکە لەگۆڕێ نەبوو. دووەم دڵنیا خۆشی دەیزانی ئەو گۆرانییانە عەرەبین، یادی بەخێر من کاتی خۆشی لەگەڵ مەرزییە کێشەم هەبوو لەسەر ئەو گۆرانییانەی کە عەرەبین و ڕام وابوو نەیانخوێنێت، بەڵام گوێی پێنەدام، منیش حەزم کرد ڕێزو حورمەتی بۆ دابنێم و دواییش هەرشتێکی بێتە ڕێگە خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات. دڵنیا وەکو کچێکی سەنگین و بەڕێز هاتە سەر تەلەڤزیۆن و دیارە شێوەی بەرگ پۆشین و هەڵسوکەوتکردن بەلای خەڵکی کوردستانەوە زۆر گرنگە، ئەمەش ڕۆڵی لەسەرکەوتنەکەیدا هەبوو. هۆیەکی دیکەی سەرکەوتنی ئەوەیە ئەو کچی ناسری ڕەزازی و مەرزییەیە.

**ڕووداو: ئێستا مۆدیلێکی دیکەش هاتووەتە ئاراوە کە ئەویش گۆرانی هاوبەشی نێوان گۆرانیبێژی کوردە لەگەڵ عەرەب و فارس و تورک، بەڕای تۆ کورد لەگەڵ هونەرمەندی ڕۆژئاوایی گۆرانی بڵێ باشتر نییە؟**

**ناسری ڕەزازی:** ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەمەوێت قسەیەکی جەنابی کاک مەسعود بەبیر بێنمەوە. ئەو کاتی خۆی گوتی "ئێمە خۆمان دژی یاسا و حکومەت بووین و وا ئێستا خۆمان خەریکین هەمووی دادەنێینەوە". ئەگەر وابێت لەداهاتوودا ئەگەر دەوڵەتت هەبوو دوور نییە فاحیشەخانەشت هەبێت. من پێموایە هێشتا زووە بۆ ئەوشتانە و کوردستان بریندارە، ئێمە دەبێت برینەکانی چاک بکەینەوە. کاکە کوردستان جارێ ئوتێلی حەوت ئەستێرەی پێویست نییە، بەڵکو ئاوو کارەبای دەوێت.

**ڕووداو: دەڵێن مەرزییە زیاتر لەناسر حەزو مەیلی گەڕانەوەی هەبوو بۆ کوردستان. هەر مەرزییەش وای لێکردی بەیەکجاری بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

**ناسری ڕەزازی:** نەوەڵڵا، ئەگەر مەرزیە منی هێنایەوە بۆ کوردستان بۆچی من لەکوردستان مامەوە. ئێمە هەردووکمان بڕیارمان دابوو بێینەوە بۆ کوردستان. ئەگەر گوێ لە وتوێژە ئەرشیفیەکانی بگریت، خوا

دەگەڕێمەوە بۆ دەرەوەی وڵات.

**ڕووداو: لەو ماوەیە ڕەخنەی زۆرت لەهەڵکەوت زاهیر گرت، گرفتت لەگەڵ ئەو چییە؟**

**ناسری ڕەزازی:** ڕەخنەکانم ئەوەنییە کە من گرفتی تایبەتیم لەگەڵ ئەو هەبێت. وەک مۆسیقاژەنێک ڕێزم هەیە بۆ کاک هەڵکەوت. بەڵام لەوبارەوە هیچ ڕێز بۆکاک هەڵکەوت زاهیر دانانێم کە دەڕوات دەقاودەق گۆرانی عەرەبی دێنێ و دەیکاتە کوردی. کە دەڕوات بەسەر ئەو هەموو گۆرانیبێژەدا، کچی عەرەب دێنێ و گۆرانی پێدەڵێت کە هیچ کوردی نازانێ. پاشان دەیبات لەمیسر مۆسیقای عەرەبی لەسەر دادەنێ و دەیهێنێتەوە بۆ کوردستان. ئەو شێوازەی کاک هەڵکەوت زاهیر کاری پێدەکات، لای ئێمە پێی دەڵێن شێوازی کۆڵان بازاڕ. ئەو شێوازە پێشتر فوئلد ئەحمەد و یەحیا مەرجان و شەماڵ سائیب و ئەوان هێناویانەتە ناو مۆسیقای کوردی.

**ڕووداو: دەگوترێت لەیلا فەریقی پێوەندی لەگەڵ تۆو هاوسەرە تازەکەت باش نییە، ئەوە ڕاستە؟**

**ناسری ڕەزازی:** ئەسڵەن لەگەڵ ڕێزم ڕاستە پووری منداڵەکانمە، بەڵام هیچ جۆرە پێوەندییەکمان پێکەوە نییە.

**ڕووداو: لە کوردستان ژیان چۆن دەگوزەرێنی؟**

**ناسری ڕەزازی:** من میوانی یەکێتی نیشتمانیم لەدوکان. جەنابی مام جەلال بەشەخسی یارمەتی من دەدات، ئەگەرنا کەموکوڕی و گلەیی زۆرم هەیەو وەڵامم نادەنەوە. ئەوە دووساڵە هاواردەکەم و دەڵێم ئەو ئۆتومبێلەی ئێوە داوتانە بەمن وەک ئیدارەی گشتی، بێکەڵکەو ناڕوات، وەڵامم نادەنەوە. ئێستا پەنام بردووەتە بەر کاک بارزانی ئەحمەد کوردە بۆئەوەی ئۆتومبێلەکەم بۆ بگۆڕن، ئەو لوتفی نواندووە، بەڵام چارە چییە، ئەوە بارودۆخی کوردستانەو من هیچم پێ ناکرێت.

**ڕووداو: بیرت لەگەڕانەوە نەکردووەتەوە بۆ ئەورووپا؟**

**ناسری ڕەزازی:** بەخوا ئەگەر بزانم بارودۆخەکە بەم شێوە دەمێنێتەوە، بەڵێ دەگەڕێمەوە ئەورووپا.



### ئەم هەفتەیە هەی دنیایێ بڵاودەکاتەوە

# نازدار هێشتا هەر بەدوای کوڕە کوردێکدا دەگەڕێ

**تایبەت بەڕووداو**

کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان نازدار بۆ ڕێکلامکردنی یەکەمین و نوێترین ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەنێوی (هەی دونیایێ) گەیشتە باشووری کوردستان. نازدار لەبارەی سەردانی ئەمجارەی بۆ باشوور بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کاری سیدییەکەی تەواو بووەو ئەم هەفتەیە دەکەوێتە بازاڕ، بۆیە بۆ ڕیکلامی سیدییەکەی و هەروەها بۆ بەشداریکردن لەچەند پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی لەکەناڵە ئاسمانییەکانی باشووری کوردستان هاتووەتەوە، نازدار ئاماژەی بەوەشدا کە ڕۆژی 2008/7/24 لەهۆتێلی چوارچرا ڕێورەسمێک بۆ ناساندنی سیدییەکەی سازدەکرێ و لەوێدا گۆرانییە نوێیەکانی پێشکەش دەکا "دوای ئەوەی سیدیەکەم بڵاوبووەوە بیر لەکۆنسێرتیش دەکەمەوە".

ئەلبوومی (هەی دونیایێ) لەلایەن کۆمپانیای چوارچرا بەرهەمهاتووەو، نازدار ئاگاداری خەرجی و تیراژی ئەلبوومەکەی نییەو دەڵێ "بۆ ئەلبوومە نوێیەکەم هیچ پارەیەکم نەداوە، نازانم چەند دانەشی لێ چاپ و بڵاودەکرێتەوە" ئەو سیدیەی نازدار، لەستۆدیۆ مێلۆدی هەولێر بەسەرپەرشتی هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی تۆمار کراوە.

نازدار کە نزیکەی مانگێک لەکوردستان دەمێنێتەوەو وەکو خۆی باسیکرد دوای تەواوبوونی ئەو مانگە دەست بەخوێندن دەکاتەوە کە لەئەڵمانیا لەبواری کۆمەڵناسی دەخوێنێ. لەبارەی ئەوەی ئایا جارێکی دیکە سەردانی کەمپی ئاوارەکانی باکووری کوردستان لە مەخموور دەکات گوتی "ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بچم چونکە گەلی مەخموور تایبەتن و ئەو مرۆڤانە زۆر ڕەنج و زەحمەتیان بۆ کوردستان کێشاوەو ئەرکی هەر هونەرمەندێکی کوردە کە سەردانی مەخموور بکات".

ئەو کچە هونەرمەندە کە کەسێکی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنینە، بەنارەحەتییەوە باسی قەدەخەکردنی کەناڵی ئاسمانی ڕۆژ تیڤی کرد و گوتی "من زۆر نارەحەتم چونکە ڕۆژتیڤی چاو و گوێ و دەنگی کوردانە و ڕۆژی کوردیش بە ڕۆژتیڤی دەستپێدەکات و ئێمەش لەڕێگای ئەو تەلەڤزیۆنەوە ئاگاداری گەلی خۆمان دەبین، کاتێ گوتیان ڕۆژتیڤی لە ئەڵمانیا قەدەخەکراوە تووشی شۆک بووم، چونکە من وامدەزانی کە ئێمە لەئەڵمانیا توانیومانە وەک نەتەوەیەکی جیاواز کە هەڵگری بۆچوونی جیاوازین خۆمان بەئەڵمانییەکان بناسێنن، ئەو بڕیارەی ئەڵمانیا لەلایەن کوردەوە قبووڵناکرێت و پرۆتستۆ دەکرێت بەهیوام ئەڵمانیاش لەو بڕیارەی پەشیمان بێتەوە".

نازدار کە ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیا دەژیت و وەڵاتینامەی ئەڵمانی هەیە، وەک وەڵاتییەکی ئەڵمانی داوای لەحکومەتی ئەڵمانیا کرد ڕۆژ تیڤی قەدەخە نەکات و گوتی "قەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی قەدەخەکردنی دەنگی کوردە، وەک هاووڵاتییەکی ئەڵمانی داوا لەحکومەت دەکەم کە وەک پرەنسیپێکی دیموکراتیک کە چۆن بۆچوونی جیاواز و نەتەوەی جیاواز و دەنگی جیاوازی قبوڵکردووە، ڕۆژتیڤیش کە چاو و دەنگی کوردە قبوڵ بکات". گوتیشی "ئەگەر ڕۆژتیڤی قەدەخە بکرێت هونەرو کولتووری کوردی قەدەخە دەکرێت".

لەدیدارێکدا نازدار گوتبووی حەز دەکەم شوو بەکوڕێکی کورد بکەم، لەبارەی ئەوەی ئایا تائێستا ئەو کوڕەی نەدۆزیووەتەوە نازدار گوتی "هێشتا پەیدام نەکردووە".



**78 % کەتالۆنییەکان لە ڕۆناڵدینهۆ ڕازین**

ڕووداو . ماڵپەڕی بەرشلۆنە

◆ دوای ئەوەی ڕۆناڵدینهۆی بەرازیلی بەفەرمی چووە ریزی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، ڕۆژنامەی سپۆرت لەڕاپرسییەکدا پرسیاری ئەوەی لە 1022 کەسی کەتالۆنی کرد، کە ڕۆناڵدینهۆ مێژوویەکی باش یان خراپی لەگەڵ بەرشلۆنەدا تۆمار کردووە، لەئەنجامدا 78 % لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەو یاریزانە مێژوویەکی باشی هەبووەو 22 % پێچەوانەی ئەو ڕایە بوون.

# پێشمەرگەی سلێمانی چیتر جێی یاریزانانی عەرەب ناکاتەوە

## جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی: "لێژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی وەرزش و لاوان بەتەنگ وەرزشەوە نین"

**کارزان کانەبی**
**ڕووداو . سلێمانی**

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گلەیی لە لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکات کە هاوکاری یانەکانی کوردستان ناکەن، بۆیە بۆ خۆ ژیاندن چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی بەدەستەوەیە، چیتریش یاریزانی عەرەب ناهێنێت.

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە لەساڵی 1999 دامەزراوە و، چەندین دەستکەوتی بەدەستهێناوە، کە گرنگترینیان بردنەوەی نازناوی خولی یانەکانی عەرەبە بۆ دووساڵ لەسەر یەک لەیاری شەترەنجی کچان، لەتۆپی پێشدا یەکێکە لەیانە نایابەکانی کوردستان و عێراق، بڕیاریداوە چیتر پشت بەیاریزانە عەرەبەکان نەبەستێت. مەحمود ئەحمەد جێگری سەرۆکی یانەکە ئەو بڕیارەی یانەکەیانی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی" ئەو بڕوایەمان لا دروستبووە کە هێنانی یاریزانی دەرەوە کارێکی باش نییە، ئەوان بۆ پارە یاری دەکەن، یاریزانی خۆمان هیچ نەبێت دڵسۆزە، یاریزانی عەرەب حەزی دەکرد دوو کارتی زەرد وەربگرێت بۆ ئەوەی یاری دواتر ئەنجامنەدات، بۆیە بڕیارمانداوە لەخولی عێراق و کوردستان تەنیا بە یاریزانی خۆمان یاری بکەین".



یانەی پێشمەرگەی سلێمانی (فۆتۆ:ڕووداو)

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی تاکو ئێستا پشتی بەکۆمەکی پێشمەرگەکان بەستووە، بۆیە بیری لەپرۆژەی وەبەرهێنان کردووەتەوە، وەک مەحموود گوتی" هەموو پێشمەرگەیەک مانگانە شتێک دەداتە یانەکەمان، جگە لەوەش ئێمە کۆمەڵێک پرۆژەمان بەدەستەوەیە، کە ئێستا بەکرێی هەندێک دووکان دەتوانین یانەکەمان بەڕێوەببەین".

جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگە، گلەیی ئەوەی لەحکومەت هەیە کە یارمەتی یانەکان نادات و کێشە سەرەکیەکانیان بۆ چارەسەر ناکات" کێشەی سەرەکی هەموو یانەکانی کوردستان نەبوونی یاریگای باش و کەمی هاوکاری داراییە، کە بەداخەوە حکومەت بەتەنگ وەرزشەوە نییە، لەم وڵاتەدا کەس حەقی بەسەر وەرزشەوە نییە، یانەکان چۆن خۆیان دەژیێنن بەلای حکومەتەوە گرنگ نییە".

هەروەها نێوبراو ڕەخنەی لەوەزارەتی وەرزش و لاوان و لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان گرت، کە وەک دوو دەزگای وەرزشی هەرە گەورەی کوردستان تائێستا هیچ سوودێکیان بۆ یانەکەیان نەبووە" ئێمە هیچ سوودێکمان لەلێژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی وەرزش و لاوان وەرنەگرتووە، تەنیا جارێک وەزارەت هاوکارییەکی تیپی تێنسی یانەکەمانی کردووە بۆ گەشتێکی ئوردن".



مەحمود ئەحمەد (فۆتۆ:ڕووداو)

مەحمود ئەحمەد ئەوەشی ڕەتکردەوە کە ئێستا هیچ کوتلەکاری و جۆرە ناکۆکییەک لەنێو دەستەی کارگێڕی یانەکەیاندا هەبێت و گوتی " ئەوەی باسدەکرێت ئەو ساڵانە بوو کە هیچ ئەنجامێکمان نەبوو، هیچ یانەیەک ئەنجامی باشی نابێت ئەگەر تەبا نەبێ".

## لەگەڵ نەمانی ئاراگۆنێز

# ئومێدەکانی ڕائوول زیندوو دەبنەوە

**لێدوانی ڕووداو**

بەنەمانی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئیسپانیا لەدەست لویس ئاراگۆنێز، جارێکی دیکە ئەگەری گەڕانەوەی ڕائوول گۆنزالیس بۆ ڕیزەکانی ئەو هەڵبژاردەیە دێتە ئاراوە.

دوای ئەوەی ئاراگۆنێزی ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا داواکاری هەموو ئیسپانیای ڕەتکردەوەو ڕائوولی هێرشبەری بەنێوبانگی یانەی ڕیال مەدریدی لەپێکهاتەی هەڵبژاردەکەی دوور خستەوەو دواتریش بەبردنەوەی نازناوی یۆرۆی 2008 سەلماندی کەبۆچوونەکەی ڕاستبوو کاتێک ڕایگەیاند ئیسپانیا چەندین هێرشبەری باشتر لەڕائوولی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕائوول هەر بەکوڕە بەنازو خۆشەویستەکەی ئیسپانییەکان دەمێنێتەوە، کە هەر دەم حەزدەکەن بەدرێسی سووری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیانەوە ببینن، کە تاکو ئێستا باشترین گۆڵکارە لەمێژووی ئەو هەڵبژاردەیەدا، بۆیە بەنەمانی ئاراگۆنێز لەپۆستی ڕاهێنەرایەتی ئەو هەڵبژاردەیە جارێکی دیکە ئومێدەکانی گەڕانەوەی ڕائوول بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی زیندوو دەبنەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەرەسمی ئەو پۆستە بە دیلپۆسکی درا، چونکە ئەو ڕاهێنەرە بەنێوبانگە کە بە ( پیاوی ئاشتی) دەناسرێت، ڕائوولی زۆر خۆشدەوێت و ماوەی چەند ساڵێک ڕائوول لەڕیزەکانی یانەی ڕیال مەدریددا یاریزانی ژمارە یەکی دیلپۆسکی بووەو هەردەم ئەم ڕاهێنەرە پشتی بەو گۆڵکارە بەستووەو بەکۆششی هەردووکیان ڕیال مەدرید چەندین دەستکەوت و نازناوی بردووەتەوە.

هەرچۆنێک بێت بەم نزیکانە دەردەکەوێت کە ڕائوول دەگەڕێتەوە ڕیزەکانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا یان نا؟! کە پێویستە دیلپۆسکی لەماوەیەکی کەمدا پێکهاتەی خۆی دیاربکات، چونکە لە 20 ی ئابی داهاتوودا یاریەکی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەی دانیمارک ئەنجام دەدات.



# یونس مەحمود دەچێتە یانەی سوشوی فەرەنسی

**تایبەت بەڕووداو**

یونس مەحمودی کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق وگۆڵکاری یانەی غەرافەی قەتەری لەگەڵ یانەی سوشوی فەرەنسی ڕێککەوتووە، کەماوەی ساڵێک بەشێوەی خوازراو یاری بۆ بکات.

موەفەق نورەدین، بەڕێوەبەری کارەکانی یونس مەحمود لەلێدوانێکی تایبەت بە (ڕووداو) ئاشکرایکرد کە لەگەڵ یانەی سوشوی فەرەنسی ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی یونس ماوەی ساڵێک بەشێوەیەکی خوازراو یاری بۆبکات" سەرەڕای ئەوەی یونس بۆ ماوەی 3 ساڵ بۆندەکەی لەگەڵ یانەی غەرافەی قەتەری نوێکردووەتەوە، بەڵام یەکێک لەمەرجەکانی بۆندەکە ئەوەیە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا هەر بۆندێک لەهەر یانەیەکی ئەوروپییەوە بۆ یونس بێت، مافی ئەوەی دەبێت بۆ ماوەی ساڵێک بەشێوەی خوازراو یاری بۆ بکات، بۆیە یونس داواکەی سوشوی قبوڵکردوە".

یونس مەحمود بەهۆی ئەو پێکانەی کە تووشی بووە، ناتوانێت ئێستا پەیوەندی بەسوشو بکات، چونکە ئەو یانەیە یاریزانی پێکراوی ناوێت، هەروەک بەڕێوەبەری کارەکانی گوتی" بەهۆی ئەو نەشتەرگەریەی لەئەڵمانیا بۆ یونس کراوە، بەلای کەمەوە پێویستی بە 50 ڕۆژ پشوودان هەیە، کە لەوانەیە ئەو کات بتوانێت پەیوەندی بەیانە فەرەنسیەکەوە بکات، یاخود دەکرێت لەماوەی گواستنەوەکانی زستانەدا ڕوو لەفەرەنسا بکات".

لەم بارەوە خودی یونس مەحمودیش بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند" هێشتا هیوام ماوە کە بەر لەگواستنەوەکانی زستانە پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوشو بکەم، چونکە هیوام هەیە پێکانەکەم بەماوەیەکی خێراترلەوەی پزیشکان مەزندەیان کردووە، چارەسەر ببێت".

(ڕووداو ) دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ یونس مەحمود کردووە کە لەژمارەی داهاتوودا بڵاوی دەکەینەوە.

# حوسێن سەعید یاری عێراقی فرۆشتووە

**ڕووداو - ئیلاف**

پارێزەرێکی عێراقی جارێکی دیکە پرسی یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و قەتەری هێنایە ئاراوە گوایە گومان لەسەرۆکی تۆپی پێی عێراق دەکات یارییەکەی بەقەتەرییەکان فرۆشتبێت.

محەمەد مالکی ئەو پارێزەرەی بێبەرامبەر ئەرکی بەدواداچوونی کێشەی یاریزانی قەتەری بەڕەگەز بەرازیلی ئیمرسۆن گرتبووە ئەستۆ، کە یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەفیفا سکالای تۆمار کردبوو، گوایە ئەو یاریزانە پێشتر بۆ بەرازیل یاریکردووە، لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا ڕایگەیاند کە بەڵگەی زیندووی بەدەستەوەیە، گومانی ئەوە دەخەنە سەر حوسێن سەعیدی سەرۆکی تۆپی پێی عێراق کە بەشێوەیەکی ئەنقەست کەمتەرخەمی نواندووە بەمەبەستی دۆڕاندنی هەڵبژاردەی عێراق.

محەمەد مالکی لە نامەیەکدا کە لەڕێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتەوە ئاراستەی گەلی عێراقی کردووە دەڵێت "ڕۆژێک بەر لەیارییەکە بەتەلەفۆن داوام لە حوسێن سەعید کرد زیاتر بەدواداچوون لەسەر مەسەلەی یاریزانە بەرازیلیەکە بکات و بیوروژێنێت بۆ ئەوەی کار لە ورەی قەتەرییەکان بکات، بەڵام حوسێن سەعید بەقاقای پێکەنینەوە پێیگوتم ئەوان یارییەکە دەبەنەوە، ئێمەش سکالایەکە".

ئەو پارێزەرە لە کۆتایی نامەکەیدا هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە بەدەنگ پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی نێوان خۆی و حوسێن سەعید لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە.



حوسێن سەعید

## لە سەر پەیوەندی هەبوون لەگەڵ ڕامۆس

# ڕۆناڵدۆو دۆستەکەی لەیەک جیابوونەوە

**ڕووداو- The Sun**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یاریزانی بەناوبانگی پۆرتۆگالی و یانەی مانچێستەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (23 ساڵ) بە ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی ڕاگەیاند کە پەیوەندی نێوان ڕۆناڵدۆ کچە دۆستەکەی تێرایدۆ گەلاردۆ (24 ساڵ) تێکچووەو لەیەک جیابوونەتەوە، چونکە وەک باس دەکرێ گەلاردۆ پێشتر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یاریزانی ڕیال مەدرید سێرجیۆ ڕامۆس هەبووەو ئەمەش بووەتە هۆی توورەبوونی ڕۆناڵدۆ کە تازە بە پەوەندییەکەی زانیوەبۆیە بڕیاری جیابوونەوەی داوە، بەڵام گەلاردۆ ئەم قسانەی ڕەتکردەوەو نکوڵی لەوەکرد پەیوەندی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ تێکچووبێت و گوتی " ئێمە هەر بەیەکەوەین و هەردوولاش یەکترمان زۆرخۆشدەوێ". بەڵام ئێستا ڕۆناڵدۆ هەر بێدەنگە و هیچ لێدوانێکی نەداوە. ڕۆناڵدۆ هەفتەی ڕابردوو نەشتەرگەریەکی سەرکەوتووی قاچی ئەنجامدا و دەبێ چەند ڕۆژێک بە دارشەق بڕوات.



ڕۆناڵدۆ دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری (فۆتۆ:AFP)



تێرایدۆ گەلاردۆ (فۆتۆ:AFP)

## پێشبڕکێ

– بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
– لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



سەمیر ئیسماعیل لە هەولێر بە لێدوانی: (**بە ناوبژیوان بڵێن یارییەکە تەواوکە**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.



# تورک پیرەژنێکی کورد بەکارەبا ئەشکەنجە دەدەن و کوڕەکەشی دەکوژن

■ "تەنیا پێکەنین و ئەو ساتانەی کوڕەکەمم لەبیر ماوە کە لەباوەشی خۆمم دەگرت، کوڕەکەم زەرەری بۆ کەس نەبوو، ئاشقی گەلی خۆی بوو ".
ئاسیا ئۆغوز دوای ئەوەی 11 منداڵی بەنەخۆشییەکی نادیار دەمرن، تاکە ئومێدی بە کوڕە تاقانەکەی بووە، بەڵام لەڕووداوێکی بکەر نادیار کوژراوە.


(فۆتۆ: DIHA)

**ئازاری زۆرم بینیوە، منداڵەکانم لەدەست داون و جگەرم سووتاوە، تاقە کوڕێکم مابوو ئەویشیان لێبردم**
ئاسیا ئۆغوز

**رووداو–DIHA**

لەدوای ساڵانی 1990 لەتورکیا بەتایبەتیش لەشارەکانی باکووری کوردستان، چەندین کەس بەهۆی کوشتنی بکەر نادیار لەناوچوون، ئاسیا ئوغوز، تەمەن 80 ساڵ، دایکی یەکێک لەو کەسانەیە لەرووداوێکی بکەر نادیاردا کوژراون، جگە لەوەش چەندین جار لەلایەن سوپای تورکەوە ئەشکەنجەدراوە.

ئاسیا ئوغوز، کە ژنە کوردێکی دانیشتووی گوندی سیلێبێنیای سەر بە ناوچەی کەرجۆسە، بەهۆی دوژمنداریـیەوە گوندەکەی جێدەهێڵێت و لەگەڕەکی کارشیاکای ناوچەی (ئێلیە) دەگیرسێتەوە.

ئەو ژنە کوردە وەک خۆی باسیدەکات 11 منداڵی لەدوای تەمەنی 10 ساڵییەوە بەهۆی نەخۆشییەوەکە نازانرێت چییە، گیانیان لەدەستداوە، بۆیە هەموو ئومێدێکی خۆی دەبەخشێتە کوڕە تاقانەکەی کە 12مین منداڵییەتی، بەڵام نازانێت ئەویش قەدەرێکی نادیار چاوەڕێی دەکات و بەدەستی کەسانێک دەکوژرێت.

ئوغوز دەڵێت "دوای ئەوەی 11 منداڵم بوون، هەر 11یان مردن، کوڕێکم بوو ناوم نا مەحمود، ئەو کوڕە تاقانە بۆ من هەموو شتێک بوو، ئەوەندەم خۆش دەویست، دڵم نەدەهات هیچ کارێکی پێراسپێرم، ئەوەندەم خۆش دەویست هەستەکانم دەرفەتیان پێنەدەدام تێر تێر سەیری کوڕەکەم بکەم". ئەو زیاتر قسە لەبارەی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت "کوڕەکەم دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی بەرامبەر گەلەکەی، لەپێناو ئامانجی گەلەکی خەباتی دەکرد، زۆر دەترسام بەڵایەکی بەسەر بێت، چونکە لە 12 منداڵم تەنیا ئەو مابوو، بەڵام بەداخەوە مەحمود لەهێرشێکی بکەر نادیاردا لەساڵی 1992 دا کوژرا".

دایکی مەحمود، وێڕای لەدەستدانی 12 جگەر گۆشەکەی، تا ئێستا چەندینجار لەلایەن سوپای تورکەوە رووبەرووی ئەشکەنجەدان و لێدان بووەتەوە، سەرەنجام بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە ئێسکی گۆزینگەکانی ئازاریان پێگەیشتووەو نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوە.

لە بارەی ئەو ئەشکەنجەدانانە کە لەلایەن سوپای تورکیا دەرهەقی کراوە گوتی "لەساڵی 1986 تەمەنم 60 ساڵان بوو، بەبیانووی هاوکاری و حەواندنەوەی شەڕوانان دەستگیرکرام، لەم تەمەنەدا ماوەی 15 رۆژ ئەشکەنجە درام.چەند جارێک بەتەزووی کارەبا ئەشکەنجە درام و خواردنیشیان نەدامێ، هەر لەهەمان ساڵدا لە ماردین بۆ ماوەی 10 رۆژ دەستگیر کرام، لەئەنجامی ئەشکەنجەدا رەوشی دەروونیم زۆر خراپ بوو، هەروەها گۆزینگەکانم نەشتەرگەریان بۆ کرا".

ئەو ژنە بەساڵاوە زیاتر لەبارەی ئازارەکانی خۆی قسە دەکات و دەڵێت "ئازاری زۆرم بینیوە، منداڵەکانم لەدەست داون، جگەرم سووتاوە،کوڕێکم هەبوو پێش چەند ساڵێک ئەویشیان لێبردم، ئیدی بەسە با کۆتایی بەم شەڕە بێت و چیتر دایکان رۆڵەکانیان لە دەست نەدەن".

ئاسیا کاتێک باسی لەئازارەکانی خۆی و کوژرانی کوڕە تاقانەکەی دەکرد فرمێسک لەچاوەکانی گیر نەدەبوون و دەیگووت "تەنیا پێکەنینی کوڕەکەم لەیاد ماوەو بەردەوام لەپێش چاومە،کوڕەکەم زەرەری بۆ کەس نەبوو، ئاشقی گەلی خۆی بوو، تەنیا پێکەنین و ئەو ساتانەم لەبیر ماون کە کوڕەکەم لەباوەش دەگرت". گوتیشی "بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە بەبەردەوامی نەخۆشم".

ئاسیا ئوغوز دوای گیان لەدەستدانی کوڕەکەی، کاتێک گوێبیستی چالاکییەک دەبێت لەبارەی وەستانی شەڕەوە ناتوانێت لەماڵەوە دابنیشێت، بەو تەمەنە زۆرەوە بەشداری لەچالاکییەکەدا دەکات، بەردەوام داوا دەکات سنوورێک بۆ جەرگسووتانی دایکان دابنرێت و هەروەها داوایکرد کە ئەو پێکدادانی چەندین ساڵە لەباکوور هەیە کۆتایی پێبهێنرێت".ئاسیا دەڵێت "ئیدی بەسە،با دایکان هیچی تر نەگرین، مناڵ بۆ دایک هەموو شتێکە، با کۆتایی بەم شەڕە بێت، شەڕ سوودی بۆ کەس نییەو با منداڵەکانمان نەبنە قوربانی شەڕ".

# کچانی سلێمانی دەیانەوێ ببنە هەیفا و ئەلیسا و نانسی



**هەژان خالید**
hazhanxalid@yahoo.com

**رووداو– سلێمانی**

"هەموو هیوام ئەوەیە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری بکەم و لە ئەلیسا بچم، لەئێستاشەوە پارەی بۆ کۆدەکەمەوە". رۆشنا تەمەن 19ساڵ کە ئێستا خوێندکارە وا دەڵێت، بەڵام (ش) کە دایکی 3 منداڵە، ئەگەرچی شێوەی خۆی بەدڵەو نایەوێت گۆڕانی تێدا بکات، ئێستا بەناچاری رووی لەیەکێک لە کلینیکەکان کردووەو دەیەوێت نەشتەرگەری جوانکاری بۆ سنگی بکات. (ش) لەدوای ئەوەی کە سێ منداڵی بووە مێردەکەی داوای لێکردووە سنگی بچووک بکاتەوە. پزیشکی کلینیکەکە نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجام نادات و باوەڕی بەوە نییە کەسێک خۆی بداتە بەر نەشتەرگەری کە لەرووی تەندروستییەوە پێویستی پێی نییە. (ش) پاش ماوەیەک بە سێ منداڵەوە تەڵاق دەدرێت.

ئەمە تاکە رووداو نییە و چەندین حاڵەتی لەم جۆرە لە کلینیک و سەنتەرەکانی جوانکاریدا بینراوە.

سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی کە خەڵکەکەی لەپاڵ بوارەکانی دیکەی ژیاندا گرنگییەکی زۆر بەجوانیی رووخسار دەدەن و بەو هۆیەشەوە ئێستا بووەتە مەڵبەندێکی گەورەی نەشتەرگەریی جوانکاری لەچاو شارەکانی دیکەی عێراق.

د.جەلال عەلی حەسەن پسپۆڕی نەشتەرگەریی جوانکاری دەڵێت ئەم نەشتەرگەرییە لەکوردستان و بەتایبەتیش لەشاری سلێمانی لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە پەرەی سەندووەو هۆکارەکەشی بۆ باشتربوونی باری ئابووریی خەڵک دەگێڕێتەوە.

لەبارەی ئەو نەشتەرگەریانەش کە زۆرترین خەڵک ئەنجامی دەدەن، دەڵێت "زۆرترین نەشتەرگەرییەکان هی رێککردنەوەی لووت، گوێ، گەورەکردنی لێو، گەورەکردن و بچووککردنەوەی سنگ، روومەت و چاککردنی شوێنەواری سووتانن".

د.جەلال ئاماژە بەوەش دەدات کە هەردوو رەگەزی نێرو مێ گرنگیی بەو نەشتەرگەریانە دەدەن، بەتایبەتی ئەوانەی لەتەمەنی نێوان20 بۆ40 ساڵیدان.

ئەو پزیشکە پسپۆڕە لەگەڵ پێشاندانی چەندین وێنەی نەخۆشەکان، باس لەوە دەکات کە هەندێک جار نەشتەرگەریەکان بۆ چارەسەری گرێیەکی دەروونین "زۆرکەس هاتوونەتە لام نەشتەرگەرییان بۆ بکەم، گوێیان



رەپ بووە و بۆ شاردنەوەی سیکۆتینیان لێداوە". بەڵام زۆرجاریش بۆ دەربازبوونە لەنەخۆشییە جەستەییەکان. د.جەلال نموونەیەک دێنێتەوەو دەڵێت "لەیەکێک لە نەشتەرگەرییەکانی ئەم رۆژانەمدا پێنج کیلۆ زیادەم لە سنگی ئافرەتێک دەرهێناوە".

بەپێی قسەی ئەو دکتۆرە نرخی نەشتەرگەرییەکان لەچاو وڵاتانی دەرەوە نرخێکی گونجاون و دەڵێت "زۆر کەس لەئەورووپاوە هاتوونەتەوەو لێرە نەشتەرگەریمان بۆکردوون". لە سەنتەری (دریم) کە یەکێکە لەسەنتەرەکانی جوانکاری لە سلێمانی، کۆمەڵێک ئافرەت لەهۆڵی چاوەڕوانی دانیشتبوون، یەکێک لەوانە خاتوونێکی قەڵەوبوو بەناوی (تابان) کە تەمەنی 29 ساڵە و خاوەنی دەم و چاو و بژەیەکی جوانە، تابان بۆ ئەوە هاتووەتە ئەو سەنتەرە کە خۆی لاواز بکات "هاتووم خۆم لاواز بکەم، قەڵەوی شتێکی جوان نییە، زۆرم رێجیم کردووە و سوودی نەبووە، بەڵکو ئێرە سوودێکی هەبێت". کۆچەری تەمەن21 ساڵیش هاتبوو بۆ ئەنجامدانی سێیەم دانیشتنی لابردنی مووی زیادەی دەموچاوی. کۆچەر هۆکاری هاتنی خەڵک بۆ سەنتەرەکانی جوانکاری دەگەڕێنێتەوە بۆ هەوڵی کەمکردنەوەی کێشەکانیان و چارەسەرکردنی خەم و گرێ دەروونیەکانیان.

د.محەممەد مەحموود بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەربارەی کاری جوانکاری دەڵێت "جۆرەکانی بریتین لە جوانکاری بەدەرمان، بەنەشتەرگەری، بەئامێری لەیزەر و جۆرەکانی تیشک، جوانکاری بۆ پێست وەک لابردنی زیپکە و پەڵە و چرچیی دەموچاو، هەروەها ئامێری لەیزەر بەکاردێت بۆ لابردنی مووی زیادە، تواندنەوەی چەوری، لابردنی تاتوو، راکێشانی پێست".

ئەوەی ئاشکرایە زۆر کەس حەز بەئەنجامدانی جوانکاری دەکەن، بەڵام بەهۆی ترس لەلایەنە نێگەتیڤەکانی و هەروەها دڵنیا نەبوون لەسەرکەوتنی کارەکە ناتوانن بڕیار بدەن. د.محەممەد لەو بارەوە دەڵێت "چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست و جوانکاری دەشێت وەکو هەر چارەسەرێکی دیکە هەندێک زیانی لاوەکی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو زیانانە کاتین و لەماوەی چەند رۆژێک یان چەند هەفتەیەکدا نامێنن، چارەسەر بەئامێری لەیزەر و تیشک، چەند دانیشتنێکی پێویستەو مەرج نییە نەخۆش سوودی تەواویان لێ ببینێت، رادەی سەرکەوتنی چارەسەر دەکەوێتە سەر جۆری پێستی نەخۆشەکە و پابەندبوونی نەخۆش بەڕێنمایی پزیشکەوە، دیاریشە شارەزایی پزیشکیش رۆڵی تێدا دەبینێت". سەبارەت بەهۆکار و پاڵنەری نەخۆشەکانیش پێیوایە مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزی لەجوانییە، پاشان هۆکاری کۆمەڵایەتی وەک شووکردن و ژنهێنان، چاولێکەری، راگەیاندن و زۆریی ئەو پروپاگەندانەی بۆ جوانکاری دەکرێن کاریگەریی خۆیان هەیە.

هەیفا و ئەلیسا و نانسی وەک چۆن لەوڵاتە عەرەبییەکان بوونەتە ستایل و زۆرێک لە خانمان داوادەکەن لەسەر هەمان ستایل جوانکارییان بۆبکرێت، لەکوردستانیش کاریگەرییان بەسەر خانمانەوە دیارە، بەڕێوەبەری سەنتەری دریم دەڵێت "ئەو کەسانەی روودەکەنە کلینیکی جوانکاری کەسانی پارەدارن و داوا دەکەن جوانکارییان بۆ بکرێت، تاوەکو بچنەوە سەر یەکێک لە هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان، بەتایبەتی لوبنانییەکان". بەڵام کەسانێکیش هەن لەئەنجامی جوانکارییەکان ناڕازین. "رۆژە"ی تەمەن 29 ساڵ بێ ئومێدانە گوتی "چیت بۆ باس بکەم؟ دوو نەشتەرگەری گەورە و 10 نەشتەرگەری بچووکم کردووە بۆ لووتم، تا ئێستا ئەنجامەکان خراپن، چونکە دکتۆرەکان یەک قاڵب بەکاردێنن". رۆژە لەبارەی ئەو پارەیەوە کە لەو نەشتەرگەرییانەدا سەرفی کردووە، دەڵێت "کاری جوانکاری خۆی گرانە، بەڵام ئەنجامەکان لێرە پێت دەڵێن ئەو پارەیە زۆرە". سازگاریش لەئەنجامی هەوڵەکانی رازی نییەو دەڵێت "وەک دەبینی ئەم پەڵانە لەسەر پێستمە، بەلێزەرو بەدەرمان هەوڵی چارەسەرم داوە، بەداخەوە هیچ سوودێکی نەبووەو شوێنەوارەکان هەر دیارن.

# کەژاڵ بەهاوکاری خۆشەویستەکەی مێردەکەی دەکوژێ

**نازم دڵبەند**

هەر جارێک بەهۆی کاری وەزیفیمەوە رێگام بکەوێتە سووچی بەندیخانەکان، بە دونیایەکی جیاواز لە دونیای دەرەوە ئاشنا دەبم. هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژوورە چەند مەتریانەی دەیانبینی و بەهۆی چەکمێکی یاساییەوە ناچار بوونە ژیانی ئەم ماوەیانی تێدا بەرنەسەر کۆمەڵێ خەم و بیرەوەری و ئایندەی تەمەنی خۆیان رووبەڕووبۆتەوە، هەمووشیان سەربردەیەکی تایبەت بەرەو ئەم هەڵدێرەی بردوون.

کچێکی هەرزەکاری ژیکەڵەی جوانم بینی لەو تەمەنە بەهارییەی خۆی بە (شوو)یانداوەو واشپێدەچوو بە دڵی خۆی نەبووبێت و لە پێشدا دڵی زیندانی کوڕێکی دیکە بووبێ و لە عەشقێکی زۆر گەرمدا توابووبێتەوە، لێم پرسی:

**●تۆ چیتکردووە؟**

– (بە شەرمێکی زۆر قوڵەوە و زۆر بە کزی) مێردەکەی خۆم کوشتووە.

تۆزێ کشامەوە دواوە و بە جۆرێک لەسەرسامییەوە لە کچە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەم پرسی:

***بۆچی؟**

– لەگەڵ کوڕێکی دیکە پەیوەندی هەبووە و بۆخۆ دەربازکردن لەم بەشوودانە بە هەردووکیان هاوسەرەکەیان کوشتووە.

لێرەدا هەڵوەستەیەک دەکرێ و سەرنجەکان بۆ باکگراوندی ئەم تاوانە دەگەڕێنمەوە و جارێکی دیکەش چوومە لای ئەوکچە زیندانییەی تا ئێستاکە حوکمەکەی یەکلایی نەکراوەتەوە و دیسانەوە دواندم، بەڵام هەستمدەکرد هەندێجار دەیەوێ هەموو دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێ و هەندێجاریش خۆی لەم کارەساتە بە تەواوی دووربخاتەوە، سەیرێکی پەنجەکانی دەستیم کرد ئەڵقەیەکی لە یەکێ لە پەنجەکانی بوو،پرسیم:

**●ئەم ئەڵقەیە هی کاتی شووکردنتە؟**

–نەخێر دەستگیرانەکەم لە بەندیخانەی مەحەتەوە بۆی ناردووم.

**●ئەویش گیراوە؟**

–بەڵێ دوای رووداني کوشتنەکە هەردووکمان پێکەوە گیراین

**●باشە تاچەند ئەم ئەڵقەیەت خۆشدەوێ؟**

–بەقەد رۆحی خۆم، چونکە من ئەم چارەنووسەم لە پێناوی خاوەنی ئەم ئەڵقەیە هەڵبژاردووە.

**●بەڵام ئێوە چارەنووستان ونە، رەنگە چەند ساڵێکی زیندانی پێبچێ تا جارێکی تر ئێوە لە باوەشی یەکتر شەوێکی پەمەیی ببەنە سەر؟**

–بۆچی تۆ حوکمی زیندانمان بەسەردا دەسەپێنی، ئێمە دڵنیاین کە زوو دەردەچین و ژیانی خۆمان بەسەر دەبەین.

**●باشە ئەی کە چوونە دەرەوە ناترسن تۆڵەتان لێ بکەنەوە؟**

–تۆزێ داما و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە خێرایی سەری بەرز کردەوە و چاوەکانی خستە ناو چاوەکانی من و خێراتر پێی گوتم "تۆ هەموو دەرگاکانمان لێ دامەخە، دەبێ هەموومان بە هیواوە بژین" (دیسان سەری بەردایەوە و دیاربوو چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون و بە قوڕگێکی گریاناوی گوتی "تەنها ئەم ترسەمان هەیە، دەنا خەمی زیندان و دووریمان لە یەکتری تۆزقاڵێک لەم خۆشەویستیەی نێوانمان کەمناکاتەوە.

من لەلای خۆمەوە هەستمکرد هەستی ئەوم بریندار کرد، بۆیە زوو سەرم بەرزکردەوە و لە تاقەکەی ژوور سەری دیوانێکی شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)م بینی



بۆیە زوو تا قسەکانمان بەرەو ئاقارێکی دیکەببەم گوتم:

**●ئەم دیوانە شیعریە هی تۆیە؟**

– (بە نیمچە زەردەخەنەیەکەوە)بەڵێ. من هەمیشە حەزم لە شیعر بووە. بە درێژایی شەوانی هەموو هەفتەیەک نامەیەکی جوان بەم شیعرانە دەڕازێنمەوە و بۆ (حەمە)ی دەنێرم لە زیندانی مەحەتە.

**●چەند دڵنیای تۆ بێتاوانی؟**

–غەدریان لێکردم بۆیە هانام بۆ ئەم چارەنووسەم برد. نازانم دادگا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم قەدەرەم دەکات. هەقە ئەوانەش بهێنینەوە ئێرە کە من و (حەمە)یان بەرەو ئێرە هێنا و بوونە هۆکاری مەرگی ئەو و دوورکەوتنەوەی ئێمە.

**●پەشیمان نیت لەوەی ئەنجامتدا؟**

–ئەویش بەشێکە لە تاوانەکە، چونکە زۆر زوو دەیزانی هیچ وێستگەیەکی خۆشەویستی لەنێوان ئێمەدا نەبوو.

**●چیبکردایە؟**

–منی تەڵاق بدایە.

(وایلێهات بەتەواوی چووبووە ناو ناخی کێشەکەیەوە و دەیویست من چەند کاژێرێکی دیکەش لەم زیندانە پرسیارم لێبکردایە، منیش پرسیارم زۆر مابوو، بەڵام هەستمکرد کچە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەم زۆر ماندووکردووە بۆیە دەفتەر و قەڵەمەکەم پێچایەوە و سەیرێکی روخساری (کەژاڵ)م کرد پێیناخۆشبوو کە جێی دەهێڵم، بۆیە لە دواجاردا گوتی:

–توخوا ناوی راستەقینەی خۆم مەنووسە. توخوا کە بڵاوکرایەوە دانەیەک لە رۆژنامەکەم بۆ بنێرە، چونکە هەموو شتەکان هەڵدەگرم بۆ یادگاری.

**●ئەم چەقۆیەی کە هاوسەرەکەشت پێ کوشت؟**

– (بە رووخسارێکی تێکچووەوە)، ئەویش لە دادگا پارێزراوە.

ویستم بڕۆم، گوتم:

**●خودا حافیز**

– خودا حافیز. بەڵام بیرت نەچێ منیش شاعیرم.

### لەساڵی 2007ەوە تا ئێستا 14 کەس لە ئاوی دوکان خنکاون

# دوکان حەمەی مەلەوان دەکاتە حەمەی فریشتە



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو – دوکان**

ماوەیەکە دەریاچەی دوکان، لە لاپەڕەی هەواڵی ڕۆژنامەکاندا زوو زوو دەردەکەوێت. زۆربەی هەواڵەکانیش دەربارەی ئەو دەریاچەیە خوێناویین و حەمەی فریشتەش بەڵێنی داوە کە هەتا دەریاچەکە بۆداواکردنی خوێن ڕق ئەستوورتر بێت، ئەو سوورتر دەبێت لەسەر ڕزگارکردنی هاووڵاتیان. لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی دوکان، لەگەڵ ئەوەی ئاماری قوربانییەکانی دەریاچەی دوکان دەداتە (ڕووداو)، ڕۆڵی بێوێنەی حەمەی فریشتەش ناشارێتەوە.

## نوێترین قوربانی

لەوکاتەی لە قەزای دوکان سەرگەرمی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژە بووین، هەواڵی خۆخنکاندنی کچێک بەسەرانسەری شارۆچکەکەدا بڵاوبووەوە. ڕۆژی 2008/7/15 بنکەی پۆلیسی دوکان تەرمی کچێکی خنکاویان لەکەناری زێی دوکاندا دۆزییەوە. رائید فواد حەمید لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی شارۆچکەکە گوتی "ئەو کچە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەژیانی خۆی، خۆی فڕێ داوەتە ناو ئاوەکەو خنکاوە". گوتیشی "دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەگەڵ کەسوکاری کچەکە، دەرکەوت کە نەخۆشیی دەروونی هەبووەو هیچ ئاسەوارێکی لێدان و توندوتیژیش بەجەستەیەوە دیار نەبووەو تەنیا سەری کەمێک بریندارببووە کە ئەویش لەناو ئاوەکەدا بەر بەرد کەوتووە".

شنۆ خالید تەمەن 30ساڵ، ئەندازیاری بیناسازی بوو لەشارەوانی بەکرەجۆ. ڕاستی خالید کە برای شنۆیە لەبەردەم لێپرسراوی بنکەی پۆلیسدا گوتی "ئەو خوشکەم نەخۆشیی دەروونی هەبووەو لەم یەک دووساڵەی دواییدا بەتەواوی نەخۆشییەکەی پەرەی سەندو چەند جارێکیش بردوومانەتە تاران و وڵاتانی دەوروبەر بۆ چارەسەر، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو". بەرپرسی شارەوانی بەکرەجۆش گوتی "ڕاستە شنۆ نەخۆشی دەروونی هەبوو". یەکێکی دیکە لەخزمە نزیکەکانی شنۆ باسی لەوەکرد کە شنۆ لەکاتی خوێندندا یەکێک بووە لەو قوتابیانەی هەموو قوتابخانەکەی سەرسام کردبوو لەزیرەکیدا، بەڵام بەم دواییە بەشێوەیەکی نائاسایی بەردەوام بیری دەکردەوە.

لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی دوکان دەڵێت "کاتێک تەرمەکەیمان دەرهێنا، دەستێک جلی ڕەش و گۆرەوی و دەستکێشی ڕەشی پۆشی بوو، سەریشی بەمووس سفر کردبوو". براکەی شنۆش گوتی "ئەو بەیانییەی خۆی خنکاند، بەرلەوەی ئێمە لەخەو هەستین چووبووە حەمامەکەو سەری خۆی تاشیبوو، کە چووە دەرەوە نەماندۆزییەوە تا تەرمەکەیان لەناو ئاوەکە دەرهێنایەوە".

> **400 خنکاوم لەناو دەریاچەو زێیەکانی هەرێمی کوردستان دەرهێناوە**
>
> حەمەی مەلەوان

## ئامارەکانی خوێن

لە ساڵی 2007دا زێی دوکان 10 هاووڵاتی خنکاندووە، 9 حاڵەتیان لەبنکەی پۆلیسی شارۆچکەکە بەخنکانی ئاسایی تۆمارکراون و یەک حاڵەتیشیان نائاسایی. خنکاوەکان دووانیان ژن بوونەو هەشتیان پیاو. لەو چەند مانگەی ساڵی 2008یشدا 4 قوربانی دیکە هەبوون و شنۆ دواییینیان بووە. رائید فواد حەمید ڕایگەیاند "جگە لەو خنکاوانە، دەیان کەسی دیکەش کەوتوونەتە ناو ئاوەکەوەو ڕزگارکراون". گوتیشی "زۆربەی ڕووداوەکانی خنکان و کەوتنە ناو زێیەکە لەمانگەکانی هاوینی هەموو ساڵێکدایە، بەوپێیەی کاتی گەرمایەو گەشتیاران ڕوودەکەنە ئەو ناوچەیە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش".

دڵتەزێنترین کارەساتی خنکانیش، حەمە مەلەوان دەیگێڕێتەوە، کارەساتی ئەو منداڵە چلوورە فرۆشەی کە بۆ پەیداکردنی بژێوی هات و دواجار زێی دوکان تەرمەکەی پێشکێشی خێزانە هەژارەکەی کردەوە "دایک و باوکی هاتنە ماڵی ئێمەو گوتیان منداڵەکەمان لەناو ئاوەکەدا خنکاوەو کەس بۆی دەرنەهێنراوەتەوە، چوومە ناو ئاوەکەو پاش چەند کاژمێر گەڕان بەناو قوڵایی دەریاچەکەدا تەرمەکەیم دۆزییەوەو لەگەڵ تەرمەکەشدا بڕی 75 هەزار دیناری چاپی نوێشم دایە باوکەکەی، چونکە ئەوەندە دەستکورت بوو نەیدەتوانی تەرمەکەش بباتەوە بۆ ماڵی خۆیان لەعەربەت". ئەگەرچی بەدەر لەزێی دوکان، چەندین دەریاچەو ڕووباری دیکە لەهەرێمی کوردستان هەن، کەچی هیچکام لەوانە وەک دوکان خنکان و ژێر ئاوکەوتنی تێدا ناقەومێت. چونکە دوکان هاوکات شوێنێکی گەشتیاریشەو خەڵکێکی ئێجگار زۆر ڕووی تێدەکەن.

حەمەی مەلەوان دەڵێت "هەفتە نییە من سێ کەس لەناو ئەو ئاوە ڕزگار نەکەم. تا ئێستا نزیکەی 400 خنکاوم لەناو دەریاچەو زێیەکانی هەرێمی کوردستان دەرهێناوەتەوە، چونکە لەهەموو شوێنێکەوە دێن بەدوامدا بۆدەرهێنانەوەی خەڵکی خنکاو". کارەساتەکانی ئەو دەریاچەیە نازناوی حەمەی مەلەوان دەگۆڕن بۆ حەمەی فریشتە. ئەو فریشتەیەی کە هاواری هەموو خنکان و پەلەقاژەکانی ژێرئاوکەوتن دەگەنەوە بەردەرگاکەی ئەو. محەممەد عەبدولڕەحمان حەمەدەمین، تەمەن 48 ساڵ، ماوەی 20 ساڵە بەبەردەوامی ئولفەتی بەناو ئاوەوە گرتووە، ئەو بەشێوەیەک لەگەڵ زێی دوکان ئاشنایەتی پەیدا کردووە کە لەڕۆژە هەرە ترسناکەکانی تووڕەبوونی شەپۆلانیشدا خۆی بەژێر ئاوەکەدا دەکات و زۆرجاریش سەردەکێشێتە ناو ڕێڕەوەکانی مەرگیشەوە. بەرپرسی بنکەی پۆلیسی دوکان گوتی "حەمە مەلەوان زۆربەی تەرمەکان دەردەهێنێتەوە، کە دەنگوباسی کەوتنە ناو ئاوی کەسێک بڵاودەبێتەوە، یەکسەر ناوی حەمە مەلەوانیش دێتە گۆڕێ".

حەمەی فریشتە دەڵێت "من هەرگیز داوای پارە لەخەڵک ناکەم، بەڵام خۆیان هەرشتێک بدەن وەریدەگرم" خەڵکی دوکان دەڵێن ئەگەر حەمە مەلەوان نەبووایە، ئەوا ژمارەی قوربانییەکانی ئەو زێیە چەند قاتی ئەوە دەبوو کە ئێستا تۆمارکراوە. حەمە دڵخۆشە بەوەی کە تا ئێستا زێی دوکان نەیتوانیوە جەستەی کەسێکی لێ بشارێتەوە "کەس لەدەستم دەرنەچووە لەو زێیە گەورەیەدا، هەر گوتبێتیان کەسێک لەو زێیەدا خنکاوە، دەرمهێناوەتەوە، ئەگەر پاش چەند ڕۆژ گەڕانیش بووبێت".

ئەوەی کە حەمەی نیگەران کردووە هەڵسوکەوتی هەندێک خەڵکە "هەندێک کەس دێنە لام و دەڵێن شتێکمان کەوتووەتە ناو ئاوەکەوە بۆمان دەربهێنەوە، ئاخر من موجازەفە بەژیانی خۆم دەکەم، ئەگەر بۆ شتێکی بە بەهای وەک مرۆڤ نەبێت، چۆن بۆکامێرایەکی 40 هەزار دیناری خۆم دەخەمە ناو قوڵایی ئەو ئاوەوە".

## تیمی مەلەوانەکان

"تەحەدا دەکەم ئەگەر ئەوانە یەک تەرمیشیان دەرهێنابێت" تیمی مەلەوانەکانی دوکان کە گرووپێکی دروستکراون، بەلای حەمەوە هیچیان مەلەوانی باش نین و ئیعترافیان پێناکات. "ڕزگارکردنی خەڵک هەر بەوە نابێت بچیتە ناو ئاوەوە، دەبێت شارەزا بیت و بتوانیت ماوەیەکی زۆر لەناو ئاودا بمێنیتەوە".

بەڕێوەبەری فەرمانگەی بەربەستی دوکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاوی دوکان کاریگەری وشکەساڵی لەسەر نییە، هەرچەندە ئاستی ئاوی دەریاچەکە دابەزیوەو ڕۆژانەش یازدە سانتیمەتر دادەبەزێت".



حەمەی مەلەوان هەفتە نییە سێ کەس لە ئاوی دوکان ڕزگار نەکا (فۆتۆ:ڕووداو)

# یاسای باری کەسییەتی بەپێی شەریعەتی ئیسلام دادەڕێژرێتەوە

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

دوایین پێداچوونەوە بەپرۆژە یاسای هەموار کراوی باری کەسی درایە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و وا بڕیارە ئەنجامەکانی بەم نزیکانە ڕابگەیەنرێت، ئەمەش لەکاتێکدایە تاوەکو ئێستا تێبینی لەسەر پرۆژە یاساکە هەیە.

بەهۆی ئەو جیاکارییانەی لەهەندێک لەبڕگەکانی یاساکەدا هەیە، لەبەهاری ساڵی ڕابردوو لێژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری چەند ڕاوێژکارێکی یاسایی و کەسانی شارەزا لەشەریعەتی ئیسلام یاساکەی هەموار کردو لە 93 مادە کردی بە 27 مادە، پرۆژە یاسا هەموارکراوەکە درایە ئەنجوومەنی وەزیران و لەلایەن لێژنەیەکی 5 کەسی لەئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەی بۆ کرا و دواتر ئەنجامەکەی لەسەرەتای مانگی 4ی ئەمساڵ لەکۆنفرانسێکدا ڕاگەیەنرا.

بەڵام دەستکارییەکانی لێژنەکە بۆ پرۆژە یاساکە بووە جێگەی نیگەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، ئەویش بەهۆی پشتبەستنی لێژنەکە تەنها بەشەریعەتی ئیسلام بۆ پێداچوونەوەی پرۆژە یاساکە، هەر بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران دووبارە پرۆژەکەی خستەوە بەردەم لێژنەکە.

یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە 188ی ساڵی 1959 کە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم لەعێراق دانراوە، 93 مادەی لەخۆ گرتووە، سەرچاوەی دارشتنی ئەم یاسایەش شەریعەتی ئیسلام بووە بەبێ خۆ بەستنەوە بەمەزهەبێکی دیاریکراو.

دوابەدوای زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لێژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، زیاتر لەماوەی 3 مانگ خەریکی دووبارە پێداچوونەوەی یاساکە بوون و دوای چەندین ڕاسپاردەی تازە بۆ جارێکی دیکە لەڕێکەوتی 2008/7/16 پرۆژە یاسا هەموار کراوەکە بۆ جارێکی دیکە خرایەوە بەردەستی ئەنجوومەنی وەزیران.

مهاباد قەرەداخی، کە یەکێکە لەئەندامانی ئەو لێژنەیەی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێکهێنرابوو بۆ پێداچوونەوە بەپرۆژە یاسا هەموار کراوەکە، ئاماژەی بەوەدا کە دوای گەڕاندنەوەی پرۆژەکە یاساکە بۆ لێژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا بەزیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لێژنەکە، قەرەداخی ئامانجی زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لێژنەکەی ڕوونکردەوەو گوتی "زیاد کردنەکە بۆ ئەوە بوو کە چارەسەرێکی گونجاوو هاوچەرخ بۆ ئەو ناهاوسەنگیە دابنرێت کە لەیاساکەدا هاتوە".

بەپێی قسەی مهاباد قەرەداخی لێژنەکە لە 11 کەس 6 ژن و 5 پیاو پێکدێت، کە پسپۆری جیاوازیان تێدایە لە وبوارەکانی کۆمەڵناسی، دەروناسی، یاسا، شەریعەت و فیقهی ئیسلامی.

بەپێی ئەوەی ئاینی ئیسلام، بنەمای سەرەکی دەستووری عێراقە، بۆیە بەپێی دەستوور نابێت یاسایەک دابنرێت کە پێچەوانەی شەرعەتی ئیسلام بێت، بۆیە ئەو هاوسەنگی ڕاگرتنە لەنێوان پشت بەستن بە ئاینی ئیسلام و یاساکانی دیکە ڕەنگە کاری لیژنەکە دژوار تر بکات.

هەر سەبارەت بە کاری لیژنەکە لەم چەند مانگە ڕابردوودا مهاباد دەڵێت "ئێمە لەو 4 مانگەی ڕابردوودا چەندین کۆبوونەوەمان کردووەو ئەوەی پێی گەیشتین تا ڕادەیەکی گونجاو چارەسەری ئەم دۆخە کێشە ئامێزەی کردووە، بەڵام بەهۆی پابەندبوونمان بەدەستوری عێراق دەستمان واڵا نەبووە لەسەدا سەدی خواستەکانی خۆمان لەنێو ئەو هەموارکردنەدا جێبکەینەوە".

د.مستەفا زەڵمیش کە یەکێکە لە ئەندامانی لێژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، دوای ئەوەی پرۆژە یاساکەیان پێشکەشی سەرۆکی حکومەت کرد لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە لێژنەکەیان هەموو ئەو بڕگانەیان لە یاساکە لاداوە کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە.

بەڵام د. هادی مەحموود ڕاوێژکاری یاسایی هەموارکردنی پرۆژەکەی پەرلەمان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانیشە قسەکانی د.مستەفا زەڵمی ڕەتکردەوەو گوتی "هیچ شتێک لە پرۆژەکەی پەرلەمان لەدەرەوەی ئایین نەبووە، بەڵام ئەگەر ئایینێک ببێتە هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت ئەو کات قسەکانی د.مستەفا زەڵمی ڕاستە".

د.هادی زیاتر لەسەر قسەکانی زەڵمی ڕۆیشت و گوتی "ئایینی ئیسلام ئایینی دادپەروەرییە و ئاسانکارییە، ئەو تەفسیرو لێکدانەوە کۆنە جۆرە تەرزێک لەئیسلام دێنێتە پێشەوە کە خەڵکەکە نەفرەت لەئیسلام بکات، ئەوەی مستەفا زەڵمی پێوەی پابەندە ئەگەر ئەمرۆش بڕ بکات، بەڵام ماوەیەکی دیکە بڕ ناکات و تەمەنی کورت دەبێت".

لەکۆنفرانسەکەی مانگی نیساندا بڕگەکانی 4،5،6،7 ی مادەی 3ی یاسای باری کەسێتی کە تایبەتە بەهاوسەرگیری، بووە جێگای گفتوگۆو ناڕەزایی لەنێو ئەندامانی کۆنفرانسەکە، هەرچەندە لەپرۆژە یاساکەی پەرلەماندا فرەژنی قەدەخە کراوەو چەند سزایەکی یاساییی بۆ دانراوە، بەڵام لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو هەموارکردنانەی لیژنەی داکۆکیکردنی وە لا نابوو، جارێکی دیکە ڕێگەی دابوو بەفرەژنی.

سەبارەت بەدواپین پێشنیارەکانی ئەم لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران مهاباد قەرەداخی گوتی "لە پێناسەی زەواج و تەڵاق و نەفەقەو میرات و شایەتیدا بەجۆرێک گەیشتوینەتە ڕێکەوتنێک، لەمەسەلەی فرەژنیشدا دوو پێشنیاز لەئارادایە، یەکێکیان قەدەغەکردنیەتی و ئەوی دیکەیان بەستنەوەو مەرجدارکردنیەتی".

پرۆژە یاساکە ئێستا دراوەتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بدات، بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرز دەکرێتەوە و ئەویش دوای گفتوگۆکردن دەیخاتە دەنگدانەوە.



> **هەموو ئەو بڕگانەمان لە یاساکە لاداوە کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن**
>
> د.موستەفا زەڵمی
> ئەندامی لێژنەی باڵای پێداچوونەوە یاسای باری کەسییەتی



> **بەهۆی پابەندبوونمان بەدەستوری عێراق دەستمان واڵا نەبووە 100 % خواستەکانمان لەنێو هەموارکردنەکەدا جێبکەینەوە**
>
> مەهاباد قەرەداخی
> ئەندامی لێژنەی باڵای پێداچوونەوە یاسای باری کەسییەتی

# ئایەتووڵڵایەک دوورینەوەی پەردەی کچێنی حەڵاڵ دەکات

**ڕووداو– عەرەبییەنێت**

یەکێک لە چوار مەرجەعە ئاینییەکەی شیعە لەشاری نەجەف، لەزنجیرەیەک فەتوای نوێدا دوورینەوەی پەردەی کچێنی بۆ ئافرەتانی زیناکار حەڵاڵ دەکات و داواش دەکات مەرجەعە ئاینییەکان خۆیان لەکاروباری سیاسەت بەدووربگرن.

ئایەتوڵڵا ئیسحاق ئەلفەییاز کە شانبەشانی هەریەک لە عەلی سیستانی مەرجەعی باڵاو شێخ محەممەد سەعید ئەلحەکیم و شێخ بەشیر ئەلنەجەفی یەک لەچوار مەرجەعە ئاینییەکانی شیعە پێکدێنێ، بەفەتوای ڕێگەپێدان بەدوورینەوەی پەردەی کچێنی، ماوەیەکە لەنێوەندەکانی شیعەدا مشتومڕی ناوەتەوە. شێخ عەلی ڕوبەیعی گوتەبێژی ئایەتوڵڵا ئیسحاق ئەلفەییاز لە لێدوانێکدا بۆ سایتی (عەرببیەنێت) دووپاتی کردەوە کە ئەو فەتوایە ڕاستە. گوتیشی "بەوپێیەی شەریعەت گرنگیی بەژیانی مرۆڤ دەدات، کەواتە هەرشتێک ببێتە هۆی لەناوچوونی مرۆڤ دەبێت بەڕوویدا بوەستێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر مەسەلە هاتەسەرئەوەی ئایا ئەو ئافرەتە بکوژرێ یان پەردەی کچێنی بۆ بدوورێتەوە، دەبێت ئەوەیان هەڵبژێرین کە کەمتر خراپە".

بەبڕوای ئەلفەییاز ئەو ئافرەتەی بەهۆی زیناوە سکی پڕبووە، ئەگەر ژیانی کەوتە مەترسییەوەو کۆرپەکەی نەگەیشتبووە 4 مانگ، ئەوا بۆی هەیە لەباری ببات.

ئەو مەرجەعەی شیعە لە فەتوایەکی دیکەشدا کە لەنێوەندی شیعەدا مشتومڕی دروستکردووە، ڕایگەیاندووە کە دەبێت حەوزە سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە دەوڵەت و هیچ حیزبێکی سیاسییەوە نەبێت، لەهەمان کاتیشدا حیزبەکان دەست لەکاروباری حەوزە وەرنەدەن.



ئایەتوڵڵا ئیسحاق ئەلفەییاز

# فەتحوڵڵاچییەکان لە باشووری کوردستان چی دەکەن؟

## "فەتحوڵڵا گولەن دەیەوێت وەک عوسمانییەکان کوردستان داگیربکاتەوە"



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

فەتحوڵڵاچییەکان کە بە (جەماعەت) دەناسرێن، گرووپێکی ئیسلامی تورکین و گەورەترین گرووپی ئیسلامیی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، لەزیاتر لە 100 وڵاتی جیهاندا قوتابخانەو نووسینگەیان هەیە. ئەو گرووپە لەساڵی 1994 ڕووی لەباشووری کوردستان کردووەو قورسایی چالاکییەکانیشان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بووە. ئەوان لەباشووری کوردستاندا وەک تالیب بیوک بەرپرسی کۆلیژی عیشق لەهەولێر دەڵێ 8 کۆلیژیان هەیە کە نزیکەی2000 قوتابی کوردو تورکمان وانەی تێدا دەخوێنن. هەروەها نەخۆشخانەیەکیان بەناوی (سیما) هەیەو بەنیازن زانکۆیەکیش بکەنەوەو لەبواری ئابووریشدا لەباشووری کوردستان چالاکن. مونزور دوروکان کە پێشتر ئەندامی جەماعەت بووەو هەروەها ئادەم ئۆزون ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) ئەو گرووپە بە هەڕەشە دەبینن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن چالاکییەکانی سنووردار بکات.

حکومەتی ڕووسیا لەترسی ئەوەی نەبادا ببنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، لەسەرەتای ئەمساڵدا هەموو چالاکییەکانی ئەو گرووپەی لە ڕووسیا قەدەخەکردن و قوتابخانەکانی داخستن، هەروەها 2 ساڵ لەمەوبەر بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی تورکمانستاندا بۆ کودەتا لەدژی حکوومەت دەستی تێکەڵ کردبوو، سەرجەم قوتابخانەکانیان داخران و بەفەرمی لەو وڵاتە قەدەخەکران.

### سیاسەتی فەتحوڵڵاچییان لەباشووری کوردستان

مونزور دوروکان دەڵێ "لەهیچ شوێنێکی جیهان یەک تاکە دۆلاریش لەسەر ناوی شەخسی فەتحوڵڵا گولەنی ڕێبەری گرووپەکە نییە، پرۆژە ئابوورییەکانی ئەو گرووپە لەسەر ناوی شەخسەکان تۆماردەکرێن، بەگشتی سیاسەتی فەتحوڵڵا گولەن وەک قەلەمونە. ئەوان لەگەڵ هەموو لایەنێک کارو سیاسەت دەکەن، زوو بەزوو میتۆدەکانیان دەگۆڕن. ئەوان بەڕواڵەت دوژمنایەتی هیچ لایەنێک ناکەن"، سەبارەت بە بوونیان لە باشووری کوردستانیش دوروکان دەڵێ" وەک چۆن لەشوێنەکانی دیکەی جیهاندا هەن لەباشووری کوردستانیش جێی خۆیان کردووەتەوە". مونزور کە خەڵکی باکووری کوردستانە، ماوەی10 ساڵ ئەندامی جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن بووەو لەنزیکەوە لەگەڵ زۆربەی ئەو کۆمپانیاو قوتابخانانەی لەسەرانسەری جیهان کردوویانەتەوە پەیوەندی هەبووە.

جەماعەت کە لەساڵی1994وە ڕوویان لەباشووری کوردستان کردووە، قورسایی کارەکانیان لەسەر دوو بواری پەروەردەو ئابووری بووە. مونزور دەبێژێ "ڕێکخەری سیاسەتی ئابووری و پەروەردەی جەماعەت لەباشووری کوردستان تالیب بیوکە. ناوبراو پەیوەندییە ئابوورییەکانی جەماعەت لەگەڵ خودانکارانی باشوور ڕێکدەخات".

تالیب بیوک بەڕێوەبەری کۆلیژی عیشق پێشتر لەریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەی میدیا ( ژمارە329)دا بەئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەوان لەسەر ڕێنوێنی شەخسی فەتحوڵڵا گولەن هاتوونەتە باشووری کوردستان و ئەوەشی نەشاردەوە کە سەردانی هێزە تایبەتەکانی تورکیا لەکوردستان دەکات، بەڵام پەیوەندییەکانیان لەچاخواردنەوە تێناپەڕێت.

هەرلەو پەیوەندییەدا ئادەم ئۆزون ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە ئۆرگانێکی نزیک لەPKKیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئامانجی جەماعەت ئەوەیە لە هەر شوێنێکی جیهاندا تورک هەبێت لەدەوری ئیسلام و تورکێتی کۆیان بکاتەوەو بۆ مسۆگەرکردنیشی لەدوو میتۆدی ئایینی و ئابووری کەڵک وەردەگرێت و لەدرێژخایەنیشدا ئامانجیان ئەوەیە تورکمانەکانی باشووری کوردستان بۆ ئەو پرسە ئامادە بکەن. ئۆزون دەڵێ" گولەنیەکان دەڵێن وەک چۆن لەجیهاندا جوولەکە، عەرەب، کریستیانەکان دەسەڵاتدارن دەبێ تورکیش وەها دەسەڵاتدار بێت". بەڕای ئادەم جەماعەتی گولەن تەنیا لە خزمەتی ناسیۆنالیزمی تورکیدایەو جگە لەکۆیلایەتی هیچی بۆ نەتەوەکانی دیکە پێ نییە.

دوروکان ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لەبازرگانە کوردەکان بەناوی (خ. خ) کە بازاڕی چای کوردستانی لەدەستدایەو خودانکارێکی تورکمان بەناوی (ح. ی) لەگەڵیان کار دەکەن و پەیوەندییەکانی بیوک لەڕێگای ئەو دوو کەسەوە ڕێکدەخرێت".

ئادەم دەبێژێ تورکیا زۆر هەوڵیدا لەڕێگای تواندنەوەو نکوڵیکردن کورد لەناوبەرێت، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە دەیەوێت لەڕێگای فەتحوڵڵاچییەکانەوە مێشکی کورد داگیربکات. "گولەنیەکان ئێستا لەکوردستان دوو میتۆدی جیاواز بەکاردێنن کە تەواوکەری یەکترن. یەکەمیان ئیسلامی نەرم و ئەوی دیش پارەیە کە بۆ چێکردنی کارگەو کارخانەو پێشخستنی ئابووری هەرێمەکە سەرف ناکرێت، بەڵکو بۆ کڕینی خەڵکانی برسی تەرخان دەکرێت".

وەک مونزور دەڵێت، فەتحوڵڵاچییان لەهەر وڵاتێکدا کەسێکیان هەیە بەناوی (ئابێ) کە واتای کاک دەگەیەنێت. ئابێی هەر وڵاتێک سەربەخۆیەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ پنسیلڤانیا هەیە کە شوێنی نیشتەجێبوونی فەتحوڵڵا گویلەنە، هەروەها لەتورکیا 2 ئابێ هەیە یەکێکیان بۆ کوردستان و یەک بۆ تورکستان. جەماعەت بێجگە لەئێران و یۆنان لەهەموو دەوڵەتانی دیکەی جیهاندا ئابێیەکیان هەیە. "تالیب ئابێ کارەکانیان ڕێکدەخات. بۆ نموونە ئەگەر 10خودانکار بیانەوێت بێنە باشووری کوردستان، تالیب پێشوازییان دەکات و دەیانهێنێتە قوتابخانەی کۆلیژی عیشق و ماوەی چەند هەفتەیەک لەوێ دەمێننەوەو تالیب بیوک لەڕێگای پەیوەندییەکانیەوە کارەکانیان بۆ ڕێکدەخات".

جەماعەت لەئەمریکا گەلێک کۆمپانیایان هەیەو لەم نزیکانەشدا کەناڵێکی تەلەفزیۆنیان بەناوی ئێبرۆتیڤی لەنیویۆرک کردەوە کە بەرامبەر بەبارەگای ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزەو لە15 نهۆم پێکهاتووە. هەروەها کۆمپانیای ئویلکەر لەئەوروپا 1ملیار دۆلار پارەی دا تا مارکەی (بودیوا)ی کڕی کە یەکێک لەگرنگترین مارکەکانی ئەوروپایە.

ئۆزون پێیوایە گولەنیەکان دەیانەوێت حکومەتی باشووری کوردستان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی بۆچوونی خۆیانەوەو وای لێبکەن کە لەگۆڕ بەرژەوەندی ئەوان بجووڵێتەوە. بۆیە" ئەوان لەپەروەردەوە دەست پێدەکەن و بەئابووری پشتگیری پەروەردە دەکەن و لەماوەی25-40 ساڵدا کەس ئاگای لەخۆی نییە ئەوان نەوەیەکی هەڵگری بۆچوونی خۆیانیان پەروەردە کردووە. ئەوان لەژێر ناوی ئەو قوتابخانانەدا دەیانەوێت باشووری کوردستان هەم لەبواری زیهنییەت و هەم لەبواری ئابوورییەوە داگیر بکەن".

نووسینگەی ئابووری فەتحوڵڵاچییەکان پێشتر لەگەڕەکی بەختیاری بوو، بەڵام ئێستا نووسینگەکەیان بۆ شۆڕش گواستووەتەوە. بەقسەی دوروکان بەهۆی نزیکی زمانی و نەتەوەیی و ئەو ئایدۆلۆژییەی کە شەخسی گولەن وەک سەرۆکی جەماعەت لەمەڕ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی هەیەتی، نزیکترین پەیوەندییان لەگەڵ تورکمانەکاندا هەیە.

مونزور ئاماژە بەوەدەکات کە پێشکەوتوو نەبوونی سیستەمی بانکی لەکوردستان وا دەکات کە ئەو بازرگانانەی لەتورکیا و باکووری کوردستانەوە دێن ناچاربن کارەکانیان بە تالیب بیوک بسپێرن، بۆیە ئەویش گەرەنتی سەرمایەو هاریکارییان دەکات و لەبەرامبەر هاریکارییەکەدا 10%ی پارەکە بۆ خۆی گل دەداتەوە.

مونزور دوروکان دەڵێ" کاری جەماعەت لە ڕواڵەتدا تەنیا قوتابخانەیە، بەڵام لە واقیعدا ئابێی باشووری کوردستان کە هاوکات ئابێی عێراقیشە لەهەموو بوارێکدا کار دەکات، بۆ نموونە ماوەیەک لەمەوبەر ئابێی قازاخستان داوای پەترۆڵی عێراقی کردبوو، ئابێی عێراقیش کارەکانی بۆ جێبەجێ کردو ئێستاش لەسنووری ئێرانەوە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ بازرگانەکاندا بەستراوە نەوتی کێڵگەکانی عێراق و کوردستان ڕەوانەی قازاخستان دەکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی مونزور ماوەیەک لەمەوبەر تالیب سەردانی فەتحوڵڵا گولەنی کردووەو ڕوخسەتی دروستکردنی زانکۆیەکی لەباشووری کوردستان لێوەرگرتووە. تالیب لەو سەردانەدا داوای20 ملیۆن دۆلاری بۆ دروستکردنی ئەو زانکۆیە کردبوو، گولەنیش ڕەزامەندی لەسەر نواندووە. هەر بەپێی زانیارییەکانی دوروکان چاوەڕوان دەکرێت لە3مانگی داهاتوودا بیوک دیسان سەردانی پەنسیلڤانیا بکاتەوە. بەڕای ئۆزون ئامانجی گولەنیستەکان لە باشوورو باکووری کوردستان وەک یەکەو دەیانەوێت کورد لەڕۆحی نەتەوەیی خۆی دوور بخەنەوە تا ئەوکات بەسانایی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەردا بسەپێنن.



**فەتحوڵڵا گولەن**

- لەساڵی1941لەگوندی قوروجلاری شاری ئەرزەرومی باکووری کوردستان لەدایکبووە.
- قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکەیاندا خوێندووە و پاشان بنەماڵەکەی کۆچیان بۆ ئیزمیر کردووە، لەوێش ڕووی لە قوتابخانە ئیسلامییەکان کردووە.
- لە 18 ساڵیدا بووەتە پەیڕەوکاری بەدیعوزەمان مەلا سەعیدی کوردی.
- لە 1959 لە ئەدرینە بڕوانامەی باشترین" وتاربێژ"ی پێدراوە.
- لە ساڵی 1999 چووەتە ئەمریکا و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە.
- تا ئێستا ژنی نەهێناوە.

### گولەن لە پەنسیلڤانیا چی دەکات؟

فەتحوڵڵا گولەن پاش کودەتای 28ی شوباتی1997 لەدژی نەجمەدین ئەربەکان و دەسەڵاتی حکومەتی تانسۆچیللەر، تورکیای بەرەو ولایەتی پەنسیلڤانیای ئەمریکا بەجێهێشت و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە. ئەو ئەندامەی پێشووی جەماعەت کەپێشتر لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کاری کردووە، دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی گولەن دەڵێت "گولەن لەپەنسیلڤانیا گوندێکی هەیە کە بێجگە لەماڵەکەی خۆی لە6 ماڵی تایبەت پێکهاتووە. هەر ماڵێکیش تایبەتە بەکاروباری تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئەمریکا، ئاسیای ناوەندو دوور، ئەفریقیا و ئەوروپا. لەهەر ماڵێکدا کاروباری تایبەت بەو وڵاتانە ڕێکدەخرێت و ئەو ڕاپۆرتانەی کە ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە دێن لەلایەن لیژنەیەکی5-6 کەسییەوە تاوتوێ دەکرێن و کورتکراوەیان دەبرێتە بەردەست فەتحوڵڵا گولەن. پاشان گولەن بەڕاوێژ لەگەڵ ئابێی تایبەتی ئەو وڵاتەو لیژنەکە بڕیار لەسەر کاروبارەکانیان دەدات. ئابێی هەر وڵاتێک3-4 مانگ جارێک گولەن دەبینێت و ڕاوێژی لەگەڵ دەکات".

مونزور ئاماژە بەوەدەکات کە لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا مانگانە کارەکانی تالیب بیوک لەکوردستان بەسەر دەکرێتەوەو گرنگترین بەشەکانی دەکرێتە ڕاپۆرت و دەچێتە بەردەست فەتحوڵڵا گولەن. دەشڵێت "بۆنموونە ریپۆرتاژەکەی پێشووتان لەسەر جەماعەت گەیشتبووە بەردەست گولەن، ئەویش گوتبووی با جارێکی دی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە نەتەوەپەرستانەدا قسە نەکات".

دوروکان دەبێژێ"ماڵەکەی فەتحوڵڵا گولەن لەچوار ژوور پێکدێت و بەتەنیا تێیدا دەژیت. گولەن تا ئێستا خێزانی پێکنەهێناوەو خۆی خواردنی خۆی دروست دەکات، ڕێگەش بەهیچ خزمەتکارێک نادات نزیکی ماڵەکەی بکەوێتەوە. گولەن بەبێ ڕوخسەتی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA)ئاو ناخواتەوە. ئەگەر بیەوێت بچێتە شوێنێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو دەزگایەدا دەچێتە دەرەوە".

بەپێی ئادەم، گولەن و تاقمەکەی بەشێک لەکارەکانیان جێبەجێکردنی پرۆژەی بەناوی ئیسلامی دوور لەتوندوتیژی ئەمریکایەو ئەمریکاش دەیەوێت لەڕێگای ئەوانەوە مودێلێک لە ئیسلامی دژە ڕادیکاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین چێ بکات و لەداهاتوودا لەدژی دەوڵەتە ڕادیکاڵەکانی هەرێمەکە بەکاریان بێنێت، ئەمریکا لەتورکیا دەیەوێت بەپشتگیری پارتی دادوگەشەپێدانAKP و جەماعەتی گولەن ئەو پرۆژەیە سەربخات، لێ تائێستا سەکەوتوو نەبووە.

### پەیوەندی فەتحوڵڵاچییەکان و دەوڵەت

ئەگەر سەیری پێکهاتەی کۆماری تورکیا بکەین بەسانایی بۆمان دەردەکەوێت کە لەتورکیادا سێ دەوڵەت هەیە. لەلایەکەوە سەرباز بۆ خۆیان دەوڵەتێکن، حکومەت بۆ خۆی دەوڵەتێکە و دەوڵەتی قووڵیش هەیە، لێ فەتحوڵڵاچییەکان بەدرێژایی مێژووی تورکیای هاوچەرخ بەفەرمی هەرگیز لەگەڵ دەوڵەتدا شەڕیان نەکردووەو کام پارت دەسەڵاتدار بووە لەگەڵیدا سەودایان کردووە. مونزور گوتەنی سیاسەتی ئەوان نەتەوەپەرست و ئیسلامی و چەپ ناناسێت، بەڵکو دەسەڵات دەناسێت، کێ ببێتە خاوەن دەسەڵات لەگەڵیدا هاریکاری دەکەن.

بەڕای فەتحوڵڵا گولەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەر شەڕ پارچە پارچە نەبووە، لەشەڕدا هەمیشە قازانجی کردووە، بەڵام لەسەر مێزی وتووێژەکان دۆڕاوە. بۆیە پێویستە تورکەکانی جیهان نەوەیەکی نوێ چێبکەن کە فێری سیاسەت بن. ڕوانگەی گولەن سەنتێزێکە لەتورکێتی و ئیسلامێتی.

مونزوردەڵێ لەبەرئەوەی سوپا کەمالیستن، فەتحوڵڵاچییان هیچ پەیوەندییەکی فەرمییان لەگەڵیاندا نییەو تا ئێستاش یەک بیسکویتی ئویلکەر کە مارکەیەکی گەورەی کۆمپانیای فەتحوڵڵاچییەکانە نەچووەتە کەمپەکانی سوپای تورکیا. لەهەموو وڵاتانی دیکەی جیهان و ناو خودی تورکیا لەنێوان سوپاو فەتحوڵڵاچییان ناکۆکیی هەیە، بەڵام لە باکوورو باشووری کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانەیان پێکەوە هەیەو بەردەوام سەردانی یەکتر دەکەن.

ئادەم ئۆزون وێڕای ئاماژە بەوەی کە ناکۆکییەکی گەورەی ئایدیۆلۆژی لەنێوان دەوڵەت و فەتحوڵڵاچییەکاندا هەیە، دەڵێ" گولەن لەشەڕی نێوان کریستیان و ئیسلام و شەڕی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێت و لەگەڵ هاوکێشەکاندا نەرم دەجووڵێتەوە، بەڵام دەوڵەت و سوپا زۆر وشک و دۆگماتیک سیاسەت دەکەن". ئۆزون وەها درێژە بەقسەکانی دەدات کە سوپا دەیەوێت لائیکبوونی تورکیا لەسەر بنەمای گرووپێکی بچووک وەک بڵێی بژاردەیەکی بچووک بەناوی "تورکی سپی" بەڕێوە ببات. سوپا خۆی بەتورکی سپی دادەنێت و داروودەستەی ئەردۆغان و ئەوانی دیش بە"تورکی ڕەش". سوپا پێیوایە کە لەبەرئەوەی تورکی سپی تورکیای دامەزراندووە مافی بەڕێوەبردنیشی هەیە، بەڵام گولەن وەها سنووردار بیرناکاتەوەو ستراتیژیک دەفکرێت و پێیوایە دەبێ دەسەڵات بەدەستی ئیسلامییەکانەوە بێت و بەهەندێک جیاوازییەوە تورکیا بۆ دۆخی ئیمپراتۆری عوسمانی بگەڕێتەوە.

### تەنیا خاڵێک کە دەوڵەت و جەماعەتی گولەن لەسەری کۆکن

بەقسەی مونزور، فەتحوڵڵاچییان PKKبەخراپ دەزانن و زۆرجاریش دەڵێن کە ئەو پارتە لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە دروستکراوە."فەتحوڵڵا گولەن هەمیشە دەڵێت ئەوکارانەی PKK دەیکات کاری کورد نییە بەڵکو کاری ئەرمەنییەکانی دیاسپۆرایە. ئەو دەڵێت PKK بۆ گەلی کوردی باکوور کار ناکات چونکە کوردی باکوور زۆرینەیان موسڵمانن، بەڵام PKK سۆشیالیستەو ڕێگە نادات کورد شوێن باوەڕی ئاینیی خۆیان بکەون".

ئەو ئەندامەیKNK وەها بەرسڤی بۆچوونی گولەن دەداتەوە" گولەن وAKP کوردیان موسڵمان نەکردووە،PKK وەک پرسێکی تاکەکەسی سەیری ئیسلام دەکات و بڕوایەکی تەواوی بەدیموکراسی هەیەو وەکAKP و گولەن لەگەڵ گەلی کورد و گەلانیتر درۆو دووڕوویی ناکات".

دوروکان دەڵێت کە جەماعەتی گولەن بەچەندین شێوە لەدژی PKK هاریکاری دەوڵەتی تورکیا دەکەن. لەڕێگای بەخشینی زانیاری و داراییەوە یارمەتی دەوڵەت دەدەن." بۆنموونە لە کازاخستان و قرقیزستان زانیارییان بە حکومەتی ئەو وڵاتانە داوەو وەک پردێک لەنێوان ئەو دەوڵەتانەو دەوڵەتی تورکیادا هاریکارییان کردووە. لەئەنجامی ئەو لۆبیکردنەدا کازاخستان و قرقیزستان دوو قۆڵی پەککەیان خستەناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیخۆیانەوە".

ماوەیەک لەمەوبەر هەردوو وڵاتی قازاخستان و قرقیزستان ناویPKKیان خستە لیستی تیرۆرەوەو بەفەرمی ڕایانگەیاند کە ڕێگا بەچالاکییەکانی نادەن. ڕۆژنامەنووسێکی کوردی باکوور کە لەڕۆژنامە سەرەکییەکانی تورکیادا دەنووسێت، دەڵێ "لەکازاخستان و قرقیزیستان لۆبی جەماعەت بواریان بۆ ئەوە خۆشکرد کە ئەو وڵاتانەPKK بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسن. لەڕاستیدا جەماعەتی گولەن لەپرسی PKK و کەرکوکدا وەک باڵی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کار دەکەن".

هەر لەوبارەیەوە ئادەم دەڵێت بەپێی هەندێک بەڵگە کە لەدەستیاندایە، فەتحوڵڵا گولەن و جەماعەتەکەی لەبواری دارایی دروستکردنی لۆبی و پشتگیری سیاسییەوە یارمەتی دەوڵەتی تورکیا دەدات. بەڕای ئەو ئەندامەیKNK دوو ساڵ بەرلەوەی دەوڵەتی تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان سەرقاڵی کاری دیپلۆماسی بووەو گولەنیەکان زەمینەیان بۆ ئەوە خۆش کرد کە هەریەکە لەسەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماری تورکیا بچنە کۆشکی سپی و دەنگی ئەمریکا و هەروەها ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا قازانج بکەن.

ئادەم ئۆزون دەڵێ کە زۆربەی ئەو کوردانەی لەچوارچێوەی AKP دا کۆبوونەتەوە هەرگیز نەیانگوتووە کوردن، بەڵکو ئەردۆغان دەستنیشانیان دەکات کە کەی کوردن و کەی کورد نین. ئەگەر پێویستی پێیانبوو دەڵێ کوردن ئەگەریش نەبوو تورک و ئیسلامن". بەقسەی ئەو ئەندامەی KNK"جەماعەتی گولەن دەیانەوێت لەباشووریشدا هەمان مۆدێلی باکوور دووپات بکەنەوە، بۆیە دەبێ حکومەتی کوردستان بەهەستیارییەوە لەو پرسە نزیک ببێتەوە، چونکە بوونی گولەنیەکان ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە".

### ئەمەریکا داوای گولەن ڕەتدەکاتەوە

ڕۆژی هەینی 2008/7/18 ڕۆژنامەی حوڕییەتی تورکی بڵاویکردەوە کە ئەمەریکا داوایەکی فەتحوڵڵا گولەنی ڕەتکردوەتەوە کە داوای مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە ئەمەریکا کردبوو، بەرپرسانی کاروباری کۆچی ئەمەریکی پاساوی بڕیارەکەیان بەوەدایەوە گولەن ئەو مەرجانەی تێدانییە کەبۆ وەرگرتنی مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی پێویستن. گولەن لەساڵی 1999ەوە لە ئەمەریکا دەژی و بەهۆی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نایاسایی کەئامانجی سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامییە لە تورکیا داوایەکی لەدادگە لە سەر هەیە، بەڵام بەرپرسێکی دادوەری لەتورکیا ئاماژەی بەوەدا کە ڕەنگە بەم نزیکانە گۆڕانکاری لە بڕیاری دادگە بکرێت وڕێگە بۆ گەڕانەوەی گولەن بۆ تورکیا خۆش بکرێت.



منداڵان یەکێکن لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرنامەی فەتحوڵڵا گولەن

■ ل سـەر هندەک پرس وئاریشـەیێن تایبەت ب دهۆکێ ورەوشا مەسیحیا ل دەڤەرا بەهدینا مە ب پێتڤی زانی ڤێ هەڤپەیڤینێ دگەل مێژا گۆرگیس شلیمۆن جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بکەین..

رووداو-دهۆک

## جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ گۆرکیس شلیمۆن:

# گەندەلی ل دهۆکێ ژی هەیە بەس ئەم دیڤچوونێ دکەین



**گۆرکیس شلیمۆن:**

_ل سالا 1945 ل کانی ماسێ دەڤەرا بەرواری بالا ژ دایک بوویە

-قۆناخا ناڤەندی وئامادەیی لە بەسرا خوەندییە

-کۆلێجا یاساوسیاسەتێ ل زانکۆیا موستەنسریە تمام کرییە

-ل 2004 جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێیە

**رووداو:د هەڤدیتنـەکا رووداو دگەل د.فازیل عومەر سەرۆکێ جڤاتا بازێرڤانیا دهوکێ گەلەک گازەندە وگلەیی هەبوون لسـەر کێمیا بودجەیا دهۆکێ و وی گوت ل ناڤ 43 وەزیرا دهۆکێ تنێ 3 وەزیر پێت هەی،دەبێژن دوو پایتەختێت هەیە کو سلێمانی وهەولێرە دهۆک پشت گوە هاتیە هاڤێتن،هتا دبێـژن کو ئەو بودجەیا حکومەتێ دانـای بۆ پارێزگەهان تەنی 6% بۆ دهوکێ بوو زێدەتر بۆ هەولێروسلێمانیێ بوو، هون چەوا ڤێ پرسێ دبینن؟**

**گورکیس شـلیمۆن:** ئەزنەشێم بێژم 6% یە چونکی مەعقول نینە وئەو 6% ئاخفتن ورەخنەکە دژی مەیە،ل وەبەر هینان "ئیستیسمارات" 6%، بەس مە ئەو گازانـدە هەیە چونکی ئەو پتر ژ سال ونیڤەکایە چ بودجە بۆ مە نەهاتییە،تشتێت دی ئەوە بودجەیا مە ب بەراورد دگەل هەولێرێ وسـلێمانیێ کێمترە، ئـەو جوداوازیژی نە بۆ نیسبەو تەناسوبە،ئەگەر هۆسا بیت ئەم رازینە، ژبـەر هندێ ئـەم دبینن کو دهـۆک قیچەک مەغدوورە .

**رووداو:دناڤ هەیکەلێت وەزارەتا یێت سەرەکی دیسان دوکتۆر فازیل عومەر گلەییا هندێ دکەت وبێژیت هندەک وەزارەت یەکی دهۆکێ تێدا نییە بۆنموونە وەزارەتا ساخلەمیێ دبێژی ژ فەراشی هتا رێڤەرێ گشتی دهۆکییەک تێدا نییە.**

**گورکیس شلیمۆن:** ب راستی سەرۆکێ جڤاتا پارێزگەهێ زێدەتر تێکەلی وپەیوەندێت گشتی هەنە، یـێ مە گرێدایە ب شـۆلێت ئیداری،کە ئەم نەڤێت ئەو ئینتباع بدەن، نووکە حکومەتا بەغدا هەتا نووکە نزانیت چ جکومەت هەنە یان نا،ئـەو دبێژیت ئەوە بۆمن ئـەوێ دی دبێژیت ئەوە بۆمنە،ب راسـتی مە نەڤێت ئەو تشت ل کوردستانێ هەبیت، هەرچەندە ل دیف تەجرەبە وەئەزموونـا من ل گەلەک وەزارەتا مرۆڤ هەنە وەک عەرەب دبێژن نە "الشـخص المناسب فی المکان المناسـب" ن، ئـەز قانوونیمە وگەلەک تشـت دهێتە بەر دەستێ من گەلەک تشت یێ سەیر هەی ئەز گەلەک موستەغربم .ئەگەر ئەم بهێینە سەر موخاصەصەو موحاصەصە ئەز دبێژم ئاخفتنا دوکتۆر فازیل عومەر راسـتە،بەس ئەم نابیت ب سۆزداری وعاتیفە شوول بکەین،دیتنا ل سەر هەمی خەلکی یەکە نە ب عاتیفە شوول دکەم،قانوون هەر قانوونە ل سەر خزم وهەڤالێ من بیت هەر یەکە.

**رووداو: هنـدەک هۆسـا دبینن کو پشـتی 2003 دهۆک یا ئیهمـال بووی و رەنگە دهۆک بۆ هندێ باش ببیت کو ببیتە بازێرەکا گوزاری وبێژن هندەک شاند بۆ ڤێ چەندێ یێ هاتینە دهۆکێ؟**

**گورکیس شـلیمۆن:** راسـتە، بـەری چەند هەفتیـەکا وەفـدەک هاتبوون بـەس زێدەتر شـوینواربووون نەک گوزاری، راستی ل دهۆک کاودانێت ئیستیسـمارا سیاحی هەنە ئەگەر مە شیاین مفای لێوەرگرین ئەم پێتڤی ب نەفتێژی

### وەختی من ڤی پۆست وەرگرت من نەدزانی کوردی بخوینم

نینە، ژبەر هندێ ئەم تەشجیعێ هەمی خەلکی دکەین کو دهێنە ڤێرێ هەرچ سەفیرو قونسول وکۆمپانیایە ئەم دبێژینێ پویتەی بە سیاحەتێ بـدەن ل دڤەرا مە چونکی مە پـارە نینە کو پرۆژەکێ مەزن چێکەین هەروەسا مە شارەزایش نینن،هون دزانن کوردستان 40-50 سال بوو لە بن بۆمبابارانکرنێ دابوو،ل بەر هندێ ئەم تەشجیعا کۆمپانیایا دکەین لسەر قانوونا وەبەرهینانێ کو بهێن پرۆژێت گوزاری بکەن .

**رووداو: تو نابینی کو پشتی رووخانا سەددامی وڤەبوونـا دەرێیندی ویالەفرخانە، سسـتیەکا ئابووری ل دهۆکێ دروست ببیت؟**

**گورکیس شلیمۆن:** ئەزنزانم کو رەوشا بازرگانی وئابـووری ل دهۆکێ چوویـە پاش یان چوویە پێـش، بەس من هەمی جـارا من بخوە گۆتیە بازرگانێت دهۆکێ وکەرتێ تایبەت گەلەک پشکدار نینن دپێشخستنا کوردستانێ، یانی دچیت چەند هەیڤەکا شۆل ناکەت ودێچیت سەفقەکی کەت، هەروەسا من گەلەک جارا ئەو رەخنەیا گرتی هەر دێکەم کو گەلەک تشت بازرگان ئیستیراد دکەنە دهۆکـێ وبازرگانێ جوملە لـە هەولێرێ دهێت لەوی وەردگرن بەس دبینی کو ئەو تشت بەهایێ وی لە بازارێت هەولێر هەرزانترە،یانی ل دهۆکێ تەماحکاری وجەشەع هەیە بلا هەمیا گوە لێبیت وسـل بن بەس ئەز هەر دبێـژم، یانی دڤێت د وەختەکێ کورت قازانجەکا مـەزن بکەت،ئەوە گەلەک کاریگەریـەکا نێگەتیڤ وخراپ هەیە ل سەر هەفوەلاتیاو میللەتی .

**رووداو: هـون بـۆ دگـەل ژوورا بازرگانـی هاریکاری و تەنسـیقێ ناکەن بۆ چارەسەرکرنا ڤێ ئاریشێ؟**

**گورکیس شلیمۆن:** موشکیلە ئەوەیە ئاخفتن هەیە بەس شـۆل پێ ناکەین،بـۆ نموونە ئەز جارەکێ چوومـە بازێری دگەل خێزانا خوە مە پرسـا قەزانەکی کر گۆتـی 24،رەنگە وەختی کرینێ خێزانا من بێژیـت قەیدی ناکەت بلا ب 20 دۆلار بیت،بـەس خودانێ دوکانی گوت بلا ب 16 دۆلاران ببەن،یانی سێیەکا بهایێ هینایە خارێ،یانی بزانن چەند وی قازانج کرییە! رەنگە سەدێ سێسەد ئەوی قازانج کربیت

**رووداو: دبێـژن هندەک جارا موراسـەلاتا ناڤبەرا دهۆک وهەولێرێ عەرەبییە ئەو راستە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** وەختی ئەز هاتمە ڤێرێ من نەدزانی کوردی بخوینم ومن دگۆتە حەسەنێ سکرتێرو لێ دپرسـی ئەو چییەو ئەڤە چییە،

### ل دهۆکێ تەماحکاری و جەشەع هەیە بلا هەمیا گوە لێبیت و سل بن بەس ئەز هەر دبێژم

پشتی هنگی من دیت ئەوە ئیحراجە بۆ من ئەز رابووم هەمی رۆژا من سـپێدێ نیڤ سـەعاتی رۆژنامـە دخوەنـد هتا رۆژەکـی قایمقام هات گۆت تە رۆژنامە خوانـد من گوت ئەرێ، گۆت چ تێدایە،من گۆت باوەرنەکە ئەز تێگەهشـتبم بەس ئەز خوە فێر دکەم، پشتی دوو هەیڤا ئەز گەلەک باشتر بووم لەوی کو بیست سالە کوردی دخوینیت،بەس موراسەلاتا مە ب کوردییە ئەم بخوە نووسـراوان بۆئەنجومەنی وەزیران ب رێ دکەین ب کوردی، راستە ئەز ب عەرەبی دنڤیسم ونەشـێم ب کوردی بنڤیسم بەس پشتی هنگی دێ کەینە کوردی ودێنیرین، ژبەر هندێ هەمی موراسەلاتێت پارێزگەهی دگەل فەرمانگەهێت دی بە کوردییە، ئیحتیمالە هندەک دائیرە بە عەرەبی بنڤیسن بەس رێژەکا گەلەک کێمە .

**رووداو: تو بەحسا وەفدەکا گوزرای کرد کە ژ دەرڤە هاتبوون ژ کوردستانێ پویتەی بە کەرتێ گوزاری بدەن، هێـرش وبۆمبەکرنا تورکی کار ناکەتە سەر گوهرینا رەئیا وان؟**

**گورکیس شـلیمۆن:** نە، وان قەت بەحسـا هنـدێ نەکرییە،هتا نووکە مـە نەدەدیتە کو سـەرمایەدارەکێ دەرڤە پرسا بۆمبارانا تورکی بکاتە حجەتەک بۆ نەهاتنێ ونەکرنا پرۆژا.

**رووداو: هـەوە وەک پارێزگەها چ تێکەلی هە نە دگەل فەرمانگەهێن تورکی یان شەرنەخێ بن یان یێتدی؟**

**گورکیس شلیمۆن:** نا، مەهیچ تێکەلی نینە

**رووداو: ل دهۆکـێ ڤان رۆژان بەنزین گەلەک گران بوو،دبێژن هیلەکا چوونا بەنزینی ب رێکا قاچاخ یا هەیە بۆ تورکیا، هون بۆ وێ پرسـێ چ کریە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** ئەم نابێژین تەهریب نینە چونکە تەهریب ل دەولەتێت گەلەک پێشکەفتیژی هەیـە، بەس ل نیک مە تەهریب بوی ئاسـتێ مەزن نینە کو کاربکاتە سەر زێدەبوونا بەهایێ بەنزینی.

**رووداو: گەلەک جارا مە بهیسـتیە خەلکێ گازاندە دکەن وبێژن ل سـلێمانیێ وهەولێرێ باڵەفرخانە هەیە ول دهۆکێ نینە**

**گورکیـس شـلیمۆن:** نووکە دروسـتکرنا بالەفرخانەکێ دنـاڤ پلانا مەدایە وجێهژی بۆ هاتییە دانان وتەقریبـەن ل بەغداژی رازیبوون و98% موافەقەت هەیـە وجەە ژی بۆ تەرخان کریە کو پشتی سمێلی دبیت، دوەختەکێ نزیک دێ دەست پێکەین.

**رووداو:دبێـژن ل کوردسـتانێ 560 هـزار کارمەند مووچـەی وەردگرن وبـەس یێن کو پارەی وەردگرن ملیۆنەک ودووسـەدهزارن،ئایا 43 هـزار کارمەند بـۆ دهۆکێ نە دکێمن ؟ئەو هژماردروستن؟**

**گورکیس شـلیمۆن:** بەلێ دروستەو هژمارا کارمەندێن مە 43 هەزارن،مە لە دهۆکێ شـۆل کریە زەبـت بکەین، تـو دزانـی ل ئەلمانیا 10%بودجـە دچیـت بـۆ مووچەیا،بـەس ل کوردستانێ بودجەیا کوردستانێ هەمی چوویە بۆ مووچەیان.

**رووداو: هنـدەک دبێژن بۆ هندەک کۆمپانیا ئیحتیکارەیە وهندەک کۆمپانیا پشکا شێر یا هەی، ئەوە راستە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** ئەز بەرپرسم لڤی بابەت وشوولی، هندەک جاران کۆمپانیا چووینە مەکتەبا جەنابێ سـەرۆک گۆتی ئەز یێ یەکەم بوویم ل موناقەسا بەس پرۆژە نەدانە من،جارەک دیژی ژ وەزارەتێ ناڤخۆ پرسـیار هاتیە کرن، بەس پشتی مە بەرسـڤ دایە دەرکەت برپارێت مە هەمی قانوونینە،هنـدەک گازەندا دکەن بۆچی چونکی بهایێ وان کێمترە دهەمیان ئەو حیسێب دکـەن کو موناقەسـە بۆ وییە بـەس گەلەک دتشتێت دی وشەرتێت دی یێ هەی، هتا نووکە ل ڤێرێ پرۆژەک بۆ کەسەکی دەرنەکەتییە کو دژی قانوونی بیت.رۆژەکێ ئەز لە جهەکی بووک یەکی گۆت فلان مقاول خزمێ پارێزگەرییە ژبەر هندێ مە پارێزگەری ئەو پرۆژە یێ دایێ، ئەزیش پیچەک توورە وعەسـەبی بووم من گۆتێ بزانە ئەز سێ سـالە دگەل پارێزگەریمە هتا نووکە وی پرسـیار نەکرییە ئەو پرۆژەیە بۆ کییە وبۆ کـی نییە،ئەم پرۆژا دێدەینە کۆمپانیا وئەو پێ نزانیت، ئەو پرۆژە کو تە بەحسـکری من دایە وئەز نزانم کو ئـەو خزمێ پارێزگەرییە یان نە .ئەگەر هـەوەش ناڤێ کۆمپانیایەکێ دزانن کو پشکا شێری پرۆژا بۆ وی چووبیت ئەز گەلەک سوپاسیا وە دکەم کو ناڤی بدەنە مە.

**رووداو: هـون دزانن لە هەمی کوردسـتانێ بەحسێ گەندەلیێ دێتە کرن،ل هەڤلێرێ دبێژن گەندەلی ل نیک مە کێمە ول سلێمانێژی هۆسا دبێژن، ل دهۆکێ پرسا گەندەلیێ چەوەیە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** گەندەلی لێڤەرەژی خالی نابیت،بەس ئـەم لدیڤچوونەک دکەین، گەلەک قسە لەسەر گەندەلیێ دهێنە کرن بەس وەختێ دیڤچوونەکێ لسـەر دکەی دبینی کو مەبەست وغەرەزەکا شەخسی ل پشت هەیە.

**رووداو: ل سـەر گەندەلییێ هەوە کەس ل چەند سالێن بووری گرتییە ؟**

**گورکیس شلیمۆن:** باوەرپکە ئەگەر کەسەک گەندەلی ل سەر ئیسـپات ببیت ئەم یەکسەر بـرێ دکەین بۆ دادگـەە بەس تـا نووکە چ بەلگەە ل سەر کەسەکی نەبووینە کو گەندەلی کردبیت،بـەس مە یەک برێ کر بۆ دادگەهی ل سەر تەزویرکرنا شەهادا،، جارەکێ ژی پار مە ل بازێرڤانییە دیڤچوونەک ل سەر گەندەلییەکێ کر ل سەر هندەک تشتێت ئەردی کو دکۆمپیوتەر ناڤێ خەلکێ موستەفید کربوون ناموستەفید، پشتی هنگی ئاسـایش پێ حەسیا ودیڤچوون دەستپێکر وگەلەک چوونە زیندانێ ل دوو سالا هتا حەفت سالا .

**رووداو: هەوا چ لیستێت رەش (بلاک لیست) بۆ کۆمپانیایە هەنە ل دهۆکێ؟**

**گورکیـس شـلیمۆن:** بەلـێ مەکریە، مە 7 کۆمپانیـا هەبوون،یەک ترکییـە وییێتدیژی ناڤخۆیینە

رووداو: رێژەیا مەسیحیا ل دهۆکێ چەندە؟

گۆرگیس: ب راستی نووکە پیچەک زەحمەتە ئەم رێژەیەکێ دانێین،چونکی گەلەک یێ چووینە دەرڤەو گەلەک یـێ هاتینە ژ بەغدایێ وجهێن دی، هەرچەندە مە ئامارەکا هورد نینە بەس ب گشتی رێژەیەکا کێمە وکێمتر ژ 10%یە.

**رووداو: چەند رێڤەرێت گشتی ل دهۆکێ هەنە کو مەسیحی بن ؟**

**گورکیس شـلیمۆن:** ب گشـتی ل دهۆکێ رێڤەرییێت گشـتی پـەروەردەو کاروکاروباری جڤاکی ورەوشەنبیری وچاڤدێریا جڤاکی،وەکی رێڤەرێ گشـتی تنـێ رێڤەبەرێ پـەروەردێ مەسیحیەوئەرمەنییە بەس مە رێڤەرێ ناحیەژی هەیـە کـو مەسیحییەوئاشـوورییە، ئەزیـش مەسیحیمەوئاشـووریمە، کارمەندێـت دیـژی گەلەکن.

**رووداو:چەند کارمەند ل دهۆکێ هەنە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** نیزیکی 43 هزار

**رووداو: گەلەک جارا حیزبێت ئاشووری گازاندا دکەن کو پشـکداریا وان د دەسەلاتێدا یا کێمە رەئیا تە چییە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** هندی ئەز بزانم تنێ یەک حیزب گازاندا دکەت ئەوژی بزاڤـا ئاشـوورییە،یێتدی باوەرناکەم گلەییا بکەن،بـۆ نموونە مە پێتڤی ب بەرێڤـەرێ ناحیەکـێ هەبوو من گوتە پارێزگەری ئەویژی یەکسـەر گوت بلا یەکـی بەربژار کەن ومەژی یەک دەستنیشـانکر و ئیدی بوویە رێڤەبەرێ ناحیەی. من دڤێت بێژم نووکە دامەزراندن ل سـەر بنگەهێ شـیان وکەفائەتییە،ئـەز مرۆڤەکێ سـەربەخۆمەو حیزبی نینم وپارتی نینم وئاشـووریمەو نووکە پارێزگەر لڤێرێ نینـەو ئـەز پارێزگەرم ب وەکالەت.یانی ل نیک حکومەتا مە شـیان وکەفائەت گرنگە نە تشتێت دی. ئو مە نەڤێت کو موحاسەسـا تایفەگەری ژ بەغدایێ بۆمە بهێت .

**رووداو : چەند قوتابخانێت سریانی ل پارێزگەها دهۆکێ هەنە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** 36 قوتابخانێت سـەرەتایی وناڤەندی وئامادەییی ل پارێزگەها دهۆکـێ هەنە کو ب سـریانی دخوینن، ئەڤ قوتابخانە پشـتی سالا 1991 ڤە بوون وهەمیا بینایەتێت خۆ هەنەو مامۆسـتاژی ل حکومەتا کوردستانێ مووچەی وەردگرن وکتێبژی ژ ئالیێ وەزارەتا پەروەردەیە .

**رووداو: ئەرمەنیا قوتابخانە هەنە؟**

**گورکیـس شـلیمۆن:**هندی ئـەز بزانم وانا قوتابخانە نینە چونکە ئەو بخۆ کێمن.

**رووداو: چەنـد گوندێت مەسـیحیا وەختێ گوندخراپکرنا وئەنفالا ژ لایێ رژێما بەعس هاتنە خراپکرن؟**

**گورکیس شلیمۆن:** نیزکی هەمی گوند هاتن خراپکرن.

**رووداو : هندەک لایەنێت ئاشووری بەتایبەت الموتمر القومی الاشوری ل دەرڤە بەیانا دەردکەن وبێژن گوندێت مەسیحیا ل کوردستانێ هاتینە داگیرکرن ودەسـەلاتا کوردستانێ وب تایبەت پارتی هـەولا تەکریدا دهۆکـێ ددەت، دهۆک بازێرەکێ ئاشوورییە ونوهدرایە ؟**

**گورکیس شلیمۆن:** تو دزانی الموتمرالقومی الاشوری چەند کەسن، ئەوە تەقویما وایا دهۆک کرینە اقلیم اشـوور من ل دەرڤە ئەڤ تەقویما هینایە، سـالا 1948 هندی گۆتنە عەرەبا بابە بلا فەلەسـتبنێ بکەینە نیـڤ گۆتی نا نابیت فەلەستین هەمی یێ مەیە هتا نووکە گەهشتینە ڤێ قۆناخێ کو نەشیان جووان بهاڤێنە بەحرێ ونووکـە عەرەب مەجبوور بوون روبعەکی قبول بکـەن، هون وەک راگەیاندن وەختێ هەوە گوە ل قسەکێ دبیت ل کەسەکی پێتڤیە بزانن ئەو کـەس ومرۆڤ کییە، یانـی مەعقولە نووکە ل دهۆکێ هەمی کورد ومسولمان بهاڤینە رەخەکی وئەڤ دهۆکە هەمی بۆ ئاشـووریا بیت! راستی ئەو مرۆڤێ ئاخافتنێت وەسـا دکەن ل خەیال عیلمیش دەرباز بووینـە ومرۆڤێت ناواقیعینە، ئەز پار ل ئوسـتورالیا بووم من گۆتە هندەک ئاشـووریا ئەز دێ وەک جێگـرێ پارێزگەری دەعوەتا وە دکەم وەرنە دهۆکێ ب چاڤێت خوە رەوشا مەسیحیا ببینن . من گۆتە وان وەختێ ئەز بەحسێ جەنابێ سـەرۆک دکەم یان کاک سەرکیس ئاغاجان ب راستی وان پێتڤی ب مەدحا من نینە،چونکی ئەمریـکا، بەریتانیا،ئەلمانیا، ئیتالیـاو ڤاتیکان وپاپا هەمـی دنیا مەدحێ جەنابێ سەرۆک دکەت،ئەو حەوجێ هندێ نینە ئەز مەدحێ وی بکەم، چەند گوند هەبوون کو وەختێ سەدامی هاتبوون رووخاندن نووکە هەمی ئاڤاکرینەو خانییێن مۆدرێن یێ لێهاتینە چێکرن و مولیدەو کەنیسەو قوتابخانەو هۆلا بۆنەیان یێ هاتینە دروستکرن، راستە مە گازندە هەنە بەس گازندە نـە ل حکومەتێیە بەلکی ل خەلکییە، بەس ئەو گازندەشـی ئەم نەشـێین گەلەک ل سـەر مکوربین چونکە بۆ نموونە ئەو گوندێت هاتینە ئاڤاکـرن هاڤینێ گەلەک مرۆڤێت تێدا، بەس زڤستانێ یێت چۆلن ژبەر کو بێشۆلییەو شـۆل نینە ئەو مرۆڤ بکەن،ئەم هەول ددەین کو شـولی بۆوان گەنجا پەیدا بکەین وهندەک پرۆژا بکەین، هتا جەنابێ کاک نێچیرڤان بەری سـالەکێ ئەم ل بیرۆخێ رۆنیشتبووین گۆتی پێتڤیە لڤێرێ کارگەهەکێ تەعلیبێ بکەن بەس هتا نووکە هێشتا مە نەکریە چونکی دەستێ مە یێ کورتەو وەک عـەرەب دبێژن "العین بصیرة والید قصیرة". بەس ل دووسالێت بووری 7000 خانی یێت هاتیە ئاڤاکرن بۆ مەسیحیا ئاشووری وکلدانی وئەوێتدی

**رووداو: بەس هندەک جاران هندەک مەسیحی دبێـژن ئـەو ئاڤاکرن ل سـەر بودجەیا بەرێز سـەرکیس ئاغاجانی بوویە نە لسەر بودجەیا حکومەتێ؟!**

**گورکیس شلیمۆن:** بەرێز سەرکیس ئاغاجان ئەندامەکـە وەکی مـن وتە ل ڤـی وەلاتی و وەزیرەکە ل حکومەتا کوردسـتانێ نەشـێت تشتەکی بکەت ئەگەر موافقەت وب رازیبوونا وی حکومەتـی نەبیت، ئەما پارە ل کیری هینایینە ئەڤە ناڤبـەرا وی وحکومەتیەو ئەز نزانم و من هەق نینە پرسیار بکەم، چونکی من چ تەبروعات نەدانینە بۆ ڤی شوولی دا کوپرسیار بکەم وەکی کو ل کەنەدا وئەمریکا وەختێ تەبروعات دبیت، یێت پارەی ددەن دپرسن چەوا هاتیە سەرفکرن.

**رووداو: بزووتنـەوا ئاشـووریش چەند جارەکا بەیاننامە دەرئێخسـتن ل سەر ئەو پرسا کو ل هندەک گوندا ئاریشـە هەنە وپارتی وحکومەتا کوردستانێ لایەنگریا هەقێ ناکەت؟**

**گورکیـس شـلیمۆن:** ئەز ئینـکار ناکەم ل هندەک گوندا هندەک ئاریشە یێت مای وتەجاوز هەنە ئەوە نە ئەز دێ ئینکار دکەم ونە جەنابێ سەرۆکیش دێ ئینکار کەت،بەس ئەڤە نە شۆلێ پارتیە بەلکی شۆلێ حکومەتیە .

**رووداو: بەس ل هەمبەر ڤێ پرسـێ هندەک دبێژن کو چەوا ل هندەک گوندێن موسـلمان ئاریشە هەنە ل سەر تشتێت وەکی ئاڤێ،پەرژین و.ل گوندێت مەسـیحیاش هەنە، بەس هندەک لایەنێت مەسـیحی ئەو ئاریشـان بۆ مەرامێت سیاسی ب کار دینن؟**

**گورکیس شلیمۆن:** من گۆت ئەم ئینکارناکەین کو هندەک تەجاوزات هەنە بۆنموونە خەلکەک هاتییە رونشتیە ل سەر عەردێ خەلکەکێ دی، بۆ نموونە ل گوندەکێ ئاشووری ئەوان ل وێرێ نەبوون بەری 30-40 سالا خەلکەکی دی هاتیە تیدا رۆنشـتیە،بەس ئەو شـۆلێ حکەمەتیە و حکومەتی دەسـت ب چارەسەر کردنێ کرییە، ئێک ژوان گوندا گوندێ ژولێ موختارێ گوندی هاتیـە ڤێرێ وگۆتی ئەم ل ڤێـرێ نەبووین و هندەک یێ هاتیینە ئاڤاکرینە داروبارووسپیندار لێ چاندینە، مە لیژنەک بۆ چارەسەرکرنێ پێک ئینا وئەم گەهشتینە رێکەفتنەکێ وب خۆشی وئێک ودوو ماچکرن ئاریشە چارەسەر بوو نووکە گوند یێ ل دەسـت خودانێ وێ کو ئاشوورینە و تێکەلـی وپەیوەندیـا وان باشەوخۆشـە، یانی نووکە حکومەتا کوردسـتانێ دەسـت ب چارەسەکرنا ئارێشا کرییە و دێ تەعویزێ ددەنە وان موسلمانێت هاتینە سەر گوندێت ئاشووری ودێ چـن وگوندی بۆ خودانێت ئاشـووری بە جێهێلن، بۆ نموونە ل پێشخابوورێ وەختێ خۆ سەدامی هەمی خەلک ڤەگوهاست وحکومەتێ کرەبنگەهێ موخابەراتی،پشـتی 1991 ئەوان رەڤیـن وچوون خەلکێ مە لـە دەڤەرا زەممار ل بەر زولما حکومەتـا بەعس رابوون ل وێرێ وهاتنە پێشـخابوورێ، ئێک ژ پارتییێت مەیێت ئاشووری ئەڤ پرسە ئیستغلال کر بۆ راگەهاندن وخرابیێ، ئەو پرس گەهشتە جەنابێ سەرۆک، ئەویژی گۆت هون وان حسێب کەن کو مێهڤانن، من ب خۆ ل بەغدابووم خەلکێ پێشـخابوورێ هاتن من گوت شـوولا هەوە قانوونینە و ئەوە تەجاوزە، وەرن کاخـەزو وەکالەتا خوە بدەنە من ئەز دێچـم دەعوایەکی دێکەم، ئێک ل وان جوامێرا گۆتە من تو بۆچـی دەعوایە دکەین، ئەو دبێژن ئەو مێهاڤنن ودێچن، ئەو بوو پشتی 2003 ل سـەر ئەمرێ جەنابێ سەرۆک ئەوێت لوێرێ رۆنیشـتبوون هەریەک 10 هەزار دۆلار بدەنێ وخانیاش تەرمیم بکەن وبدەنێ خەلکێ گوندی، ئەو بوو دوو ملیۆن وسێسەد هەزار دۆلار دان بۆ چارەسەرکرنا پرسا پێشخابوورێ، نووکە خەلکێ گوندی هەمی مەسیحینە،ئێک موشکیلە مابوو ل گوندەیک ئەوژی برپار یا هاتیە دان بۆ چارەسەرکرنێ

**رووداو: چەند گوند ماینە کو کێشە ل سەر مابیت؟**

**گورکیـس شـلیمۆن:** وەکی گوند کێشـە نەماینە، بەس هندەک کێشە لە سەر ئەوێ ماینە کو هندەک هاتینە نزیک گوندێت ئاشووریا، بەس نە کێشـەیێت مەزنن بەس هندەک کەس ئەو کێشەیان مەزن دکەن .ئەز راستی دبێژم هندەک لە لایەنێت مە یێ ئاشووری تەشەبوسێت دکەن ب هندەک کێشەو ئاریشەێت بچیک دا خۆ مەزن بکەن، بۆ نموونە لە یەکی نیسانێ کو سەرسالا ئاشووریە رێپیڤانەکا ئاشووری لە دهۆکێ هاتە کرن،کابرایەکـی ل تەلەڤزیۆنی گۆت ب دەهان هزارا ئاشووری پشکداری تێدا کر بەس ئێکی ل هەڤالێت وی ل ئینتەرنێتی بەرسڤا وی دا وگۆت نزیکی پێنج هزار بـوون نەک ب دەها هزار، ل گۆرێ ئامارێت مە نزیکی 4500 مرۆڤان پشکدار بـوون، ڤێجـا کا 4500 و کا 45000 فەرقەکا گەلەک مەزن دناڤبەرا هەردوو هژمارا هەیە .

### هژمارا مەسیحیا ل دهۆکێ ژ هەمی ئالیا ئاشووری،کلدانی،ئاسووری وئەرمەنی ناگەهیتە بیست هەزارا

**رووداو: هندەک جاران بەحسـا دروستکرنا هەرێمەک بۆ ئاشـووریا ل دهۆکێ دروست ببە ویەحسێ دەشـتا نەینەوا دکەن ول پەرلەمانا مۆلەنـداژی بەحسـەک کرن کو پشـتەڤانیا ئاشووریا بکەن بۆ ئۆتۆنۆمیێ، رەئیا تە چییە؟**

**گورکیس شلیمۆن:** قانوونەک هەیە دبێژیت ل دەشتا نەینەوا ئۆتۆنۆمیێ بدەنە مەسیحیان، چەند رۆژ بەری نووکەش سـەرۆکی پەرلەمانێ مە یێ کوردسـتانێ بەحس کر،بەس ل سـەر دهوکێ دێ چەوا چێبیت؟ بەس هندەک دەڤەر هەنە ل دهۆکێ وەکی مانگێشـک وسەرسینک وکانـی ماسـێ یانی جـۆرە تێکەلیەک دبیت دناڤبەرا وان،بەس ل دهۆکێ نووکە هیچ پرۆژەکا هۆسـا نینە کە پارچەکێ بۆ ئاشووریا تەرخان بکەن،چونکی ئەوە تشـتەکە ل خەیالا زانستی وعیلمیشـی دەرباز بوویە، پێتڤیە ئەم واقیعی بیـن، بۆ نموونـە ئەگەر مافێ مـن جگارەک بیت و من داخـازا پاکەتەکی کر،جگارەش دێ چیـت، ژبەر هندێ پێدڤییە ئـەم واقعی بین، چونکە دهۆک نێزیکی ملیۆنەک مرۆڤە، رەنگە لڤی ملیۆنـی هژمارا مەسـیحیا ژ هەمی ئالیا ئاشووری،کلدانی،ئاسووری وئەرمەنی ناگەهیتە بیست هەزارا، یانی مەعقولە بیست هەزار بهێت ئەو ملۆنی بهاڤنە رەخەکی ودهۆک ببیتە هەرێما ئاشوور!

## هەندێکیان پێشتر فەقێ و باوەڕدارێکی توندی ئیسلام بوون

# کوردە تازەمەسیحییەکانی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە


چەند گەنجێکی کورد کە تازە بوونەتە کریستیان لە کاتی بەجیهێنانی ڕێورەسمی ئاینیا
(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو– سلێمانی**

پیاوانی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان فەتوای کوشتن بۆ ئەو کەسانە دەردەکەن کە لە ئاینی ئیسلامەوە دەچنە سەر ئاینێکی دیکە. بەرپرسانی حکومەتیش ڕایدەگەیەنن یاسا ئەوکەسانە دەپارێزێت.

پیاوانی ئاینی لە فەتواکەیاندا بەپشتبەستن بە دەقە قورئانییەکان دەڵێن"جەزای کوشتن" بۆ ئەوکەسانە دیاری کراوە کە لەدینی ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە.

"دەرکردن، ئیهانەکردن، لێدان، هەڕەشەی

### ئاینی ئیسلام لەسەروو هەموو ئاینەکانی دیکەوەیە و هەر کەسێک لە ئیسلام هەڵبگەڕێتەوە سزای کوشتنە

مەلا حەمید غەفور مەعروف

سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی کوردستان

کوشتن" لەو مەترسیانەیە کە ڕۆژانە لەلایەن کەسوکار و پیاوانی ئاینییەوە دەکرێتە سەر تازە بەمەسیحی بووەکان.

بەوتەی زۆربەی ئەوتازە مەسیحییانە، هەرچەندە مەترسییەکان بەردەوامن، بەڵام باوەڕهێنان بە ئاینی مەسیحی لەنێو موسوڵمانەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕووی لەزیادبوون کردووە،بەشێکی زۆر لەو کەسانەی چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی، دەڵێن پێشتر فەقێ یان باوەڕدارێکی توندی ئاینی ئیسلام بوون. هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر جێگەی هەڕەشەو ئیهانەکردن ببنەوە.

زاگرۆس سەعید (38) ساڵ، قەشەیەکی مەسیحییە لە کڵێسای کوردزمان، (کوردزمان کڵێسایەکە لەساڵی 1999 دامەزراوەو تایبەتە بەو کەسانەیە کە لە ئایینەکانی ترەوە دەچنە سەر ئاینی مەسیحی ).زاگرۆس زیاتر لە 11 ساڵە لە ئایینی ئیسلامەوە باوەڕی بە ئاینی مەسیحی هێناوە، وتی بەرلەوەی باوەڕبهێنێت موسوڵمانێکی توند بووە و11 جار قورئانی خەتم کردووە، دواتر بووە بە فەقێ و منداڵانی فێری قورئان خوێندن کردووە.

زاگرۆس ئاماژەی بەوکرد کە خەونی بە مەسیح بینیوە، ئەوەش وایکردووە پەیوەندی بە کڵێسای کورد زمانەوە بکات و ئاینی خۆی بگۆڕێت.

هەروەها وتی"لەخەونەکەمدا حەزرەتی مەسیح بانگیکردم و دەستیخستە سەرشانم ووتی کوڕم مەترسە تۆ ڕزگارت بوو"

زاگرۆس خێزانی هەیەو خاوەنی 2 منداڵە، لەسەرەتادا کەسوکاری خێزانەکەی داوای لێدەکەن ژنەکەی تەڵاق بدات ئەویش لەبەر ئەوەی ئاینی خۆی گۆڕیوە، دواتر دووجار تەقەی لێدەکرێت، جارێکیش نارنجۆک فڕێدەدرێتە ماڵەکەیەوە.

زاگرۆس وتی"هەموو ئەو هەڕەشەو ئیهانە نەیتوانی لە باوەڕەکەم پەشیمانم بکاتەوە، چونکە دەمزانی باوەڕێکی ڕاستە."

کەسوکاری ژنەکەی زاگرۆس بۆماوەی 6 مانگ ژن و منداڵاکانی لێدوور دەخەنەوە، تەنها بۆئەوەی پەشیمان بێتەوەو بچێتەوە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام هەوڵەکەیان سوودی نابێت.



### بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکرێ و ئیهانە دەکرێین، بەتایبەتی لەلایەن مەلا و پیاوانی ئاینی ئیسلامەوە

قەشە زاگرۆس سەعید

دواتر زاگرۆس لەڕێگەی یاساوە خێزان و منداڵەکانی دەگەڕێنێتەوە لای خۆی، بەڵام لەوکاتە بەدواوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کەسوکاری خێزانەکەیدا نەماوە.زاگرۆس لەدوای تەواوکردنی خوێندنی لاهوتی ئێستا قەشەیە لە کڵێسای کوردزمان لەشاری سلێمانی، ئەو وتی"بەردەوام هەڕەشەو ئیهانە دەکرێین، بەتاییەت لەلایەن مەلا و پیاوانی ئاینی ئیسلامەوە"

یەکەم قوربانی تازە باوەڕدارە مەسیحییەکان گەنجێک بوو کە لەساڵی 1996 داو لەناوەڕاستی بازاڕی شاری زاخۆدا لەلایەن چەکدارێکەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللەو کوژرا، دوو کەسیتریشیان لە سلێمانی درانە بەر چەقۆ.

کڵێسای کورد زمان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لقی هەیە، لەکاتی بۆنەو ئاهەنگ و مەراسیمی نوێژکردنەکاندا باوەڕدارە مەسیحییەکان کۆدەبنەوەو مەراسیمی تایبەتی تێدا دەگێڕن.

لەسەدەکانی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان باوەڕدارانی مەسیحی هەبوون، گەرەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، پێکەوە لەگەڵ موسوڵمانەکان ژیاون.بەڵام بڵاوبوونەوەی گۆڕینی ئایین لە موسڵمانەوە بۆ مەسیحی زیاتر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 وە سەری هەڵدا، کاتێک ژمارەیەک ڕێکخراو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئاینە ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کرد.

دیاردەکە لەبرەودایەو توانیوێتی خۆی بگەیێنێتە ناو کچە موسڵمانەکانیش. چیمەن ئەحمەد (33) ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی هەیە،لە خێزانێکی موسڵمان لەدایکبووە، بەڵام 6 ساڵ بەر لەئێستا بڕیاریدا چیتر پەیڕەوی ئاینی ئیسلام نەکات، هەرچەندە سەرجەم ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکەشی لەسەر ئاینی ئیسلامن.چیمەن وتی لەدوای باوەڕهێنانی بە ئاینی مەسیحی، خێزانەکەی حاشایان لێکردووە، جگە لەوەی پێشتریش چەند جارێک ئازاری جەستەیی و دەروونییان داوە.

لەچەند ساڵی ڕابردوودا مەلاکانی کوردستان زۆربەی وتارەکانی ڕۆژی هەینیان تەرخانکردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسانەی کە ئاینی خۆیان دەگۆڕن، داواشیان لەخەڵکی دەکرد بەتوندی دژی دیاردەکە بوەستن.مەلاکان دیاردەکەیان بە"دەستی کوفر" دادەنا، هەندێک جاریش بەئاشکرا داوای سزادانی ئەو کەسانەیان دەکرد کە بوونەتەهۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەکە.

مامۆستا مەلا حەمید غەفور مەعروف، سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی کوردستان، بەتوندی دژی ئەوەیە ڕێگە بە خەڵکی بدرێت ئاینی خۆی بگۆڕێت، چونکە پێیوابوو "ئاینی ئیسلام لەسەروو هەموو ئاینەکانی دیکەوەیە، بەهاتنی ئەو ئاینە ئەوانیتر دەبێ بچنە سەر ئاینی ئیسلام."

مەلا حەمید پیاوانی ئاینی مەسیحی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە کەمتەرخەم دانا و ڕەخنەی لێگرتن کە یارمەتیدەربوون بۆ بڵاوبونەوەی دیاردەکە. ئەو کە لەقسەکانیدا پشتی بە دەقی قورئانییەکان دەبەست کە بەدەیانی لەناو کتێبخانەکەدا ڕیزکردبوو.

مەلا حەمید وتی"سزای کوشتن بۆ ئەوکەسانە دانراوە کە لەئاینی ئیسلامەوە دەچنە سەر ئاینێکی دیکە." هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە کاتێک کەسێکی موسڵمان ئاینەکەی خۆی دەگۆڕێت ئەوا چەند "جارێک ئاگادار دەکرێتەوەوە وداوای لێدەکرێت لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوەو تۆبە بکات، ئەگەر هەر سووربوو ئەوا هەقی کوشتنی هەیە." مەلا حەمید وێڕای ئاماژەدان کە باوەڕی بە هەموو پێغەمبەران هەیە، بەڵام وتی بەهاتنی ئاینی ئیسلام ئاینەکانی تر ڕەفزکراونەتەوە.هەروەها گوتی"دین گۆڕین بەکافربوون دادەنرێت."

یاساکانی عێراقی گۆڕینی ئایین و بیروباوەڕەکان بە تاوان دانانێت، هیچ بڕگەیەکیش نییە باس لە سزادنی ئەوکەسانە بکات کە ئاینی خۆیان دەگۆڕن. بەپێی دەستوری عێراقیش کە لەساڵی 2005 دا لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە پەسەندکرا، تێیدا ئاماژە بەوەدەکات هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەتوانن بەئازادی ئاینی خۆیان هەڵبژێرن.

جەمال عەبدوڵلا - وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەت پشتیوانی تەواوی ئازادی بیروباوەڕو ئازادی لە هەڵبژاردنی ئایین دەکات وتیشی"یاسا پشتیوانی لەوکەسانەی دەکات کە بیروباوەڕی خۆیان دەگۆڕن" هەروەها داوای لەو کەسانە کرد کە بەهۆی گۆڕین و هەڵبژاردنی ئاینەوە تووشی هەڕەشەو توندوتیژی بوونەتەوە، حکومەت ئاگادار بکەنەوە تا پارێزگارییان لیبێکات.

جەمال عەبدوڵلا بەناوی حکومەتەوە درێژەی بە قسەکانیداو وتی"هەرکەسێک لەو کەسانەی کە ئاینی خۆیان گۆڕیوە، تەشهیر یان هەڕەشەی لێکراوە با لەدادگا سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن."

### هەرکەسێک لەو انەی ئاینی خۆیان گۆڕیوە، سووکایەتی یان هەڕەشەیان لێکراوە با لەدادگە سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن و یاسا پشتیوانیانە

جەمال عەبدوڵلا

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان

عەلی محەمەد ڕەحیم (31) ساڵ، ئەندامی ئەنجوومەنی کڵێسای کورد زمان لەشاری سلێمانی، دانیشتووی ناحیەی خورماڵ، کە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003 ئەو ناحییەیە لەلایەن ئەو گرووپە ئیسلامیانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، عەلی بەرلەوەی بچێتە سەر ئاینی مەسیحی نزیکەی 7 ساڵ لە ئێران قورئانی خوێندوەو یەکێک بووە درێژەی بە خوێندنی فەقێیەتی داوە.

لەساڵی 2005 بەشێوەیەکی کتوپڕ بڕیاریدا ئاینەکەی خۆی لەئیسلامەوە بگۆڕێتە سەر مەسیحی، ئەویش لەدوای ئەوەی زانی کڵێسایەک هەیە باوەڕدارەکانی بەزمانی کوردی قسەدەکەن. بۆ عەلی ڕۆژگارێکی قورس بوو کاتێک باوکی زانی ئاینەکەی گۆڕیوە، چونکە بڕیاریدا بێبەری بکات، (بێ بەریکردن واتە بێبەشبوون لەهەموو مافێکی مادی و مەعنەوەی کە باوک دەیدات بەکوڕەکەی.)سەرەڕای ئەوەش عەلی دەڵێت هێشتا هەر سوورە لەسەر ئایینەکە، عەلی ئەوەی ڕەتکردەوە بۆ پارە ئەوکارەی کردبێت، وەک هەندێک لەپیاوانی ئاینی ئاماژەی بۆ دەکەن.عەلی وتیشی"حەزکردنم بۆ ئازادی قسەکردن و هەڵسوکەوت کردن، وایلێکردم دینەکەم بگۆڕم."درێژەی بەقسەکانیداو وتی"من کەسێکی ونبوو بووم، خودا منی دۆزییەوە."

عەلی ڕۆژانە خۆی سەرقاڵکردووە بە بەجێهێنانی ئەرکە ئاینیەکانی لە کڵێساکەدا، بەڵام هەمیشە ترسی خۆی لەکوشتن نیشانددا، بەتایبەت کاتێک لەماوەی ڕابردوودا گوللەیەکی لەناو نامەیەکدا بۆ نێردرابوو. هەروەها وتی"لەنامەکەدا بۆم نووسرابوو ئەگەر واز لە ئاینی مەسیحی نەهێنیت بەگوللەیەک ساردت دەکەینەوە."

## کرستیانێن عیراقێ ناخوازن کولتورێ وان ل هەرێمێ ژناڤ بچیت

**ڕووداو– ئەلمانیا**

پشتی دەستپێشخەریەک ژ ئالیێ وەزیرێ کاروبارێن ناڤخوەیی یێ ئەلمانیا فیدرال ڤۆلڤگانگ شویبلە، د دەربارێ چارەسەرکرنا پرسگرێکا کرستیانێن عیراقێ دا هاتیە کرن، کو ژ ئەگەرێن دژواری و زۆریا ل دژی وان و بتایبەتی ژی پشتی کۆشتنا مەترانێ کلدانیان پولس فەرەج ڕەحو ژ ئالیێ ئیسلامیێن چەکدار و ڕادیکال ڤە. ڕۆژنامەڤانێ ئەلمان تۆماس ئاڤەناریوس ب نڤیسەکا تێر پێزانین و پڕی ئالی ل سەر ڕەوشا کرستیانان ل عیراقێ و مشەختبوونا وان بۆ وەڵاتێن هەفسوییێن عیراقێ و هەروەسا ژی بۆ دەڤەرێن کوردستانێ، ل ڕۆژا 01.07.2008ێ د مالپەرێ ڕۆژنامەیا "Süddeutsche Zeitung" دا بەلاڤکریە و تێدا ب درێژی ل سەر ڤێ مژارێ ڕاوەستیایە . دیتن و نێرینین گەلەک ئالیێن گرێدایی کرستیانان، هەلویستێن زانایێن کرستیانان و هەروەسا ژی پسپۆرێن ڕۆژهەلاتا ناڤین جهێ خوە دناڤ گۆتارێ وی دا کرینە. هەر د ڤی بیاڤی دا هاتیە، کو ل پایزێ یەکێتیا ئەورۆپا دێ بریارێ ل سەر چارەنڤیسێ وان کرستیانان دەت، یێن مشەختی وەڵاتێن هەڤسوییێن عیراقێ بووین. ڤێ مژارێ نەبتنێ ئەلمانیا و وەلاتێن ئەورۆپی مژوول کرینە، بەلکو جهێ خوە دناڤ کارێن ڤاتیکان و گەلەک ژ ڕێکخراوێن پشتەڤانیا کرستیانان و هەروەسا ژی کۆمسیونا بلندا ناڤنەتەوەیی یا پەنابەران "UNHCR" ژی دا کریە و بوویە جهێ پیتە دان ئالیێن وان. د پشکەکا ڤێ نڤیسینێ دا ل سەر زارێ مەزنە زانایێن کرستیانان هاتیە، کو ئەو ناخوازن کرستیان ژ عیراقێ بدەرکەڤن دا کو کولتورێ کەڤنێ کرستیانیێ ل عیراقێ و ڕۆژهەلاتا ناڤین ژناڤ نەچیت و هەروەسا ژی ئەو پێتر ئالیگرێن پشتەڤانیکرنا کرستیانێن مشەختبوویی دکەن ل وەلاتێن مینا سوریێ و ئوردن. داخواز دکەن کو دەرفەتێن کاری بۆ پەیدابن و دەرگەهێن خواندنگەهان ل وان بهێنە ڤەکرن و هەروەسا ژی ئاوەیەکێ بنەجهبوونا یاسایی یا مسۆگەر هەبیت واتە کرستیان ڕۆلێ ناڤبەینکرنێ دناڤبەرا ئالیێن جودا یێن عیراقێ دا دگێرن و ب دیتنا وان دڤێت کولتورێ لێبورینێ ژ بۆ برایێن وان یێن مۆسلمان ژی ببیتە بنگەهـ دا کو عیراق ژ قەیرانا نەبوونا ئێمناهیێ ڕزگار ببیت. . ژ نڤیسینا تۆماس ئاڤەناریوس خۆیا دبیت، کو وی سەرەدانا کوردستانێ کریە و ل عەینکاوە و گوندێن دەڤەرا ئامێدیێ چاڤ ب کرستیانان کەفتیە. هەر د ئالیەکێ نڤیسینا ناڤبری دا دەربارێ ڕەفتارا کوردان د گەل کرستیانان، دیار دبیت، کرستیان ب مانا خوە یا ل کوردستانێ د کەیفخوەشن و ئێمناهیا وان یا پاراستی یە.

### کاربەدەستێکی هۆڵەندی:

## قاعیدە ئاشوورییەکان جینۆساید دەکات و کوردەکانیش ڕێگەیان دەدەن


عەتییە تونج

**ڕووداو – ئەمستەردام**

عەتییە تونج، ئەندامی حکومەتی هەرێمی ئۆڤەرئایسڵی هۆڵەندی پێیوایە ڕێکخراوی قاعیدە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی جینۆسایدکردنی ئاشوورییەکانی عێراق دەدات و کوردیش ئیجازە بەو کارە دەدەن.

تونج کە بە بنەچە ئاشوورییەکی لەدایکبووی تورکیایە و لەو دواییانەدا شاندی ئەسقەفەکانی کوردستان و بەغدای لە هۆڵەندا بینیوە دەڵێت" سەرکردە ئاشوورییەکان زۆر نائومێدن دەربارەی ئایندەی خۆیان و پێیانوایە ڕۆژێک دێت تاکە کریستیانێک لە شوێنی لەدایکبوونی پەیامبەر ئیبراهیمدا نامێنێت"، تونج وەک چارەسەرێک دەیەوێت لە باشووری کوردستان، نەک لە تورکیا گرەنتی کریستیانەکان بکات و دەڵێ" بۆیەش داوای هەرێمی نەینەوای ئاشووری دەکەن کە پۆلیس و سوپای تایبەتیی خۆی هەبێت و گەلەکەیان بپارێزێت".

لە لایەکی دیکەوە ئەندام پەرلەمانێکی سەر بە پارتی یەکێتیی کریستیانەکان لە نامەیەکیدا داوای لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا کرد ڕوونکردنەوە بدات سەبارەت بەو هەواڵانە و وەزیری دەرەوەش لە لای خۆیەوە بەڵێنیدا کە لێکۆڵینەوەی تەواو لەو بارەیەوە بکات، بەڵام ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە داواکردنی هەرێمێکی تایبەت بە ئاشوورییەکان کارێکی نەکردەیە. چونکە لە هەموو عیراقدا شوێنێک نییە کە تەنیا کریستییانی تێدا بژین و کورد و عەرەبی لێنەبن" داواکارییەکی ئاوا کێشەکە قوڵتر دەکاتەوە وەک لەوەی چارەسەری بکات".

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا شاندێکی ئەسقەفەکانی عیراق سەردانی هۆڵەندایان کرد و داوایانکرد کە ئەوروپا و ئەمریکا ڕێگە لەو ( بە گوتەی خۆیان) کوشتارە بەرنامەڕێژکراوە بگرێت کە قاعیدە و کوردەکان لە دژی ئاشوورییەکان دەیکەن.لەکاتێکدا کورد و کریستیان لە موسڵ و شوێنەکانی دیکە وەک یەک ڕووبەڕووی کوشتن دەبنەوە، کریستیانە ڕاکردووەکانیش زیاتری ڕاکردووانی کورد جێی بایەخپێدانی حکومەتی کوردستانن.

رووداو

# هەمەجۆر



## سینای سەردەشتی یەکەم بوو

**رووداو- بەریتانیا**

◆ سینا کبکی کە کوردێکی ناوچەی سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستانەو ماوەی 2 ساڵە لەگەڵ بنەماڵەکەی لەبەریتانیادا دەژێت و، ئێستا لە پۆلی 7ی سەرەتاییەو لە پێشبڕکێی زمانی ئینگلیزی لەقوتابخانە نموونەیی جۆرج تامڵینسۆن لە شاری بۆڵتۆن بەشداری کردو توانی لەنێو 200 قوتابیدا پلەی یەکەم بەدەستبێنێت و خەڵاتی تایبەتی وەربگرێت.



# بەهمەن قوبادی گەنجانی سلێمانی فێری سینەما دەکا

**تایبەت بەرووداو**

بڕیارە لە ساڵی داهاتوو هەردوو دەرهێنەر بەهمەن قوبادی و فەرهاد سەبا سەردانی سلێمانی بکەن و بنکەیەکی فێرکردنی بواری سینەمایی بۆ گەنجان بکەنەوە.

ساڵی رابردوو، فەرهاد سەبا دەرهێنەر و وێنەگری بەنێوبانگی ئێرانی لەگەڵ دەرهێنەران پووران درەخشەندە و ئەکتەری بەنێوبانگ جەهانگیر ئەڵماسی سەردانی سلێمانیان کرد و بەنیاز بوون بنکەیەکی فێرکردنی بواری سینەمایی بکەنەوە، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەک ئەو بنکەیە نەکرایەوەو گەڕانەوە ئێران.

بەڵام وەکو فەرهاد سەبا رایگەیاندووە بەنیازە لەساڵی داهاتوو لەگەڵ دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی بچێتە سلێمانی و لەوێ بنکەیەکی فێرکردنی بواری سینەما بکەنەوەو گەنجان فێری سینەما بکەن.

# کوێستانی سپی لە هۆلیوود



**هاوڕێ**
**رووداو – ئەڵمانیا**

فیلمی کوردی (کوێستانی سپی)ی دەرهێنەری بانەیی تەها کەریمی بۆ بەشی کێبەرکێی یەکێک لەگەورەترین فیستیڤاڵەکانی ئەمریکا بەنێوی All roads filmهەڵبژێردرا کە لەلایەن تەلەڤزیۆنی ناشناڵ جیۆگرافیکە ئەمریکا لەمانگی 9دا سازدەکرێت.

فیلمی کوێستانی سپی لەلایەن کەمال جەلال قادرەوە بەرهەم هاتووە و کۆمپانیای میتۆس فیلم کە کۆمپانیایەکی کوردییە بۆ بڵاوکردنەوەی فیلم لەئەڵمانیا کاری بڵاوکردنەوەی بۆ دەکا. محەممەد ئاکتاش، بەڕێوەبەری کۆمپانیای میتۆس فیلم لەبارەی بەشداریکردنی کوێستانی سپی لە ڤێستیڤاڵەکەدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ڤیستیڤاڵە گەورەترین فیستیڤاڵی ئەمریکایە کە ساڵانە زیاتر لە 1000 فیلم لەهەموو جیهانەوە بۆ دەنێردرێت و ئەمساڵ فیلمی کوێستانی سپی تەنیا فیلمی کوردی بەشداربووی فیستیڤاڵەکەیە". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە تەلەڤزیۆنی نەشناڵ جیۆگرافیک گرنگی بەکولتورە ژێر دەستەکان دەدات و نوێنەری بەهێز و سینەمایی ئەو کولتورانە لە فیستیڤاڵەکەیدا بەشداری پێدەکات.

ئەو فێستیڤاڵە لەهۆلیوود و لەهەر سێ شاری واشنتن و سانتاباربارا و ئیندیپێندێد ساز دەکرێ و فیلمەکان لەهەرسێ شار نمایش دەکرێن، فیلمی کوێستانی سپی تائێستا بەشداری زیاتر لە 12 فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە و، لە24مین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران خەڵاتی باشترین فیلمی درامی و خەڵاتی یەکەمی لەیەکەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی هەولێری پێدراوە.

# لەسێدارەدانی فیرعەون گرژی دروست دەکات



**رووداو- ئینروز**

دوای ئەوەی حکومەتی ئێران فیلمێکی بەنێوی (لەسێدارەدانی فیرعەون) لەکەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی بڵاوکردەوە، حکومەتی میسر رەخنەیەکی توندی لەئێران گرت و لەبەرامبەردا خەریکی دروستکردنی فیلمێکی سینەماییە بەنێوی (ئیمامی خوێن) کە مەبەستی سەرەکی ئیمام خومەینییە.

فیلمی (ئیمامی خوێن) کە لەناونیشانەکەی دەردەکەوێت دژی ئیمام خومەینی بەرهەمهاتووە، لەکاتێکدایە کە پێش چەند رۆژێک کەناڵە تەلەڤزیۆنییە فەرمییەکانی ئێران فیلمێکی سینەماییان بەنێوی (لەسێدارەدانی فیرعەون) بڵاوکردەوە کە باس لەتیرۆرکردنی سەرۆکی پێشووی میسر (ئەنوەر سادات) دەکات لەلایەن ئیسلامییەکانەوە. لەو فیلمەدا تیرۆری ئەنوەر سادات وەک لەسێدارەدانی فیرعەونێک چاوی لێکراوە و بکوژەکەش وەک قارەمانێکی جیهانی ئیسلام نیشاندراوە. کە ئێستاش شەقامێکی گەورەی شاری تاران بەنێوی (خالد ئیسلامبۆڵی) بکوژەکەی ئەنوەر سادات کراوە. فیلمی (لەسێدارەدانی فیرعەون) ماوەی 4 ساڵە کاری بۆ دەکرێت و سەرەتای ئەو مانگە لەئێران پیشاندرا.

# ئاشیواریا شاژنی بۆلیوودە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئاشیواریا رای بۆ یەکەمینجار لەگەڵ هاوسەرو خەزووری بەشداری فیلمێکی هیندی بەنێوی (فەرماندە راج ) دەکات.

دوای ئەوەی ناونیشانی شاژنی بۆلیوودی پێدرا، ئاشیورایا رای ژنە ئەکتەری بەنێوبانگی هیندی، بەنیازە لەگەڵ ئەبشیک باباچانی هاوسەری و ئەمیتاب باباچانی خەزووی بەشداری نوێترین فیلمی بەنێوی (فەرماندە راج ) بکات کە باسی ژیانی ئەفسەرێکی هیندی دەکات کە دوژمنانی وڵاتەکەی بنە ما ڵە کە ی لەناودەبەن.

جگە لەوەی ئەشیواریا نازناوی شاژنی بۆلیوودی پێدرا، مۆزەی مادام تۆسۆ لە لەندەن، پەیکەرێکی بۆ ئەو ئەکتەرە دروستکرد کە ئێستا لەمۆزە خانەکە نمایش دەکرێ.

هەروەها ئەشیواریا بڕیارە بەشداری فیلمێکی بیانی بکات بەنێوی (پڵینگی پەمەیی) کە چەندین ئەکتەری نێوداری بیانی وەکو ستیو مارتین و ئەندی گارسیا رۆڵی تێدا دەبینن و بڕیارە لەساڵی داهاتوودا فیلمەکە بڵاوبکرێتەوە.

# پێبکەنە تا لاواز بیت



**رووداو- ئاژانسەکان**

رۆژنامەی پرڤدا ی رووسی بڵاویکردەوە کە پێکەنین جۆرێک وزە بەرهەم دێنی کە دەبێتە هۆی کەمبوونی کێشی مرۆڤ، واتە هەر مرۆڤێک 15 دەقیقە پێبکەنێت 10 تا 50 میلیگرام لەکێشەکەی کەمدەبێتەوە.

ماتی باچۆفسکی، پرۆفیسۆری بەرەگەز ئەمریکی کە ئێستا لەزانکۆی واندرلیلتی مۆسکۆیە، دەڵێ پێکەنین دەبێتە هۆی سووتاندنی ئەو چەورییەی لەلەشی مرۆڤ دایە و کێشی کەم دەکاتەوە.

# جمکێکی رەش و سپی




**رووداو-ئەڵمانیا**

رۆژی هەینی رابردوو پیاوێکی ئەڵمانی بەناوی ستێفان وژنەکەی فلۆرنس کەخەڵکی گانایە لە رووداوێکی زۆر دەگمەندا دوو کوڕی جمکیان بوو کەیەکێکیان رەشەو ئەویتریان سپی پێستە، پزیشکان دەڵێن ئەم حاڵەتە زۆر بەکەمی روو دەدات و لە ملیۆن کەس جارێک ئەگەری روودانی هەیە ودوکتۆر بریجیت وێبەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لیختنبێرگ گوتی "بیست ساڵ دەبێ جمکێکی دوو رەنگ لە دایک نەبووە".

منداڵەکان ناویان (ریان) و(لیۆ)یەو تەندروستیان زۆر باشە، لەگەڵ لەدایکبوونیشیان خەڵکێکی زۆر کەلە نەخۆشخانەکە بوون چوونە سەیرکردنیان.

# بەختی رووداو

## کاوڕ
Mar 21-Apr 19

خۆت بەکەسێکی زیرەک دادەنێنی کە هیچ وانییە، چونکە کەسانێک لەژێرەوە هەوڵدەدەن ئەو کارانەی ئەنجامتداون خراپی بکەن و تووشی کێشەت بکەن.

## گا
Apr 20-May 20

بەهۆی ئەوەی دڵی کەسێکت رەنجاندووە، لەوانەیە تۆش هەمان شتت بەسەر بێت و یەکێک دڵی تۆ بشکێنێ، پێویستە مرۆڤ کەس لەخۆی نارەحەت نەکات.

## جمک
May 21-Jun 21

لەهەفتەی رابردوودا پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت و دەتوانیت ئەو پرۆژەیەی کە ماوەیەکی زۆرە لەمێشکتدایە بە ئەنجامی بگەیێنیت.

## قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

رۆژی چوارشەممە هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، کە پەیوەندی بە خۆشەویستەکەتەوە هەیە، لەوانەیە تۆ بۆ بۆنەیەک بانگهێشت بکات.

## شێر
Jul 23-Aug 22

بەهەمان شێوە بیر دەکەیتەوە کە پێشتر بیرت دەکردەوە، پێویستە ئەو بۆچوونەی خۆت بگۆڕی، ئەگەر هەروا بیر بکەیتەوە تووشی کێشەی ئاڵۆز دەبی.

## گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

کەسانێک سەردانت دەکەن و داوای کارێکت لێ دەکەن، کە لەوانەیە زیانی بۆ تۆ هەبێ، کەواتە خۆت تووشی ئەو کارە مەکە تا زیانت پێنەگات.

## تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هەمیشە هەوڵ بدە یارمەتی خەڵک بدەی، قەت وابیر مەکەوە کە ئەو یارمەتییەی تۆ بێ سوودە، هەرچەندە کەس یارمەتی تۆی نەداوە، بەڵام تۆ لەوکارەی خۆت بەردەوامبە.

## دووپشک
Oct 24-Nov 21

لەشوێنێکی دوورەوە نامەیەکت پێدەگات کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانت بگۆڕێت و بتوانی ژیانێکی نوێ بۆخۆت دەستەبەر بکەیت، ئاگاداری سەلامەتیت بە.

## کەوان
Nov 22-Dec 21

هەرچەندە خۆشەویستەکەت تۆی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام تۆ وانیشاندەدەی کە ئەوت خۆش ناوێ، پێویستە وا رەفتار بکەی کە هەست بەوە بکات کە زۆرت خۆش دەوێ.

## کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

خێزانەکەت پێویستان بەیارمەتی تۆیە، بەڵام تۆ بەهۆی ئەو رەفتارانەی ئەنجامی دەدەی ئەوانیشت ناچارکردووە داوای یارمەتی لەتۆ نەکەن، ئەوان هیوایان بەتۆبوو.

## سەتڵ
Jan 20– Feb 18

کارەکانت بەباشی ناچنە پێش، لەوانەیە زۆر بێ تاقەت بووبێ، پێویستت بە سەفەرێکی رۆحی هەیە، باشتروایە ئەو سەفەرە بکەیت و خۆی لەوە رزگار بکەی.

## نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

دەزانم بیر لەداهاتووت دەکەیتەوە، هەر مرۆڤێکی سەرکەوتوو یەکەمجار بیر لەداهاتووی دەکاتەوە، تۆش پلانێکی باش بۆ داهاتووت دابنێ.



**خوێنەرانی (رووداو) بۆیان هەیە، هەموو رەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو.**

# نامەی خوێنەران

## شەرع مسیار قبووڵ دەکات، بەڵام سیغەو هاوسەرگیری کاتی قبووڵ ناکات

لەژمارە14ی هەفتەنامەی رووداودا لەلاپەڕەی10 بابەتێک بڵاوکراوەتەوە گوایە زەواجی میسیار لەناو زانکۆکانی عێراق تەشەنەیکردووە، هەربەبینینی مانشێتەکە دڵخۆش بووم چونکە پێموایە لە رەوشی ئەمرۆی عێراق و کوردستان زەواجی مسیار کە بەکوردییەکەی پێیدەگوترێت"رەو" پێویستە و جێگای خۆیەتی و لەکۆمەڵگەی خۆمان کاری لەسەر بکرێ، بەڵام کە ناوەڕۆکی بابەتەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت باسەکە باسی زەواجی (متعە) یان هاوسەرگیری کاتی دەکات کە بە سیغە ناسراوەو لەناو شیعەکان باوە بەتایبەتی لە ئێران کە زەواجێکی ناشەرعییەو هیچ مەرجێکی هاوسەرگیری تێدا نییە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە زەواجی میسیار لەگەڵ زەواجی کاتی جیاوازییەکی زۆریان هەیەو زانایانی سونە مەزهەب بەهەموو جۆرێک زەواجی (سیغە یان کاتی) رەت دەکەنەوەو بەبێ شەرعی و حەرامی دەزانن و هەموو زانایان لەسەر ئەمە کۆکن و پێیانوایە ئەمە زەواج نییە و تەنیا رابواردنێکی کاتییەو لەشەرعی پیرۆزی ئیسلامدا جێگای نابێتەوە، چونکە هەر زەواجێک کاتی تێدا دیاری بکرێت، زەواجێکی بەتاڵە، کەواتە ئەم گرێبەستەی بەناوی هاوسەرگیری کاتی دەکرێت هیچ مەرجێکی شەرعی تێدا نییەو ئەوەی لەنێوانیشیان روودەدات زینایە، هەر منداڵێکی لێ بکەوێتەوە (ولد الزنا)یە، بەڵام زەواجی میسیار زۆربەی زانایان حەڵاڵیان کردووەو لەکوردستانیش دوای ئەوەی بەڕێز شێخ ئاریان پرۆژەیەکی لەمجۆرەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد چەندین مامۆستای ئایینی و شارەزا فتوای حەڵاڵ بوونیان دا. ئەم هاوسەرگیرییە واتە میسیار هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ هاوسەرگیری ئاسایی، تەنیا جیاوازی ئەوەیە ئافرەتەکە بەئارەزووی خۆی لەهەندێک مافی خۆی خۆش دەبێت وەک ( مارەیی و نەفەقەو مانەوە لەلای) کەواتە پیاو ناچار ناکرێ لای ئەو ئافرەتە بمێنێتەوەو نەفەقەی بکێشێ، ئەمەش بۆ ئەو ئافرەتانەیە کەماڵ و حاڵی خۆیان هەیەو لە هیچیان کەم نییە تەنیا پیاوێک نەبێت کە بە حەڵاڵی و بەشێوەیەکی شەرعی لەگەڵی جووت بێت.

هەرچەندە زۆرباسی ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە کراوە لەدەزگاکانی راگەیاندنی کوردستاندا بە بینراو بیسراوو نووسراوەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەهۆی حاڵی نەبوونەوە لەم هاوسەرگیرییە بەگومانەوە سەیری دەکرێت بەتایبەت لەلایەن ئافرەتانەوە جگە لەمەش کۆمەڵگەی کوردی هێشتان ئەمەی پێ قبووڵ ناکرێ و زۆرکەس پێیوایە شتێکی بێ مەعنایە، هەرچەندە زۆرێک لەو بەڕێزانەی لێی حاڵی بوون پێیانوایە هاوسەرگیری مسیار بەرژەوەندی ئافرەتی زۆر تێدایەو ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی یاسایی و لەدادگا گرێبەستەکە ئەنجامبدرێ بۆ ئەوەی پیاو ئەم هەلە نەقۆزێتەوەو پاش ماوەیەک واز لە ئافرەتەکە بهێنێ و هاوشێوەی زەواجی کاتی وەربگرێت، تەنیا مەبەستیان رابواردن بێت و بەخراپ بەکاری نەهێنێت، لێرەوە بەپێویستی دەزانم روونی بکەمەوە کە ئەم راپۆرتەی لەهەفتەنامەی رووداودا بڵاوکراوەتەوە باسی سیغە دەکات، بەڵام ناوی مسیاری لێنراوە و لەدوور و نزیک باسی میسیار نییە. بۆیەش ئەم نووسینەم بەپێویست زانی تا خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامەکە نەکەونە هەڵەوەو زەواجی میسیار لەگەڵ زەواجی متعە یان سیغە تێکەڵ نەبێ، چونکە زەواجی متعە لەناو شیعەکانی عێراقیش حەرام کراوەو زیانر لەئێران دەکرێ کە ئەویش جگە لە رابواردنێکی کاتی هیچیتر نییە، بەڵام میسیار هەموو مەرجێکی یاسایی و شەرعی تێدایە بۆ هناوسەرگیری.

**محەمەد مەجید جاف**
muhamadbawka@yahoo.com

# کورد ئەمجارەش مارانگەستەی بڕیاری بێگانان بوو



شەفیقی حاجی خدر

لەسەر راپۆرتە بەراییەکەی دیمستۆرا زۆر باسکراوە، منیش سەر باسەکان بەو تێبینیانەی خوارەوە دەردەبڕم.

لەدەسپێکەوە ئەزراپۆرتە پێشنیازاویەکەی دیمستۆرا بەحەللەق مەللەق دادەنێم، بەڵام حەللەق مەلەقێکی کوشندەو دژوار، کوردیش لەمێژە مارانگەستەی ئەوجۆرە پێشنیاز، راسپارەدو بڕیاری بێگانان بووە.

هەر وەک تێبینیەک، پەرچەکرداری ناوەندی دەسەڵاتی کوردی لە هەمبەر پێشنیازەکان بەگوێرەی هێزی هەژێنی نەرێیانەی ناواخنی راپۆرتەکە نەبوو. ئاخر خودی کاری دیمێستۆرا وەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان، یاخود بەواتایەکی دیکە لایەنی نێو دەوڵەتی، لەکێشەی یەکلاییکردنەوەی ئەو ناوچانەی دەستوری هەمیشەیی عێراق بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان"ی ناوزەد کردووە، رێڕەوی رەوایەتیانەی خۆی نەبڕیوە.

پێوازۆی پەنا بردنە بەر لایەنێکی بێگانە وەک ناوبژیکار بەڕوونی لە دووتوێی ماددەی 140دا هاتووە کە چ رێکارێکی هەیە. لەوێ کاتێ دەستەی سەرۆکایەتی عێراق ناگەنە دەرەنجامێک سەبارەت بەراستکردنەوەی باری شێویندراوی دیمۆگرافیای کۆمەڵێک پارێزگای عێڕاق، ئەوکات پەنا دەبردرێتە بەر کەسێکی بێلایەن، گەر لەوەشدا هەر رێک نەبوون ئەوسا پەنا بۆ لایەنی نێو دەوڵەتی دەبردرێ. دیمستۆرا وەک زانراوە هێشتا بەفەرمی ئەو پێوازۆیەی نەبڕیوە، بۆیە پابەند بوون بە پێسنیازەکانی لە فەرمانبەرداریەکی قانونیانەوە سەرهەڵناگرێ.

بەڵام لیرەدا خاڵی هۆشداری ئەوەیە گەر هاتباو وا قەومابا، یان لە ئایندەدا وای لێبێ، هێشتا هەرمەترسیدارە، چونکە لەڕووی قانونی نێودەوڵەتیدا کاتێ دوو لایەنی کێشەیەک پەنا بۆ دادوەرێکی نێودەوڵەتی ببەن، چ جای دەزگایەکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا دەبێ بە دەرەنجامەکەشی پابەند بن. مەترسیەکە لێرەدا لەوە خۆی دەنوێنێ کەدەرەنجامەکە بە ئەگەرێکی نیمچە دڵنیاوە بەلای بەرژەوەندییە پێشێلکراوەکانی کوردا ناشکێتەوە، چونکە لەوبارەدا کۆمەڵێ شت دێتە پێشەوە کە گوشاری لایەنە دەوڵەتییەکان بەلای خۆیاندا دەیشکێننەوەو و کوردیش پێناچێ هەنووکەو لەداهاتوویەکی نزیکیشدا دەرەقەتی بێ. بۆیە بەدوورگرتنی چارەسەری کێشەی ناوەڕۆکی ماددەی 140 لە دوتوێی جوگرافیای عێراقدا بترازێ، هیوای چاوەڕوانیەکانمان دەدۆڕێنی.

کاتێکیش بگەڕێینەوە سەر دەقی پێشنیازەکانی قۆناخی یەکەمی دیمستۆرا و پرسێک بجوڵێنین ئاخۆ گەلۆ بناوانی بەلاڕێدابردنی دەرەنجامەکان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ لەبەرسڤدا رەنگبێ پەنا بۆ رێساکانی قانونی نێو دەوڵەتی ببردرێ. هەر لەوسۆنگەوە، شیکردنەوەی چۆنیەتی چەسپاندنی ئەو رێسایانە بۆ مژارەکمان سوود بەخش دەبێ. ئەوەی لە قانونی نێودەوەتیدا وەک چەقی بازنە شتی لەسەر دەسوورێ بەرژەوەندیو هێزی باڵادەستییە تاکو دەرچەکەی بارەکە بێتە شتێکی قانونیانە، ئەمەش پێچەوانەی قانونی نێو خۆییە. حەقە باش لەو خاڵە ئاگادار بینەوە کە زۆر جاران پەنا بۆ قانونی نێو دەوڵەتی بردن (بەسنگی قەوارە لاوازەوە) کە بە شتێک گرنگی دادپەروەریانەی سەنگین رەوایانەی لەقەڵەم دەدرێ، ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە؛ بۆیە گەر بە وریاییەوە سەودای لەگەڵدا نەکەین ئەوا دەکەوینە داوی.

کاتێ لایەنی نێو دەوڵەتی لە کێشەیەکدا دێتە سەر گۆڕەپانو بارەکە یەکلا دەکاتەوە، بەوشێوەیە یەکلایدەکاتەوە کە لایەنی باسک ئەستوور لەخۆی تووڕە نەکا، چونکە گەر وای نەکرد ئەوا ئاشتیو ئارامی تێک دەچیو بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا بەشێوەیەکی دیکە لێک دەدرێنەوە. ئاخر گەمەی هێزو بەرژەوەندیش هەر لەسەر ختوکەو دنەدانی ئەو مەسەلەیە بەندە. چاوێک بە پێوازۆ مێژوەکانی دانوستانی سیاسیدا بگێڕە کە دەرەنجامەکەیان دەبێتە رێکەوتننامە هەر هەمان دەرهاوێشتەی دەبێ، ئەوسا راستی بابەتەکت بەباشترین شێوە بۆ دەردەکەوێ.

دیمستۆراش پەروەردەی هەر هەمان فێرگەیەو هەر بەهەمان پێوەریش شتان لێک دەداتەوە، ئەو دەزانێ لەعێراقدا سەقامگیری ئاسایشو سیاسی پێشنۆرەی مژارەکانە، بەلێکدانەوەی هەمو لایەکیش ئەوەی رۆڵی لە قوڕسو سووک ڕاگرتنی هاوکێشەی ئاسایشە لەنێو پێکهاتەکانی عێراقی نۆژەنکراو بەپلەی یەکەم سوننەی عەڕەب، ئەنجا شیعەی عیراقە. لە تێکچڕژاوی لایەنە ئالۆزکراوەکەی بارەکەشدا وڵاتانی هەرێم-دراوسێکانی عێراق-پشکی گەورەیان هەیە. ئیدی لەو کێشمە کێشەیەدا هەر کورد وەک پێهاتەی سێهەمی عێڕاق، ئەو مەترسیەی بۆسەر لایەنە ئۆقرەیە سیاسیە (بە دەستکەوتی سیاسی بەرامبەر ئاسایش)کەدا نیە. کاتێکیش ئەو بارە بەو جۆرە بێ، تاڕادەیەکیش لایەنی دەرەکی بە لایەنی هەرێمیو نێو دەوڵەتی و بەبەڵگەی ئەو پێنج ساڵانەی رابردوو هەر وای ببینن، ئیدی ئەو حیسابە وردە بۆخواستە سیاسیو ئیداریە چارەنوسسازانەی خەڵکی کوردستان ناکەن.

لەژێر ئەو باندۆرە سیاسیە- ئاسایشیەدا دیمستۆرا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە پێی گەیشتوە، چونکە رەنگبێ ئەوە بزانێ تووڕەکردنی کورد بە راپۆرتی یەکەمی (کاتێ کەبۆی چووە سەر قوڕەکە لەهی دووهەم و سێهەمیشدا خەستر دەگیردرێتەوە) ئەو ناسەقامگیریە سیاسی و ئاسایشییەی لێناکەوێتە کە حیسابی بۆ بکا. قانونی نێو دەوڵەتیش چەسپاندنی باری واقیعە، چەند لەسەر زەوی دەس کەوتت هەبێ ئەوەندەش بۆت دەبێتە شتێکی دۆکیۆمەنتدار، هەرچەندیش بەبێ راکێشانی کارتی بەهێزو کازانگار داوای بکەی ئەوەندە پشتگوێ دەخرێ.

# فشار بخەنە سەر مالیکی نەک دیمستۆرا



فەرسەت سۆفی

لە دوایین رۆژی ساڵی 2007 وادەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 کۆتایی هات، هەر بۆیەش لە یەکەم رۆژی ساڵی 2008 پرۆسەی سیاسی لە عێراق کەوتە بەردەم قەیرانێکی دیکەی ئاڵۆزتر.بە دەستووری کردنی مەسەلەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دوورکەوتنەوەی لۆژیکی هێز، چونکە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئاشتییانە لە ژێر چەتری دەستوور لە دایک دەبن.

جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 لە وادەی دیاری کراوی خۆیدا دەروازەیەکی سەرەکی بوو بۆ دەست تێوەردانی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ مەسەلەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان.

هاتنی UN بۆ نێو مەسەلەی کەرکووک و ناوچەکانی ململانێ لەو بنەڕەتە سەرچاوەی گرت کە نەتوانرا ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت. راستە هاتنی UN بۆ ناو مەسەلەکە پشت ئەستوورە بە خودی مادەی 140، چونکە لە بڕگەی 7 ماددەی 58ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە هاتووە کە ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەوکات نەیتوانی راسپاردە بداتە ئەنجومەنی نیشتمانی و دواتریش نەیتوانی ناوبژیوانی بێلایەن دیاری بکات، ئەوا دەبێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە سکرتێری گشتی UN بکات و بۆ بەناوبژیوانیکردن و چارەسەر.

لێرە پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئایا هاتنی UN بۆ یارمەتی تەکنیکییە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق یان UN ئەجێندای سیاسی تایبەتی خۆی هەیە؟.

ئەزموونەکانی پێشووی دنیا کە UN سەرپەرشتی کردبێت ئەوەمان پێ دەڵێن کە UN بۆ پاڵپشتی تەکنیکی نەهاتۆتە ناو هیچ کێشەیەک، هەر کاتێک UN هاتبێت بەرنامەو پلانی سیاسی تایبەت بە خۆی هەبووە.

مەرجیش نیە هەمیشە ئەو چارەسەرانەی UN پێشکەشی دەکات لە بەرژەوەندی خاوەن مافدابن، چونکە لە بنەڕەتدا UN چارەسەری سیاسی پێشکەش دەکات، لە سیاسەتیش هەمیشە هاوسەنگی هێزەکان دەپارێزرێ و تەوافقی سیاسی پەیڕەوی لێ دەکرێت.

ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان ئەوە بووە کە ئەو ناوچانە بۆ گەلی کوردستان هێلی سوورن و ناکرێت تنازولی لێ بکەین. هەروەها سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوڵیدا ئەو مافە لە رێگای ماددەی 140 و ئەو میکانیزمەی دەستوور دیاری کردووە چارەسەر بکات کە بە سێ قۆناخ دیاری کراوە (ئاسایی کردنەوە – سەرژمێری – راپرسی). حاڵەتێکی ئاساییە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژی نەگۆڕ پەنا بۆ تەکنیکی گۆڕاو ببەین، بەڵام بە بێ ئەوەی تەکنیک ئامانجی ستراتیژی بشێوێنێ.

لە دوای کۆتایی هاتنی وادەی ماددەی 140 وا دەکە بۆ ماوەی 6 مانگ درێژکرایەوە، ماوەی درێژکراوەش هەر کۆتایی هات بە بێ ئەوەی قۆناخی یەکەمی ماددەی 140یش بە کۆتا هاتبێت کە بریتیە لە ئاسایی کردنەوە.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2005 یەکێک بوو لە پێشنیازەکان بۆ چارەسەرکردن، سەرکردایەتی کوردیش بە مە رازی بوون، دواتر UN پێشنیازی کرد چارەسەری کێشەکە بەسێ قۆناخ لەلایەن دیمستۆرا پێشکەش بکرێت. لێرەوە ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان وون دەبێت و چەند تاکتیکێکی کاتی خۆیان زاڵ دەکەن.

ئێمە سەرەتا باشمان پێکا، کە گوتمان لەدەرەوەی ماددەی 140 بە هیچ چارەسەرێکی دیکە رازی نابین. کێشەکە لەو کاتە دەستی پێکرد کە ئێمە بەپێشنیازی بە دیل بۆ ماددەی 140 رازی بووین.

رازی بوونمان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2005 وەک پێوەر بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان یەکێک بوو لەو مەترسیانەی کە کاریگەری کردە سەر ماددەی 140 . هەروەها چاوەڕوانی پڕ ئومێدی خەڵکی کوردستان بۆ پێشنیازەکانی دیمستۆرا وەهمێکی دیکە بوو کە جووڵەی لیژنەی ماددەی 140ی هێواش کردەوە.

قۆناخی یەکەمی پێشنیازەکانی دیمستۆرامان بینی کە زۆر بە روونی کەوتبووە ژێر کاریگەری نەیارانی هەرێمی کوردستان.پێشم وانیە پێشنیازەکانی لە قۆناخی دووەم و سێیەم لەوەی یەکەم باشترین، چونکە دیمستۆرا نوێنەرایەتی UN دەکات، ئەو رێکخراوەش هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان دروست بکات جا ئەگەر لەسەر حسابی کوردیش بێت.

رۆتینیاتی کاری UN چەندنی کێشەی دنیای بە هەڵپەسێردراوی هێشتوونەتەوە، خەریکە کەرکوکیش وەک مەلەفێکی دیکە کە لەنێو رەفەی UN تۆزاوی بکات.

بۆیە چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لە UN نیە، چارەسەرەکەی لە ماددەی 140 دایەو دەبێ ئێمە فشار بۆ بە غدا ببەین، نەک بۆ UN، دەبێ ئێمە فشار بۆ مالیکی ببەین نەک دیمستۆرا، چونکە لەسەرەتا کردمانە مەرج کە مانەوەی عێراق بە یەک پارچەیی بەندە بە جێبەجێ کردنی دەستور.

ماددەی 140 ماددەیەکی دەستوورییەو بە کۆتایی هاتنی ماوەکەی ماددە کە هێزی دەستوری لە دەست نەداوە، چونکە ئەگەر ئەو ماددەیە بە سەرچوو بێت ماددەی دیکەش هەن ماوەیان کۆتایی هاتووەو دەبێ هێزی دەستوریان نەما بێت، بۆ نموونە ماددەی 142 تایبەت بەهەموارکردنی دستوور دەبووایە لە دوای پەسەندکردنی دەستور لە ماوەی چوار مانگ هەموارەکان پێشکەش کرا بووان.

کەواتە ئەوەندەی ئومێدی گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لە ماددەی 140 و چارەسەری دەستووریدایە ئەو ئومێدە لە UN بەدی ناکەین،چونکە UN هێشتا لە ژێر هەیمەنەی هێزی باڵا دەست دایە، کامە لایەن هێزی زێدەتر بێت شنە بای UNیش بەو ئاراستەیە هەڵدەکات.

هێزە هەرێمییەکان و دەوڵەتانی عەرەبی کە ئەندامن لەو رێکخراوە دژی گەڕانەوەی کەرکووکن بۆ هەرێمی کوردستان، تەنانەت راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆنیش لە بەرژەوەندی ئێمە دا نەبوون، کەواتە بەدووری نازانین لەو کاتەUN بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هێزانە، هەر وەک لە بەشی یەکەمی راپۆرتەکەی دیمستۆرا کاریگەری ئەو هێزانەمان بەدی کرد.

UN کۆمەڵێک کێشەی دیکەی بە ساڵان لە نێو دەست ماوەتەوە بەبێ ئەوەی بتوانێ بە کۆتایان بگەیەنیت. لە ساڵی 1947 تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی قودس چارەسەربکات، لە حەفتایەکانی سەدەی رابردوو تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی بیابانی خۆرئاوا (الصحراء الغربية) چارەسەر بکات.

ئەو کێشانەش کە چارەسەری کردوون ماوەیەکی زۆری خایاندووەو زۆر بەشیان لەبەرژەوەندی هێزی باڵا دەست یەکلاکراونەتەوە، بەڵام ئەوەش ئەو مانایە ناگەیەنێت کە ئێمە دەتوانین بەشداری UN لە کێشەکە رەت بکەینەوە، بەپێچەوانەوە لە زۆر حاڵەت بوونی UN زۆر پێویستە، بەڵام لە چوار چێوەی ماددەی 140 و ئەو میکانیزمانەی لەو ماددەیە دیاری کراون.

واتە UN لە بواری تەکنیکی وەک لایەنی چاودێر یارمەتی دەربێت، نەک پێگەی بڕیاری کۆتایی یەکلاکەرەوەی پێبدرێت نابێ ئێمە لەوە تنازل بکەین کە بڕیاری کۆتایی بۆ خەڵکی رەسەنی ئەو ناوچانەیە کە کێشەیان لە سەرە، هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نیە بەبێ راپرسی بڕیار لەسەر بستێکی خاکی ئەو ناوچانە بدات.

بۆیە پێویستە ماوەی ماددەی (140) جارێکی دیکە بە فەرمی درێژ بکرێتەوەو هەوڵبدرێت بە هاوکاری UN کار لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەکە بکرێت.

# ئەمەریکاییەکان بۆ لە کوردستانن



جۆن ئەگرێستۆ*

لە شوێنەکەی خۆمەوە لە کوردستان دەتوانم سەیری شەقامەکەی خوارەوە بکەم و گومەزی سەوزی مزگەوتی شیعەکان ببینم کە بەهۆی کۆنیەکەیەوە هەندێک تێکچووە، هەر لێرەوە لە سلێمانی دەتوانم مزگەوتێکی رازاوەو جوانی سوننەکانیش ببینم کە زۆر لە مزگەوتەکەی دیکە دوور نییە. لەسەر شەقامەکە سەنتەری کولتووری کوردی هەیە کە کەوتۆتە تەنیشت کەنیسەی کلدانیە کاسۆلیکەکان لە تەنیشت بارەگای سەرەکی حیزبی کۆمۆنیست . کاتێک سەیری ئەو بارەگایە دەکەی هەمووی بەداروبارەوە دەورە دراوە هەموو کەس پێیوایە ئەوە بارەگایەکی CIAیە.

پێناچێت لێرە لەو بەشەی کوردستان هیچ کەس دووجار بیر لە هۆزو تایفەو نەتەوەو سیاسەت و .. بکاتەوە، هەموویان دەیانەوێت بە ئاشتی و خۆشی پێکەوە بژین. کوردەکانی عێراق،کە سەردەمێک لە هەموو شوێنێک خەڵکێکی توندوتیژ بوون، ئێستا تارادەیەکی باش هێمن بوونەتەوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لەلای کورد دەسکەوتنی کارێک، بوون بە خاوەن ئۆتۆمبێلێکی نیسان، سەردانکردنی ئەوروپا ئەو شتانە زۆر گرنگترن لە شتی تر. بازرگانیکردن و پەیداکردنی پارە سەرنجی ئەو بەشەی جیهانی راکێشاوەو وایکردووە خەڵکەکە کەمتر بەرەو خوێنڕشتن بچن.

لە کوردستان هەرگیز ئاینی ئیسلام بە حەماسەتێکی توندوتیژنەبووە وەکو ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو هەمیشە بەشێوەیەکی رێک و پێک ماوەتەوەو لەجیاتی ئەوەی ببێتە بنەمایەکی کێشەو ناسەقامگیری. ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەگەر جاران هۆکاری پەرتەوازەیی خێڵ وعەشیرەتەکان بوو، ئێستاهێزێکی سەرنجڕاکێشە کە زۆر لە جیاوازییەکان بچووک دەکاتەوە.

لەپشتەوەی سیاسەت و نەتەوەخوازییەوە، تەنانەت وادەردەکەوێت ناوچە ئاینیە دێرینەکانیش بەتێپەڕبوونی کات سەراوژێر بوونەتەوە .رۆژانێک ئەو چیایانە شوێنی دانیشتنی جوولەکە کۆچەرەکان و ئێزدی و کریستیانەکان بووە .بەڵام جوولەکەکان لەوێ رۆیشتوون، ئێزدیەکان کەمبوونەوە، تەنانەت ئەو کریسیانانەش کە ئێستا هیچ دەربارەی (نیستۆریەکان) نازانن، ئەوانیش کەمبوونەتەوە. بەڵام ئەوە هەمووی نییە کەوا دکتۆرو مۆژدەدانی ئاینی ئەمریکی هاتوونەتە خاکی کوردان، بەتایبەتی بۆ لای نستۆریەکان، بۆئەوەی ببنە قەشەیان، قوتابخانەیان بۆ دروست بکەن، داو و دەرمانیان بۆ بێنن وهەندێکجاریش لەوێ بمرن.

بەڵام لەوانەیە، وەکو فەرەنسییەکان دەڵێن، تا زیاتر شتەکان بگۆڕێن زیاتر وەکو خۆیان دەمێننەوە. جارێکی دیکە سەیری کوردەکان بکەن. ماوەیەکی زۆر دوور نیە کە نیوەی کوردەکان لەژێر ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان، داوایان لە سەدام حوسێنی دوژمنیان کرد یارمەتیان بدات بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی رکەبەریان. بۆئەوەی نەدۆڕێت و لەناونەچێت، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەبەرامبەردا داوای لە ئێرانییە ناحەزەکان کرد یارمەتی بدات بۆ لەناوبردنی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئێستا لەدوای 15 ساڵ،هاوپەیمانێتیەکی سیاسی هەردوولایەنی پێکەوە کۆکردۆتەوە،کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشە .

لەوەش گرنگتر،لەوانەیە ئەمریکییەکانیش زۆر نەگۆڕابن.لەو ماوەیەدا هەندێک شتم دەربارەی ئاساهێل گرانت کە دکتۆرو کەسایەتیەکی ئاینی رۆشنبیربوو خوێندووە. گرانت لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی هەژدە هاتۆتە کوردستان بۆ یارمەتیدان وبەرەوەپێشەوەبردنی ژیانی سەختی کوردەکان و بەتایبەتیش دۆستە کریستیانەکانی،واتە نیستۆریەکان.ژیانی ئەو بەکورتی هەموو شتێکت پێدەڵێ دەربارەی هەموو شتێکی سەرنجڕاکێش، هەموو شتێکی ساویلکە، هەروەها نزیکەی هەموو ئەو شتانەی جیهان ناتوانێت تێیان بگات لەبارەی روحی ئەمریکی.

بە شێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین بڵێین لەرابردوودا کوردەکان جێی سەرنج نەبوون.

هۆزە شەڕکەرەکان،زۆر رەوشتی بەرزو جوانیان پێشانداوە، لە چیرۆک و فیلم و دیکۆمێنتە گەشتیارییەکان و مێژووی ئەو هۆزە شەڕکەرانە، لەوەتەی نووسین دەستیپێکردووە کاراکتەری باشیان هەبووە .شتی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە کوردەکان بریتی نییە لە رابردووی توندوتیژیان، بەڵکو ئەوەیە کە لە کۆتاییدا دەبینرێت. نەخێر، لەوانەیە، ئەگەر سەیری رابردوو بکەین سەرنجڕاکێشترین شت ئەوەبێت کە کەسانێکی وەکو ئاساهێل گرانتی ئەمریکی هەن.

ئێمە لە شەشەمین ساڵی کارەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئاساهێل گرانت خێزانەکەی و دوو کچی ساوای لەدەست داوە لەئەنجامی نەخۆشیەوە لە کوردستان لە دەستداوە . بەڵام بۆچیئەو هێندە لە خەمی گەلێکدا کە لای خەڵک ناسراو نەبووە کە تەنانەت ژن وکچەکانیشی لەو پێناودا لە دەستداوە ؟بۆچی لە خەمی ئەوەدا بووە کورد تەندروست وخوێندەوار بێت

کاتێک لە کوردستان لەپەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکەم، جگە لە باڵەخانەکان شتی دیکەش دەبینم. مۆژدەدەرەکان نا بەڵکو ئەمریکییەکان دەبینم قوتابخانە دادەمەزرێنن،دەست بە دروستکردنی شوێنی نۆژداری و پزیشکی دەکەن، هێڵی زێرابی ژێر زەوی دادەنێن، یارمەتی دروستکردنی شەقامەکان دەدەن، کەسانێکی زۆر ژیان و خێزانیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووەو وەکو ئاساهێل گرانت، هیچیان لەپێناو پارەو نەوت و سیاسەت وستایشکردن لێرە نین .ئەوبیرۆکەیەی یان ئایدیالیزمەی ئەوانی هێناوەتە ئێرە چییە؟ ئایا هەمان ئەو بیروبۆچوونە مرۆڤدۆستانەیە کە گرانتی هێناوەتە ئێرە؟ بە بڕوای من ئەوپەیامە مرۆڤایەتییە لە پشت هاتنیانە.

لەوانەیە کوردەکان گۆڕابن بەبراورد لەگەڵ ساڵی 1840 . بەڵام ئاساهێل گرانت، کە کەسێکی ئەمریکاییە، واپێدەچێت هێشتا لەو ناوە بێت بەخۆی و هەموو ئایدیالیزم و ئومێدەکانیەوە، بەخۆی و هەموو ووزە لەبن نەهاتووەکەی، و تەکنۆلۆجیا تازەکەی، خۆی و هەموو هەڵەکان وئەو شکستانەی لە ئومێدە بەرزەکانیەوە دووچاری بووە.

ئێمەی ئەمریکی زۆرجار بەوە تۆمەتبار دەکرێین کە بێکەڵکین،ماددیین، بەرژەوەندیخوازو خۆپەرستین. من پێموایە، کە مرۆڤ ئازاد بوو هەموو بەشەکانی سروشتە مرۆڤایەتیەکەی دەردەکەوێت، بەباش وخراپەوە .هێشتا دەزانم بەشێکی دیکەش هەیە، بەشێک کە دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵ لەمەوبەر لەوانەشە بتوانێ بۆ 200 ساڵی دیکەش بەرەوپێشەوە بچێت. ئەگەر دەتەوێت بزانی دیوەکەی دیکەی ئەمریکاییبوون بوون چییە، پیاسەیەک لە گەڕەکەکەی من بکە لە کوردستان.

***سەرۆکی زانکۆی ئەمریکیە لە شاری سلێمانی**
**لە National Review ـەوە**

---

گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com



# لێخوڕە دەشتە

رۆژنامەی کوردی، لە سەر کێشی بنێشتی کوردی، رێک وەک بەرپرسی کوردی وایە، هەردوکیان گاڵتەیان بە هاووڵاتی ئاسایی دێت و هیچ کامیان رێز لە هۆشیاریی هاووڵاتی ناگرن.

هەواڵی رۆژنامەی کوردی، نەک هەر پرۆفیشناڵ نییە، بەڵکو زۆربەی جاران، کەرەستەیەکە بۆ یەکلاییکردنەوەی حسابی کۆن، یان نوێ. هەواڵی کوردی بوێر نییە، ملشکێنە، پڕ زانیاری نییە، حەیابەرەیە. بە دەگمەن رۆژنامەیەکی کوردیت چنگ دەکەوێت، بەهایەک بۆ هۆشیاریی خوێنەر دابنێت، ئەو رۆژنامانەش کە بە سەنگین ناویان رۆیشتووە، چونکە لە نەستی خۆیاندا، بە هەمان شێوە، خوێنەر بە هیچ نازانن، بۆیە زۆر ئاساییە، هەڵەی زەق لە لاپەڕەی یەکەم و بابەتی گرینگ و چارەنووسسازدا بەردەنەوە، بێ ئەوەی موویەکیان لە شەرما بلەرزێ.

رۆژنامەی خەبات، کە بە قەولی خۆیان لە گەڵ بەردەوامیی ژیاندان، لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی هەینی، 11ی تەموز، بە مانشێتێکی پان و زل نووسیویەتی "238 پرۆژە بەبڕی 180 ملیار دۆلار بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی هەولێر" واز لەوە بێنە بودجەی هەموو حکوومەتی هەرێم لەمساڵدا 6 ملیار و شتێکە، واتە ئەو پارەیەی بە لێکدانەوەی رۆژنامەی خەبات، تەنیا بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی هەولێر تەرخان کراوە، دەکاتە بودجەی نزیکەی سیی ساڵی تری حکوومەتی هەرێم. هیچ دوور نییە، هەموو رۆژنامەی خەبات، کەسێکی تێدا نەبێ بزانێ ملیار چەند سفری هەیە، بۆیە تروسکاییەک هیواتان نەبێ، بە هەموو رۆژنامەی خەبات تا نزیکەی سیی ساڵێکی تر ئەستەمە بزانن، ملیارێک، چەند سفری هەس.

رۆژنامەی رۆژنامە، لە ژمارەی رۆژی 13ی تەموز، لە مانشێتێکی بە ناخێری لاپەڕەی ئابووریدا، نووسیویەتی "هەرێمی کوردستان 3 ترلیۆن دۆلاری لە بودجەی تەواوکاریی بەردەکەوێت" دڵنیام ئەو (دیە فازڵ) ەی ئەم راپۆرتە هەواڵەی نووسیوە هیچ نەدییە، بەڵام ئاخۆ لاپەڕەی ئابووری و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەران، جوامێرێکی تێدا نەبوو پێیان بڵێ کاکی خۆم بودجەی هەموو گۆی زەوی 3 ترلیۆن نییە، ئەوە بە کام کالکیولەیتەر، کوردستان، لە بودجەی سەرەکیشدا نا ها، لە هی تەواوکاریدا، 3 ترلیۆنی بەردەکەوێت؟

خەبات سێ هەزار ساڵە دەردەچێ وا دەرەقەتی ملیار نادات، کەچی رۆژنامەی رۆژنامەی هێشتا دەمیان بۆنی شیری خاوی لێدێت پەلاماری ترلیۆن دەدەن. بەوەدا هیچ کامیان تا ئێستاش روونکردنەوەیەکیان نەداوە و کەسیش دەنگی نەکردووە، پێدەچێ نەک خەڵک، خۆشیان رۆژنامەکانی خۆیان نەخوێننەوە.




# ڤیفا ورلدکاپی 2008 دەستکەوتێکی وەرزشی گەورە بوو

## چیمان دەست کەوت؟ چی فێر بووین؟ دەبێ چی بکەین؟

تەها بەرواری *

لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە 2006/5/7 بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی لە داڕشتنی پلان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی وەزارەتی وەرزش و لاواندا جێی گرت.

لەبواری وەرزشدا کە ئەم جارەش مەبەستمە بینووسم وەزارەت زۆر بڵندنۆر بیر دەکاتەوە. ئەم نیگافراوانییەی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە نەخشەڕێی وەرزشی وەزارەتدا هەیە کە بنەمایەکی دیمۆکراسی فراوانی هەیە بەتایبەت دوای کۆنفرانسی 15-16/5/2008.

بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە هەموو تواناکانی کوردستان لەناوەوە و دەرەوە بخەینە کار بۆ ئەوەی بەم ئامانجە نیگافراوانانەی وەرزشی بگەین.

- ڤیفا ورلدکاپی 2008 جۆش و خرۆشێکی زۆری وەرزشی خستە ناو کۆمەڵگەی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لێرەدا جێگای خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو میدیایە بکەم کە گرنگییان بەم کارەدا و لە سەرووی هەمووشیانەوە تەلەڤزیۆنی سەتەلایەتی کوردستان و کۆمپانیای کۆڕەک تلیکۆم کە بەڕێگای بڵاوکردنەوەی زیندی یەکەم یاری هەڵبژاردەی کوردستان کە لە 7/7 بەڕێوەچوو دەرفەتێکی زێڕینی خوڵقاند بۆ جەماوەرێکی زۆر لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان.
- یەکیتی تۆپی پێی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی دروستبوونی خۆی بوو بە ئەندام لە ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی.
- تیپی فوتباڵی پرۆڤانس داوایەکی ئاراستەی وەزارەتی وەرزش و لاوان کردووە بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکەن.
- بوار رەخساوە بۆ هەرێمی کوردستان کە خولی ڤیڤای 2010 لە کوردستان ئەنجام بدرێ.
- بۆ هەمووان ڕوونتر بۆتەوە چ پۆتانسیالێکی گەورەی کوردی دیاسپۆرا (هەندەران) هەیە چەند گرنگە هەنگاوی پەلەتر و بهاوێژین بۆ ئەوەی لەبواری وەرزشیدا لە پاڵ بوارەکانی تردا باشتر خۆمان ڕێک بخەین.
- نزیکەی 15 کەناڵی میدیایی بیانی و کوردستانی چاودێری ئەم چالاکییەیان کرد، بۆ نموونە: کەناڵی بی بی سی، تەلەڤزیۆنی ڕووسی و پۆلسی پۆڵەندی و تەلەڤزیۆنی ڕۆیتەرز و چەندین تەلەڤزیۆنی تر، تیایدا ناوی کورد و کوردستان لە تریبۆنێکی پۆزەتیڤ و جیاوازدا بڵاوبووەوە.
- پەیوەندییەکی باش لەنێوان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و وەرزشوانانی کوڕ و کچی کورد لە سوێد دروست بوو کە دەکرێت سەرەتایەکی باش بێت لە نزیکبوونەوەی زیاتر لە یەک و سوود وەرگرتن لە تواناکانی یەکتر لە ناوەوە و دەرەوە.
- ڕاستە ئەنجامی یارییەکان باش نەبوو کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە، لەوانە هەندێک لە یانەکانی کوردستان یاریکەری باشی خۆیان لەبەر خولی وەرزشی عێراق پێشکەش بەتیپی هەڵبژاردەی کوردستان نەکردبوو، بەڵام دەستکەوتێکی وەرزشی و مەعنەوی زۆر باش بوو بۆ یاریزانە بەشداربووەکان.

2005/10/15 سەرەتای گۆڕینی سترۆکتۆری دەوڵەتی عێراق بوو، لە سترۆکتۆری سادەی مەرکەزییەوە بەرەو سترۆکتۆرێکی فیدراڵی، لەم ڕوانگەیەوە بەشداریمان لە جامی جیهانیی ڤیڤادا دەبێتە دەروازەیەک بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆمان هەم لە عێراق وهەم لە ئاستی دیکەشدا. بۆ ئەم مەبەستە، گرنگە بەرپرسانی وەرزشی و سیاسی و ئیداری و ڕۆژنامەنووسەکانی وەرزشی خۆمان بە باشی پەروەردە بکەین بۆ ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە و بەرەنگێکی سیستەماتیک کار بکەین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بڵندنۆڕانە. هەر بۆیەشە کە بەیانی هاوبەش لەنێوان وەزیری لاوان وەرزشی عێراق وکوردستان لە 2007/5/2 بڵاوکرایەوەو هەروەها پرۆتۆکۆلی نێوان هەردوو وەزیر لە 2007/7/11 مۆرکرا کەیەکێک لە خاڵەکانی گرنگیدانە بە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی فیدڕالی و فێربوونی هەردوو لامانە بە ساختاری تازەی دەوڵەی عێراق. لەژێر ئەم دیتنەشدایە کە وەزارەت لەگەڵ دەستەی وەرزشی وێڵز، لە بەریتانیا بڕیاری کۆنفرانسێکی وەرزشی هاوبەشیان داوە کە تێیدا بسپۆڕی وەرزشی ژمارەیەک لە وڵاتانی فیدراڵی بانگهێشت بکرێن بۆ کۆنفرانسێک لەسەر چۆنیەتی کارکردنیان و هەرێمی کوردستان و عێراق چۆن دەتوانن زیاتر شارەزایی پەیدا بکەن بۆ گۆڕانکاری پێویست لە ساختاری وەرزشی ئێستای عێراقدا کە تا ئێستاش بە دیدی عێراقی پێش چەرخی فیدراڵی کار دەکات. بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین مافەکانمان وەربگرین لە سایەی دەستوردا پێویستمان بە فێربوون و کۆکردنەوەی زانیاری دروستە لەمەر وڵاتانی فیدڕاڵی دیکە و کارکردن بۆ مۆدێلێک کە ڕێکەوتنی لەسەر هەبێت لەنێوان هەولێر و بەغدادا و ئەمەش کار ئاسانییەکی زۆر بۆ وەرزشی کوردستان دروست دەکات.

وەزارەتی وەرزش و لاوان ئامادەی پێشوازی کردنە لە هەموو ئەو توانایانەی کە دەیانەوێت بزاڤی وەرزشی کوردستان بەرەو ئەو ئامانجە پیرۆزانە ببات.

*وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان

# پەیامی ڕووداو

## کاتی مریشکە ڕەشەیە

حکومەتی عێراق و هێزە عێراقییەکان بە گشتی ئەگەر لە هیچ شتێکدا هاوبۆچوون نەبن و یەکنەگرنەوە، لەوەدا کۆک و هاوڕان کە دژی مافی کورد بن، بگرە ئەگەر بۆیان بچێتە زۆر لە سەدامیش خراپتر بەسەر کورد دەهێنن، کەچی سەرکردایەتی کوردستانیش هێشتا هەر چاوەڕێی ئەوەیە بەغدا کەرکووکیان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش بکات!.

بەخشندەیی حکومەتی کوردستان بەرامبەر سەرۆکی پەرلەمانی عێراق مەحمود مەشهەدانی لە کاتێکدا هیچ سنوورێکی بۆ نییەو بەرپرسانی کوردستان لە داهاتی کوردستانەوە و لەپارووی خەڵکییەوە مەشهەدانی و بەرپرسە عەرەبەکانی دیکەی عێراق دۆلارباران دەکەن، کەچی هەفتەی ڕابردوو ئەو مەشهەدانییەی ئەگەر تایفەگەریی عێراق نەبێت شایانی ئەوە نییە پاسەوانی بەردەرگەی پەرلەمانیش بێت، زۆر مەردانە چاکەی ئەو مبهرەبانییەی بەرپرسانی کوردستانی دایەوە و بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دابوو، یاسای هەڵبژاردنی تایبەت بەکەرکووک ودابەشکردنی بۆ 4 ناوچە خستە دەنگدانەوە و سەرئەنجام پەرلەمانتەرانی کورد دانیشتنەکەیان بەجێهێشت و دەنگدانەکە بۆ ئەمڕۆ دواخرا.

پێموانییە بەرپرسانی کوردستانیش نەگەیشتبنە ئەو باوەڕەی کە عەرەبەکانی عێراق بە شیعە و سوننەکانیانەوە بەخۆشی و ڕەزامەندی خۆیان ناچنە ژێرباری هیچ خواست و داواکارییەکی کوردەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی کورد لە ستایش و پێداهەڵگوتنی بەرپرسانی عێراق ناکەون و لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە ئەگەر هەر بەقسەش بێت هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەتی عێراق بکەن کە ئەمڕۆ بەهێزترین کارتی بەردەستی کوردە، بەتایبەتیش چونکە بەڕێوەبەرایەتی ئێستای ئەمەریکا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەوەیە سەرکەوتنێک لە عێراق نیشانی ئەمەریکاییەکان بدات تا وەک کارتێک لە بەرامبەر دیموکراتەکانی بەکاربهێنێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، کشانەوەی کورد لە حکومەتی عێراق ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت فشارێک بۆ سەر ئەمریکا دروست دەکا و ناچاری دەکات کەمێک لە سازشکردن لەگەڵ عەرەب لەسەر حیسابی کورد بسڵەمێتەوە.

بەرپرسانی کورد دەبێ ئەوەیان لەبیر بێ کە ئەوان لە سەر حیساب و ناوی کورد لە سەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون و خاوەن داهات و دەسکەوتن، بۆیە ئەگەر بڕیارە لەسەر مافی کورد هەڵبدەنێ، ئەوە هیچ کاتێک لە ئێستادا پێویستر نییە لەگەڵ حکومەتی عێراق بیگەیەننە مریشکەڕەشە، چونکە وەک ساڵح موتەڵەگی ئەندامی پەرلەمانی عێراق گوتی" بایەکە بەو ئاراستەیە نییە کە کورد دەیانەوێ".

نوورەدین وەیسی

# قەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی و سیاسەتی ئەڵمانیا

فەلەکناس ئوجا*

بەرلەهەموو شتێک پێویستە بگوترێت، بەقەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا خۆی کردووەتە ماشەی سیاسەتی تورکیا.

قەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی هەڵمەتێکی دیکەی چەوساندنەوەو کریمینالیزەکردنی (تاوانبارکردنی) دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی جڤاکی کوردە لەئەڵمانیا. وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا بەبڕیاری قەدەخەکردنەکەی، داخوازی ئەنکەرەی جێبەجێ کردووە کە دەڵێت کورد بێدەنگ بکە.

لەدرێژەی ئەو سیاسەتەدا ئەو کەسانەی کە وەک چالاکڤانی PKK تۆمەتبار دەکرێن، لەئەڵمانیا دەستگیر کران و لەبەر ئەندامێتی لە" ڕێکخستنێکی تاوانکار" ڕاپێچی دادگا کراون. هەندێک لە ئەوانە هەڕەشەی ناردنەوەیان بۆ تورکیا لێکراوە کە لەگرتوخانەکانی ئەوێ بەرەورووی ئەشکەنجەدەبنەوەو سزای زیندان چاوەڕێیانە.

ئەو قەدەخەکردنە لەدژی مافە بنچینەییەکانی ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕینە. ڕۆژتیڤی کەناڵێکی کوردییەو بەسێ زارەوەی زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و زمانی ئاشوورییەکان بەرنامە بڵاودەکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ بەراورد ڕۆژتیڤی بکات لەگەڵ ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنیە تورکییانەی کە لە ئەڵمانیا بەناوەڕۆکی نەتەوەپەرستی ڕادیکاڵ وەشانی خۆیان بەردەوام دەکەن، دەبینێت کە ڕۆژتیڤی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا ئەلتەرناتیڤی ئەو کەناڵانەیە.

خاڵێکی دیکەی باڵکێشی قەدەخەکردنەکە کاتی قەدەخەکردنەکەیە. بڕیارەکە بەرلە یاری فۆتبۆڵی ئەڵمان وتورکیا ڕاگەیەندرا. ئەو بڕیارە بۆ دڵنەوایی ورازیکردنی تورکیا بوو کە یاری فوتبۆڵی دۆڕاندبوو؟ لەڕاستیدا قەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی لەهەموو چاپەمەنی تورکیادا جێی سەرەکی خۆی دەگرت. بەڵام وەها نەبوو. هەواڵی قەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی کەوتە ژێر سێبەری یاری فۆتبۆڵی ئەڵمانیا و تورکیا.

وەک دیار دەبێت بەڕێز وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا کە هەوڵیدەدا لە ئەڵمانیا هەنگاوی دیموکراتیک بهاوێژرێت، نەیدەویست قەدەخەی ڕادەبڕین و وەشان لە چاپەمەنیدا بڵاوببێتەوە.

بەڵام ئێمە لەبیر نەکەین کاتێک لە ڤەنزوێلا کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان قەدەخەکران، حکوومەتی ئەڵمانیا بەتوندی لەدژی قەدەخەکردن ڕاوەستا بوو. بەڵام پاشان هەمان ڕووداو، لە وڵاتێک کە بەمافی مرۆڤان و مافە بنچینەییەکان، وەک مافی ئازادی ڕادەبڕین بەناوبانگە کە ئەڵمانیایە ڕوودەدات!

دەبێ مرۆڤ لەبیر نەکات کە لەئەڵمانیا زیاتر لە800 هەزار کورد دەژین وهەندێکیان هاووڵاتی ئەڵمانیان و لەوێ تێکەڵاوی ژیان بوونە. کوردیش لەئەڵمانیا دەیانەوێت وەک کەمە نەتەوەکانی دیکە یانیش وەک هەموو هاووڵاتیان خاوەن مافی هاوبەش بن. وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا دەزانێت کە ئەو تورکانەی لە ئەڵمانیا دەژین خاوەن دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی و وەشانی ڕادیۆیین. هەروەها دەزانێ کە هێشتا زمانی کوردی لەتورکیا لەژێر گوشاردایەو قەدەخەیە.

بەڵام هەڤاڵانی وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا لەشاری کۆڵن لەشایی کردنەوەی کۆمەڵەی" بوزکورت"دا ئامادە دەبن. من دەمەوێت لە وەزیری بەڕێز بپرسم: ئایا دامەزراوەی "بوزکورت"کە سیاسەتێکی نەژادپەرستی بەڕێوەدەبەن لەلایەن دامەزراوە ئاسایشیەکانی کۆماری ئەڵمانیاوە کۆنترۆڵ کراون؟

ئایا ئەو دامەزراوانە بەسیاسەتی نەژادپەرستانەی خۆیان ڕاستەوراست دوژمنایەتی گەلان ناکەن؟ بۆچی هەڤاڵانی پارتی وەزیری ناوخۆ لەئاهەنگی کردنەوەی کۆمەڵەی کوردان و کردنەوەی ڕۆژتیڤیدا ئامادە نەبوون و دەنگی کوردیشیان قەدەخە دەکەن؟ پرسیارێکی گرنگ: بۆچی ڕۆژتیڤی قەدەخەکرا؟ یەکێک لە هۆکارە بنچینەییەکانی، دژایەتی ڕاگەیاندنی تورکیاو کۆمپانیا تورکییەکان ئەڵمانیایە.

بەقەدەخەکردنی ڕۆژتیڤی کێشەی کورد چارەسەر نابێت. ئەو قەدەخەکردنە ئاڵۆزییەک دروست دەکات. پێویستە حکوومەتی ئەڵمانیا زیاترین هەوڵ بدات تا ڕێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکرێتەوە. چۆن مافی ئەو تورکانەی لە ئەڵمانیا دەژین لەبەرچاوگیراوە وەهاش دەبێ مافی کوردان لەبەرچاو بگیرێت. چارەسەری دیالۆگ و دەستهەڵگرتنە لە تاوانبارکردنی کوردان.

* ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا
لەڕۆژنامەی یەنی ئۆزگورپولیتیکا وەرگیراوە

# کێ ڕۆژنامەنووسە؟

د. سەپان
sapanov@hotmail.com

زۆر لەسەر ڕاگەیاندن دەنووسرێ، بەڵام بەدەگمەن، لەسەر کار و ئەرکی ڕۆژنامەنووس نووسین بەرچاو دەکەوێ.

ڕۆژنامەنووسی پسپۆر دەبێ: ڕەوشت بەرز بێ، ڕاستگۆ بێ، وریا و زرنگ بێ، گوێگری باش و ڕووخۆش بێ، زمانزان و خوێنەری باش بێ، پشوو درێژ و هێمن بێ، ویژدان پاک و دڵگەورە بێ.. باش لە ئەخلاقی ڕاگەیاندن گەیشتبێ و پیشەی خۆی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار نەهێنێ، لەنووسین و بەرهەم پەلە نەکات و زمانی زبر بەکار نەهێنێ، لە فاکتەکان بکۆڵێتەوە و بەقسەی ئەم و ئەو نووسین دژ بەکەس نەنووسێ..

ڕۆژنامەنووس پۆلیس نییە، تا خەڵک بگرێ، حاکم نییە تا حوکم لەسەر خەڵک بدات، دکتۆر نییە، چارەسەری گرفتەکان بکات، ساحیر نییە بەیەک گوتاریان بەرنامە، کێشەکان چارەسەر بکات، ئاوێنە نییە، ڕووداوەکانی تێدا ببینێت، کارو بەرهەمی ڕۆژنامەنووس، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو باسکردن و نیشاندانی ڕووداو و گرفتەکانی کۆمەڵ و حکومەتە.

ڕۆژنامەنووسی پسپۆر، بە نووسینی چەند گوتارێک نابێتە ڕۆژنامەنووس، بە بەڕێوەبردنی دەزگایەک نابێتە ڕۆژنامەنووس، بە ئەندامبوون لە سەندیکایەک نابێتە ڕۆژنامەنووس، بە وەرگرتنی مووچەی ڕێزلێنان نابێتە ڕۆژنامەنووس، بە وەرگرتنی خەڵات لەلایەن دەزگا یان حکومەت نابێتە ڕۆژنامەنووس. بەڵکو بەکارکردنی ڕۆژانە و بەردوام لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەبێتە ڕۆژنامەنووس، بە خۆشەویستی ئەو بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ڕێز بۆ جەماوەر دەبێتە ڕۆژنامەنووس.



## سەرنووسەر فڕی

**رووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2008/7/16 هاوکارمان ئاکۆ محەمەد سەرنووسەری (رووداو) بەمەبەستی ئەنجامدانی هەندێ پشکنینی پزیشکی بەرەو ئەڵمانیا فڕی و ستافی رووداویشی لەنێو گەرمای زەوقکوژی هەولێری بەجێهێشت، دوای تەواوبوونی پشکنینەکان ئاکۆبڕیارە سەر لەکۆمەڵێک وڵاتی ئەورووپاییش بدات. هاوکات چەند ڕۆژێکە هاوکارمان گۆران محەممەد لە وڵاتی هەیفا وەهبی ونانسی عەجرەم و حەسەن نەسروڵلای تێدەسووڕێتەوە.

## ئاروو گەلەک باشە

**رووداو – تەکخال**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ژاپۆنی دەرکەوتووە کە خواردنەوەی ئاوی ئاروو (خەیار) بەردی گورچیلەو سەرئێشەو بێ تاقەتی ناهێڵێت، جگە لەوەی دەبێتە هۆی خاوێنکردنەوەی گەدەی مرۆڤ.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر کاتێک بێ تاقەت بووی، چەند دڵۆپێک لە ئاوی خەیار لەناو کەپووت بکە، ئەوە بێ تاقەتیت نامێنێ و واتلێدەکا باشترو ئاسوودەتر بخەویت، جگە لەوەی دەبێتە هۆی چاکبوونەوەی هەوکردنی گەدەو نەهێشتنی بەردی گورچیلەو سەرئێشە.





## هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ لەیلا فەریقی نییە

**رووداو – دوکان**

لە دیدارێکی راشکاوانەدا لەگەڵ (رووداو) هونەرمەند ناسری رەزازی باسی خراپی رەوشی گوزەرانی خۆی دەکا و رەخنەی توند لە رەوشی ئێستای هونەریی کوردی دەگرێ ودەڵێ "گەندەڵی هونەرمەندانیشی تەنیوەتەوە". رەزازی نایشارێتەوە کەبیری لەگەڕانەوەی ئەورووپا کردۆتەوەو ودەڵێ " ئەگەر بزانم بارودۆخەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە دەگەڕێمەوە" لەبارەی پەیوەندیشی لەگەڵ لەیلا فەریقی گوتی" هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان پێکەوە نییە".

**لاپەڕەی هونەر**


Rûdaw
Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن:** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر:** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**نوێنەری ئەورووپا:** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**نووسینگەی سلێمانی:** شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی
www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279


# زیاتر لە 5000 ملیۆنێری دۆلار لە کوردستان هەن

**رووداو – هەولێر**

سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان نازانێ چەند ملیاردێری دۆلار لە کوردستاندا هەن، بەڵام دەڵێت ئێستا ملیۆنێک دۆلار پارەیەکی زۆر نییەو زیاتر لە پێنج هەزار ملیۆنێری دۆلارمان هەیە و زۆربەی ئەو پرۆژانەش کەئێستا لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێن بە سەرمایە ناوخۆییە.

ئەحمەد رێکانی، سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند"ئێستا بەشی هەرە زۆری پرۆژە ئابووری و بازگانییە گرنگەکانی کوردستان بە سەرمایەی سەرمایەدارانی ناوخۆیی ئەنجام دەدرێت "

لەبارەی ئاست و بڕی ئەو پارەیەی لەدەست سەرمایەداری کورددایە، ئەحمەد ریکانی دەڵێت"نازانم چەند ملیاردێر هەیە، بەڵام ملیۆنێرمان زۆرە و پێنج هەزار ملیۆنێری دۆلار هەیە لەکوردستاندا، ئێستا ملیۆن دۆلار ژمارەیەکی هێندە گەورەنییە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەتوانرێت پشت بەم سەرمایە ببەسترێت کە لەکوردستاندا هەیە ".



## 20 هەزار کوردی موسڵمان بوونەتە مەسیحی

**رووداو – نیوزماتیک**

سەرەتای مانگی ئایاری رابردوو، بەبەشداریی 400 کەس کۆنگرەی پێنجەمی باوەڕدارانی مەسیح لە پارێزگای دهۆک سازکرا، کە ژمارەیەک ئەمریکاییش لە ئەمریکاوە بۆ بەشدارییکردنی کۆنگرەکە هاتبوون.

فزەیل عیسا ئەیوب، لیکۆڵینڤانی کتێبی پیرۆز و ئەندامی کۆنگرەی کڵێسا ئینجیلییەکان،لەبارەیکۆنگرەکەوە بە (نیوزماتیک)یراگەیاند"ئەو کۆنگرەیەی لە دهۆک بەسترا، بەدرێژایی سێ رۆژ لەو رێگایانەی کۆڵیەوە کە بەهۆیانەوە بتوانرێ کتێبی پیرۆز بەشێوەیەکی راست بگەیێندرێتە گەلی کورد". بەپێی قسەی فزەیل کڵێسای ئینجلی لە سەدەی شازدە پەیدابووەو کارکردنی کڵێساکە لە کوردستان کە بە کڵێسای کوردزمان ناسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەت و ئێستا پێنج کڵێسای ئینجیلی لە هەرێمی کوردستان کاری ئاینی خۆیان دەکەن، هەروەها گوتیشی " کڵێسای کوردزمان نزیکەی 20هەزار کەسی هەیە لە هەرێمی کوردستان".

کڵێسای کوردزمان، کە پێشتر کۆنگرەی یەکەمی لەشاری کۆیە و سێ کۆنگرەی دیکەشی لەشاری هەولێر سازکردووە، هەموو سرووتەکانی بەزمانی کوردییەوئاهەنگ ئامێزن .



# پیربالْ لە ئاسایشی بردەوە

**رووداو –هەولێر**

دوای ئەوەی ئاسایشی گشتی کوردستان بەتۆمەتی ناوزڕاندنی ئاسایش داوایەکی یاسایی لەسەر د.فەرهاد پیربال بەرز کردبووەوە، ڕۆژی 2008/7/17لەدانیشتنێکی دادگادا دۆسیەکە بەقازانجی فەرهاد پیربال کۆتایی پێهات.



فەرهاد پیربال لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "دانیشتنی دادگا یەک کاتژمێر و نیوی خایاند و دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەرکەوت کە من بێتاوانم".

د.فەرهاد کە هیچ پارێزەرێکی نەگرتبوو و لەلایەن دادگاوە پارێزەری بۆ گیرابوو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "دەمزانی 100% بێتاوانم"، گوتیشی "کە پارێزەرم نەگرتبوو لەبەر ئەوە بوو، دەمویست خۆم بەرگری لەخۆم بکەم".

هەروەها ناوبراو پێیوابوو مەبەستێک لەپشت شکاتەکەی ئاسایشی گشتی هەبووەو گوتی "تەسەورم دەکرد بەزمێکم پێبکەن، چونکە دەزانم لە بن و بۆتکەوە ئامانج ئەوە بووە سومعەی ئەدەبیم تێکبدەن و لەپێش چاوی میللەتی خۆم رەشم بکەن".

سەبارەت بەتۆمار کردنی سکاڵاش لەسەر ئاسایشی گشتی وەک قەرەبوو کردنەوەیەک، فەرهاد پیربال گوتی "من وەکو ئەوان هەڵناچم و بێویژدان نابم، من لەبەڕێوەرایەتی ئاسایشی گشتی دەبوورم، بۆ ئەوەی هەمان هەڵە بەرامبەر نووسەران دووبارە نەکەنەوە، تەنیا لەبەر ئەو مەبەستە دەیانبوورم".

لەماوەی رابردوودا بەهۆی بڵاو کردنەوەی شیعرێک لە هەفتەنامەی جەماوەر، فەرهاد پیربال لەلایەن ئاسایشی گشتی کوردستانەوە بەتۆمەتی ناوزڕاندنی ئاسایش درایە دادگا.

# بەهەزار تکا حەمە نەگیرا



**رووداو – هەولێر**

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ " بۆ ریش چوو سمێڵیشی خستە بانی"، هاوکارمان محەممەدی حاجی کەریم سەرنووسەری گۆڤاری کۆوار وبەرپرسی نووسینگەی کوردستان تیڤی لە سۆران خەریکبوو وای بەسەر بێ. محەممەد رۆژی 2008/7/17 بەمەبەستی دەرهێنانی پاسپۆرتی G سەرلە بەڕێوەبەرایێتی پاسپۆرتی هەولێر دەدات، بەڵام هەر کە کارمەندەکە ناوی محەمەد لە کۆمپیۆتەرەکەی دەنووسێ دەڵێ ئەوە تۆ لە کوێ بۆ ئێمە پەیدابووی ئێمە لە ئاسمان بۆت دەگەڕاین ولە ئەرز پەیدامان کردی دەبێ هەر ئێستا قۆڵبەستت بکەین، تومەز "محەمەد کەریم سەعید"ێکی دیکە هەیە وئاسایشی زاخۆ هەشت ساڵە بەدوایدا دەگەڕێن، هەرچەندە محەمەد بۆ کارمەندەکەی پاسپۆرتی روونەدەکاتەوە کەتەنها ناوی خۆی وباوک وباپیری لەگەڵ تۆمەتبارەکە لەیەک دەچن کەچی کابرا هەر نایێتە رایێ و دەینێرێتە لای بەڕێوەبەر، ئەویش توندتر قسەی لەگەڵ دەکاو دەڵێ" ئەمن کادیری حزبم وئەگەر بەقانوون لەگەڵت بکەم دەبێ یەکسەر قۆڵبەستت بکەم ولەگەڵ پۆلیسێک بتنێرم بۆ زاخۆ"دواتر بەهەزار تکاو پاڕانەوە سەرنووسەری کۆوار لەکۆڵ ئەو بەڵایە دەبێتەوە.



# مستەفا ئەفریقیش سفری کرد

**رووداو – ئەڵمانیا**

لە تورکیاو ئەورووپا و وڵاتانی دیکە چەندین کەس بەرامبەر تاشین وسفرکردنی پرچی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانیکراوی PKK لەلایەن زیندانەوانەکانی، نارەزاییەتی هەیەو بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئۆجەلان هەندێ کەس پرچی خۆیان سفر دەکەن کە یەکێکیان گەنجێکی ئەفریقاییە بەناوی موستەفا.

موستەفا لەمبارەیەوە گوتی" ئەو چالاکییانەی بۆ شەرمەزارکردنی تاشینی پرچی ئۆجەلان ئەنجامدەدرێن، سەرنجیان راکێشام و کاتێک پرسیارم کرد چیرۆکەکەیان بۆ گێڕامەوە، منیش وەک مرۆڤێک بەدروستی نابینم کەبەبێ ویست وئارەزووی خۆم قژم بتاشن ئازادیم سنووردار بکەن، بۆیە منیش بەتاشینی پرچم وەک مرۆڤێک لەو چالاکییەدا بەشدار بووم".

هەفتەی رابردوو ئۆجەلان بەپارێزەرەکانی گوتبوو کە پاسەوانانی دوورگەی ئیمرالی بەزۆر قژیان تاشیوەوسفریان کردووە، لەبەرپەرەسەندنی نارازیبوونەکان وەزارەتی دادی تورکیا ناچار بوو لێدوانێکی فەرمی لەوبارەیەوەبداو رابگەیەنێت کە تاشینی پرچی ئۆجەلان لە سەر داخوازی خۆی بووە، بەڵام پارێزەرەکانی ئەو لێدوانەی وەزارەتی دادیان رەت کردەوە.



# عەرەبێک یەکەمی کوردستانە

**رووداو – هەولێر**

کچە ئاوارەیەکی عەرەب یەکەمی هەرێمی کوردستانە.

لەباب زاهیر عەبدولجەبار خوێندەڤان لەئامادەیی هەڵوێستی تێکەڵاو لەهەولێر پلەی 99.67 ی لەتاقیکردنەوەکانی قۆناخی ئامادەیی بەدەستهێناو بووە یەکەمی هەرێمی کوردستان. لەباب کەخەڵکی شاری بەغدایەو بەهۆی رەوشی ناسەقامگیری ئەوێ ئاوارەی کوردستان بووە، لە لێدوانێکدا وێڕای سوپاسکردنی خەڵکی کوردستان وبەتایبەتی شاری هەولێر کە باوەشیان بۆ خۆی وبنەماڵەکەی کردووەتەوەو گوتی " ئەم سەرکەوتنەی خۆم پێشکەشی هەموو منداڵەکانی عێراق دەکەم هەر لەبەسرەوە هەتا کوردستان".

# حکومەت کۆندۆم دابەش دەکات

**رووداو – عەرەبییە نێت**



لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا بۆ رێکخستنی خێزان، حکومەتی ئوردن بەنیازی کڕینی یەک ملیۆن و 500 هەزار کۆندۆمەو بڕی 420 هەزار دیناری ئوردنی بۆ سەرخستنی بەرنامەکە تەرخان کردووە، سەرجەمی ئەو کۆندۆمانەش بەخۆڕایی لەڕێی بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانە حکومییەکانەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکات.

وەزارەتی تەندروستیی ئوردن کە بەرنامەیەکی چڕوپڕی بۆ رێکخستنی خێزان و سنووردارکردنی منداڵخستنەوە داناوە، لەوبارەوە رایگەیاند کە هەر لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا دەیان هەزار پارچە حەبی رێگر لە منداڵبوون دابەش دەکرێت و پرۆگرامێکیش بۆ ئەو دابەشکردنە دادەنرێت. وەزارەتی ناوبراو رایگەیاند کە بڕی 420 هەزار دیناری ئوردنی (نزیکەی 600 هەزار دۆلاری ئەمریکی) بۆ بەرنامەکە تەرخان کراوە.

ژمارەی دانیشتووانی ئوردن نزیکەی 5 ملیۆن کەسەو ژمارەیەکی زۆریش لە پەنابەرانی فەلەستینی و عێراقی و کرێکارانی میسری لەو وڵاتەدا دەژین.

وەک سەرژمێرییەکانی ئەو وڵاتە دەریدەخەن، تێکڕای گەشەکردنی دانیشتووان لەئوردن لەئاستی چاوەڕوانییەکان بەرزترەو لەبەرامبەریشدا رێژەی هەژاری لە هەڵکشاندایە. بەگوێرەی دوایین ئاماری وەزارەتی پلاندانان و هاریکاری نێودەوڵەتی کە لەساڵی 2007 کراوە، 880 هەزار هاووڵاتی لەخوار هێڵی هەژاریدان و رێژەی هەژاری لەهەندێ ناوچەدا دەگاتە 80%.

# نەیدەن دەیبڕین

**بیلال سەعید**
**رووداو –کەلار**

بەڕێوەبەری پۆستە وگەیاندنی کەلار، یوسف غەفوور بەرووداوی راگەیاند بڕی 650 ملیون دینار پارەی تەلەفۆنیان لای هاووڵاتیانی شارەکەیە بەڵام نایدەنەوە بەڵام "بڕێکی زۆرکەم پارەمان لای دام ودەزگا حکومییەکانە چونکە قائیمقام بەنووسراو ئاگاداری کردنەوەو ئەوانیش پارەکەیان دا".

دەربارەی ئەوەی رێگا چارە چییە بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە لە هاووڵاتیان گوتی"بەنیازین ناوی ئەو هاووڵاتیانە لەکەناڵەکانی راگەیاندن بڵاو بکەینەوە پیشووتریش بەنووسراو پۆستەوگەیاندنی گەرمیانمان ئاگادارکردوەتەوە".

رێگەیەکی دیکە وەک بەڕێوەبەری پۆستە رایگەیاند " بڕینی هێڵی تەلەفۆنەکانە کە تا ئێستا زیاد لە 250 هێڵمان بڕیوە".


## هەلی کار

کۆمپانیای کارگێڕیی نێودەوڵەتی (International Management Company-IMC) پێویستی بە کەسێک هەیە کە بڕوانامەی لە بواری گوتنەوەی وانەی کۆمپیوتەر هەبێت و پێویستە زمانی کوردی زۆر بە چاکی بزانێت و کێشەی نەبێت تێیدا، هەروەها زمانی ئینگلیزیش بە باشی بزانێت. ئەزموونی رابردوو لە گوتنەوەی بابەتەکانی کۆمپیوتەر گرنگە.

پەیوەندیکردن: مۆبایل (07504487503)
ئیمەیل: ameresmahil@yahoo.com


# ئاسۆش بەخێری

**تایبەت بەرووداو**

سەرچاوەیەک لەکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کەباڵی ریفۆرمی جیابووەوەلە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانە، رایگەیاند کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەمزووانە کەناڵێکی ئاسمانی کوردی دادەمەزرێنێت. تەلەڤزیۆنەکە ناوی ئاسۆ دەبێ و بەمزووانە پەخشی بەرنامەکانی لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد لەسەر فریکوانسی 11200 / V 27500 دەستپێدەکات.